# حاجی

# کرمانجێک لەوپەڕی مەزنیدا

**ئاراس ئیلنجاغی**

چاپی یەکەم

کوردستان – سلێمانی

٢٠١٢


- ناوی کتێب: حاجی .... کرمانجێك لەوپەڕی مەزنیدا
- نووسەر: ئاراس ئیلنجاغی
- تایپ: نووسەر
- نەخشەسازی: ئاکۆ عەبدولمەجید
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: پەیوەند
- وێنەی بەرگ: لوتکەی رازانی گۆڕقەرەج
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٣٣) ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە.

## پێشکەشە بە :

١.گیانی پاکی خوالێخۆشبوو، دارەمازووی کوردان (خالید دلێر)*

٢.گیانی پاکی بیریاری کورد (مەسعود محەمەد)**

٣.ڕەهبەرسەیدبرایم، نووسەرو ڕۆژنامەنوس، بەجیاوازی بیروبۆچونمانەوە ئەرکی لەچاپدانی گرتە ئەستۆ.

٤.فەرەیدوون حەمزەسابیر(ڕۆژنامەنووس)***

٥.هەموئەوخامانەی لەسەرحاجی بەدوای ڕاستیەکان ولایەنە شاراوەکانی گەڕاون .

*(خالیدعەبدولواحید ئەحمەد مەلا سوورە)ناسراو بە(خالید دلێر)، خاوەنی کتێبی (ستەم کردن لە حاجی قادری کۆیی تاوانە)، کە(ڕەهبەری سەید برایم)بە دارەمازوو وەسفی دەکات .

**خاوەن ئەو وتەی کە لەسەرحاجی فەرمویەتی: "داخم ناچێ لەدایك بوون و چەند ساڵی سەرەتای عومری بۆ تەخمین دەمێنێتەوە!".

*** دووەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی(تاك) لە دوای بەندە.





## نووسەر لە چەند دێرێکدا



-ناوی تەواو (ئاراس عومەر فەتحوڵلا کاوێس) ناسراوبە(ئاراس ئیلنجاغی) .

-لەدایکبووی(١٩٧٦)ی گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی سنوری کێڵگەی نەوتی(تەقتەق)ە.

-دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین،کۆلیژی ئاداب، بەشی جوگرافیا(١٩٩٧-١٩٩٨).

-لەساڵی(١٩٩٩)ەوە یەکەم بابەتی ڕۆژنامەنوسیی لەبلاّوکراوەی(هەنگاو)ی کۆمەڵێك لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان ناوچەی تەقتەق بلاوکردۆتەوە.

-دەستەی نووسەرانی مانگنامەی(تەقتەق)بووە، لەساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢).

- لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)کاریکردووە لەساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢).

- دەستەی دامەزرێنەری(ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق) بووە لە ساڵی(٢٠٠٤).

-لە(٢٤-١٢-٢٠٠٤)ەوە تا (٢٠٠٨) سەرنووسەری مانگنامەی(تاك)بووە.

-لە(١-٨-٢٠٠٨)ەوە تا(٢٨-٩-٢٠١١)پەیامنێری(کوردستانی نوێ)بووە.

-لە(٢٠١٠-٢٠١١)پەیامنێری( پیوکەی میدیا )سایتی کوردی بووە .

-ئەندامی بەشداری (سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان)لقی سلێمانی یەلە(٢٠٠٨)ەوە تا ئەمرۆ.

-ئەندامی(بنكەی خێرخوازی دكتۆر رەئوف)ە، لە تەقتەق لەساڵی (٢٠١٠)ەوە.

- لەساڵی(٢٠٠٣ەوە تا ٢٠١١)لەكارگێری(ئامادەیی تەقتەقی تێكەلاو)وەك یاریدەدەرو بەرێوەبەركاریكردووە.

- لێكۆلینەوەیەكی مێژویی و جوگرافی و سیاسی و كۆمەلایەتی لەسەر تەقتەق نووسیوە بەناونیشانی (تەقتەق، پەلكە زێرینەی كەناری زێی بچوك)لە(مایسی ٢٠٠٧).

- لە(ئەنسكلۆپیدیای شاری هەولێر) بە نوسینی بابەتێك لەسەر(ناحیەی تەقتەق)بەشداریكردووە.

- لەڕۆژنامەوبلاوكراوەكانی (هەنگاو، تەقتەق، هاموون، خەرمان، تەقتەقی نویَ، كوردستانی نویَ، ڕێگای كوردستان، رزگاری، سایتی پیوكەی میدیا) بابەتی جۆراوجۆری بڵاوكردۆتەوە .

- ئێستا لە خوێندنگەی (مەشخەڵی بنەرەتی ئێواران )مامۆستای كۆمەلایەتی یە.

## بەرەو دۆزینەوە

(سوفکل )ی زانا دەبێژێت : بگەڕێن تا بدۆزنەوە ، ئەوەی بەدوای دا نەگەڕێن هەروا بە نەدۆزراوەیی دەمێنێتەوە ،لێکۆڵینەوەلەبنج وبنەوانی بابەت وباس، بەتایبەت بابەتی شاعیرێکی مەزنی وەك حەزرەتی حاجی قادری کۆیی ،پێویستی بە وردبونەوەوگەڕان وپشکینن ولێکولینەوەی ورد هەیە ، بەلام گریێ یەك کە دەکرێتەوە قەت مەبیرە ،یان دەرگایەك بە کلیل بکرێتەوە مەیشکێنە ، من بووم لە رۆژنامەی (تاك) بابەتێکم بلاوکردەوەبەناونیشانی(حاجی قادری کۆیی: کۆیی بووە یان گۆڕقەرەج ؟) ئەوباسەم وروژاند ،دیارە بێ وەرام نەبووە بەرپەرچ درامەوە ،بەلام خۆش وئاسایی بووبەلامەوە ، ئەفلاتون دەڵێت: ئەلماس تەنیا لە قولایی دەدۆزرێتەوە ،بۆیەراستی یەکانش لە قولایی هزر و بیردا دەدۆزرێتەوە ، هەرچەند راستی یەکی تاڵ هەزار درۆی شیرین دەهێنێ ،خۆم لە قەرەی ئەو باسەدا وپەشیمان نیم ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە ، سەرتاپای لە شیعرەکانی حەزرەتی قادری کۆیی ناوی گۆڕقەرەجی نەهێناوە ،ئاخربۆدەبێت ناوی کۆیەی هێندە هێنابێ ،تاکو ئێستاش کەسێك هەڵنەکەوتووە بەقەد ناوقەدی حەزرەتی حاجی بە کۆیە سەرسام بووبێت وهێندەی بەلاوە پیرۆزبووە ،حەزرەتی(نالی)لە شیعری قوربانی تۆزێ رێگەتم ناوی گوندەکەی خۆی (خاك و خۆڵ)ی هێناوە ، ئێستاش زۆر قوژبن و کەلێن ماوە لە شیعرەکانی حەزرەتی قادری کۆیی لێی نەکۆڵدراوەتەوە ،مامۆستای رۆژنامەوانی





بووە چونکە بەرلەئەوکەس ناوی رۆژنامەوجەریدەی نەهێناوە!!ماوەوزۆر بوار هەیە پێویستی بەلێ توێژینەوە هەیە.

ئەوچەپکە نوسینەی مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی لە خەرمان بەرەکەتی رۆژنامەی (تاك) کۆی کردۆتەوە، کارێکی چاکی کردووە، بەلام کۆتایی نیە، بەلام سوودی زۆر گرینگ دەگەینێ! حەزرەتی حاجی قادری کۆیی لەوە گەورەترە گوندی یان شاری بووبێت!

من بۆ خۆم هەموو ژیانی پێشمەرگایەتیم لە گوند ودەشت وچیا بەسەر بردووە، گەرمیان وکوێستان گەڕام، بە زۆربەی چیا وهەورازەکانی کوردستان هەڵگەراوم، یەك لەوانەم قەرزاری هەموو گوندەکانی کوردستانم،خۆ هەڵکێشان نەبێت، کەم کەس وەك من سەرسامی گوندوکرمانجەتی یە، شانازی بە خەڵکی کرمانج دەکەم، رەنگە هەبن گەواهی ئەوراستی یەم بۆ بدەن! چ لە حەزرەتی حاجی قادری کۆیی کەم نابێتەوە، کۆیی بووبێت یان گۆڕقەرەجی هەرگرینگ وگەورەیە .

هیوادارین گەشتر وجوانتر بدرەوشێتەوە ،دەست خۆشی لە مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی ئەو مەلۆیەکی کۆکردۆتەوە بۆسەر جۆخینی کوردەواری.

سوپاس وریز

رەهبەر سەید برایم

٢٠١٢/٣/٢٣ - کۆیە

# بەشی یەکەم

# بۆلەسەر(حاجی) ؟!

## بۆ لەسەر(حاجی) ؟!

ڕەنگەئەو پرسیارە ڕووبەڕووم بکرێتەوە و بڵێن بۆلەسەرحاجی نوسیووتەیان چی نوێی حاجی-ت، خستوّتە ڕوو؟ منیش دەڵێم گەڕان بەدوای زێڕلە هەرئان وزەمانێك بێ، بێ بایەخ نی یە، جێگەی خۆی دەگرێت و تێچوونی ڕەنجەکەی بەفیڕۆ ناڕوات، سەردەمانێك شۆڕەسواری کوردی کەلەدەستی ئێمە گریا و نازوحورمەتیمان پێ ڕانەگیراو و بە پێیان ڕۆیشت، بناغەی بۆ سەرکردەی وەك قازی و مەلای خاوەن لەشکری لەکی دانا ودوای مردنی بەدیاری بۆی هێنایەنەوە، ناکرێ و نەبووە خاوەن بیرو ڕۆشەنگەرێك وڕابەرێك کە لەهەناوی ڕۆژگارێکی تفت وتاڵ وناسۆر لەدایك بوبێت، لێ گەرێیی لێرەو لەوێ ناحەقی بەرامبەر بکرێت و بە فیودال و کۆنەپەرست وهەگبە بەتاڵ و بیر چەقبەستوو لە قەڵەم بدرێت یان شتی نەخوازراو بەپێودانگی بەرژەوەندخوازانەی هەندێك کەس و قەڵەم دوای مردنی پیاوی گەورە بخرێتەروو و یان شیوەنی بۆ بکرێت .

کورت وکرمانجی، ستەمە حاجی شوێنی لەدایکبوونەکەی بگۆڕدرێت و تیرە و زێدەکەی لێ بسەنرێتەوە، داگیرکەر، بەهەر بیانوویەك بێ، کە شوێنێ داگیر دەکات دەیەوێت خاشاك و پۆخڵیەکانی توڕوفرێ بدات وگەوهەرەکانیشی بکاتە موڵك ومالّی خۆی، ئەوە جێگەی قبوڵکردن نی یە، بۆ ئەوانەی لە قرقاجینی گۆرقەرەج





دەریان پەڕاند و ئەوانەی لە کۆیە بێ حورمەتیان پێکرد ئەمرۆ شانازی پێکردنەکەیان ئەوەندە تەسك بکەنەوە و بەئۆمەرگومبەتی وکۆیی دابنێن ؟! ئەمە گەڕانەکەی ئێمەیە بۆ حاجی زێڕو دووڕو گەوهەر، خەریك بوو نوسینە بابەتەکانی ئەم دواییانەی کوردستانی عێراق هەموو توێژینەوەکانی ڕابردووی ئەدیب و ڕەخنەگران ولێکۆڵەرەوانانی مێژووی ئەدەبی کوردی سەرەولێژبکەن و حاجی بکەنە لەدایکبووی کۆیە و گوندی ئۆمەرگومبەت و لەرووی تیرەشەوە بیخەنە سەر تیرەی (دەربەندی) بەمەش لە گۆرقەرەجی و زەنگەنەیی دابماڵێنن؟! هەر بۆیەش ئەمەی لەبەر دەستایە دەستکوتانە بەناو جیهانی نەزانراو و شاراوەی سەرەتاکانی ژیانی هەتیوو وقەڵەندەرێکی کوردی ڕسکاو بە ڕابەر وسەرقافلەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد(حاجی)، کەم تا زۆر هیوادارم توانیبێتم خزمەتێك بە مێژووی ئەدەبی کوردی وحاجی زێدگۆرقەرەجی ووراتی کۆیە بکەم وکاری بەندەش بێ ڕەخنە نی یە وریز لە هەموو بیروبۆچون وڕەخنە لە جێیەکانیشتان دەگرم .

**ئاراس ئیلنجاغی**

**تەقتەق**

**١٨ی شوباتی ٢٠١٢**

## گۆرقەرەج ،

## ئەوئەسپە قەرەجەیە کە خاوەنەکەی وون کردووە!*

ئەو ئەسپە قەرەجەی پەلـەکانی لەسـینگایی ئۆمەرگومبـەت وکـانی لەلـە وتاڵەبانی گەورەو وگەرمکی تەقتەقە وکلکی گەیـشتۆتە زوڵفـەقاری ئیلنجـاغی گــەورە وبـــەرزایی گۆرقـــەرەج، ســـەری ڕاگرتویـــەتی بـــەقوراغی! تاوتـــاوە لەبەفرانباردا کڵۆەبەفر ڕیشێکی ماش وبرنجی پێ ئەبەخشێ و هاڵاوە هەناسەی دەم ولوتی شیوەرۆکەکانی شێوە نەسیمێ سەر گوزشتەی ئەو نهێنیە بەتەماشـاکارانی ئـەدرکێنێ و ئـەڵێ" ئێـرە لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەیـەم(١٨٠٠-١٨٥٠ز)زێدوئاگردانی ئەوکەڵە شاعیرەیەکە لە قەرەج ئەحمەدی بەری ئۆسکوداری ئەستانبوڵەوە نێژراوە.

هەربۆیە لەڕوانینی ئەم دیمەنە ناوەناوە، ڕیش و مێزەری(حـاجی)ئاوێتـەی ئـەم بەرزایی یە(٢٢٨٦)پێ یە بەرزە دەبن وخاك وخۆڵە چرگەکانی دەبنە گۆنـای، وەك چۆن حاجی دەڵێت(ئەمن شێخم سەرم شاخە، هەناسەم نەسیمە، دیدەکانی، مێزەرم تەم)گۆرقەرەج، گوندێکی وێرانـەو ئەوکاولـە هەوارەیـە بـەدوری سـێ بـۆ چـوار





کیلۆمەتر کەوتۆتە خۆرئاوای تەقتەق، لـە دامێنـی لاپـاڵی خۆرئـاوای بـەرزایی گۆرقەرەج بووە، کە ئەمرۆ کانی لەلەیی یەکان پێ دەڵێن(چیای کانی لەلە).

زاراوەی گۆرقـەرەج، ووشـەیەکی لێکـدراوی کـوردی یـە، لـەدوو ووشـەی(گۆڕ+قەرەج )پێکهـاتووە، بـەڵام هەنـدێك لـە ئۆمەرگومبەتیـەکان دەڵـێن"لـە بنەڕەتـدا(گۆڕقنجـە)یـە، بەهـەر حـاڵ گۆرقـەرەج دوو مانـا دەبەخـشێ یـا ئـەوەتا(گـۆڕ)واتـای(قـەبرە) بەمـەش دەبێتـە(گـۆڕی قـەرەجان)، یـان گـۆڕ بەواتای(گۆڕایی وتەختانی وڕاستایی وگۆڕەپـان ومەیـدان )دێـت لـەم حاڵەتـەش دەبێتە (گۆڕەپانی قەرەجان)یا ئەوەتا لەناوی کەورەکانی نێو بەرزایی یەکە هاتووە وەك(کەوردیان، کەورجولەکە، کەوری سلێمان ئاغـا، کـەوری کوتکینـە، کـەوری حەمەبەسیا، کەوربارانی، کەورجنجڕ،کەور فەتی، کـەورجن دی، کەورهـەنجیرزەرد، کەورشێخە، کەور تەندورە،کەور عەلە)ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان(قەرەج)لـەم کەورانـە گیرسابنەوە بووبێ بە(کەورە قەرەج)دواترلە ئەنجامی سوان وزیـادکردنی پیـت بـۆ ووشەکە وەك(کەور-گەوڕ-گۆڕ)کە ئەمەش گۆڕقنجە زیاتر دەچێتە ئەقڵەوە.

ســـنوری گۆرقـــەرەج وئاقاری،گونـــدەکانی(تاڵـــەبانی گـــەورەوئیلنجاغی گەورە)لەباکوری سنوری ئاقاریان داوەو(گەرمکی تەقتەق)لە خۆرهەڵات و(کـانی لەلـــە)لەباشـــوری و(ئۆمەرگومبـــەت)لـــەخۆرئاوادا، گـــرنگترین نـــاوی ئاقاروپارچەزەویەکانی ئەوکاولە هەوارە:

بانە بێدەر، قورمینگـە، شـێروەزەن، بانـەڕیخ، سـیخورە، دۆڵی لولـە، عـەلـە، قەلکە، چەخماغین، عەرەب گوشل، زولفەقارە.

ڕەئووف محەمەدکانی لەلـەیی دەڵێـت"لەسـەرووی قـشراغی کاولـە هـەواری گۆرقـەرەج لەسـالی ١٩٨٧ لـە کەپکـە شـاخێکی گـەورە ئـەم دەسـتەواژەیە

هەڵكەنرابوو(بەردە قوڕتە گۆڕقەرەج)تاكو ئەمڕۆ دانیشتوانە ڕەسەنەكەی ئەم گوندە ساغ نەبۆتەوە لەچ تیرەیەك بوون ، ئایا دەربەندین یا داوودەن یان زەنگەنە ، هەندێكیان دەڵێن"ئێمە گۆڕقەرەجین وبەس!؟لەبەناوبانگترین ئەوكەسانەی لەم ئاواییە لە دایكبوون (حاجی) یە ، كەلەسەرئاستی كوردستانی گەورە ناوی دەركردووە ، هەروەها ئەوانەی ڕەچەڵەكیان بۆ ئەم گوندە دەگەڕێتەوە لەوانە(مەلا میرزاعەزیزحەسەن جگیلەیی) و(مەلا عەبدوللای گۆمەگڕوو)لە هەڵكەوتووانی بەرەبابە پەڕاگەندەكانی گۆڕقەرەجن .

بەوە دەچێت دایكی حاجی(فاتێ)كە حاجی لەسكبووە، تێلەكێشی مەڵۆی نێو پەرێزێكی(بانە بێدەر یان قوڕمینگە)بوو بێ!؟

گۆڕقەرەج، لە كۆتایی نیوەی یەكەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم(١٨٤٠-١٨٥٠)بە گوتەی قسەی زۆربەی خەڵكی ناوچەكە بە هۆی كێشە وناخۆشی لەگەڵ گوندی ئۆمەرگومبەت چۆڵ كراوە، دانیشتوانەكەی پەڕاگەندە بوون بەم شێوەیە :

١- بەرەبابی(عەوللاشاوە)بۆگوندی جگیلەی شێخ بزێنی .

٢- بەرەبابی(حەمە عەلی هەی دایە)كە خزمانی نزیكی(حاجی)بوون، بۆ گوندی گەرمكی تەقتەق .

٣- بەرەبابی(مەلا عەوللای گۆمەگڕو)بۆ گوندی گۆمەگڕوی ناوچەی دزەییاتی .

٤- بەرەبابی(ئاورەحمان حیمە)بۆگوندی ئیلنجاغی حاجی لارەی شوان.

٥- بەرەبابی(هەمزە قوڕاوی)بۆگوندی قەرەناوی شوان .





٦- بەرەبابی(وەستا جەبار)یش بۆ گوندی باغەجنێری تەقتەق .

٧- ئەوانەی بەخزمایەتی و ژن وژنخوازی چوونە گوندی ئۆمەرگومبەت وەك بەرەبابی(عەوللای مام حاجی محەمەدی هەمە ).

تێكرایی زەوی و زارەكانیان خراونەتە سەرگوندەكانی (ئۆمەرگومبەت) كەپشكی شێری بەركەوتووە، (تاڵەبانی گەورەو ئیلنجاغی گەورەوكانی لەلە وگەرمك، بەڵام بۆ مێژوو پێویستە بووترێت"گۆڕقەرەجییەكانی كە پەڕاگەندەی گەرمك بوون تا ئەمڕۆش زەوییەكانیان بەناو دێنن ولە دەستی دانیشتوانە ڕەسەنەكەی گۆڕقەرەجیەكان دان"مام حاجی سەعیدی حاجی محەمەدی گەرمكی دەیووت"هەرئەمەش وایكردووە(سمایل ئەحمەدشێخە)كەگۆج بووە، هەتا مرد، دەیووت"هەر بەهیوای ئەوە بووم كە كورە كوری گۆڕقەرەج بچینەوە سەر ئاقاروگوندی خۆمان"لێرەدا دەمەوێت بلێم شوهرەی كاولە دێ یەك دەبێت چی بێت!؟دوای زیاترلە ١٥٠ساڵ وێرانەیی ودەربەدەری دانیشتوانەكەی ناوی هەرمابێت!؟خۆشاری كۆیەی ئەمڕۆ بێ(حاجی)یش لەبەرناودارانی(نمونەی حەماغا)ناوی هەردەبووا! هەربۆیە دەڵێم حاجی قادری كۆیی گۆڕقەرەجی یە، بەڵام لەدووره وولاتی وبێكەسیدا نازناوی(كۆیی)بۆدانراوە لەبری كوێرەدێ یەك بۆئەمەش دەڵێم:

یەكەم: پەرتوكی مێژوی ئەدەبی كوردی مامۆستا عەلائەدین سوجادی سالی ١٩٥٢لە لاپەرە ٣١٠ونامیلكەی مەلا عەبدولرەحمان(حاجی قادری كۆیی)ی مامۆستا مەسعود محەمەدسالی ١٩٧٤لاپەرە ٣٢٩، شیعروئەدەبیاتی كوردی مامۆستا ڕەفیق حیلمی سالی ١٩٤١لاپەرە ٩٩ و دەستنوسی كوردی دكتۆر كەمال فوئاد لەپێشەكیەكەیدا هەموو ئەمانە حاجی بە گۆڕقەرەجی دائەنێن .

دووەم:حاجی وەك هەموو شاعیرە کلاسیکیەکان لەکۆتایی هۆنراوەکانی ناوی خۆی بردووە بە(حاجی)، لە هیچ کام لەشیعرەکانی بەنازناوبە(کۆیی)ناوی خۆی نەبردووە؟!هەرچەندە نازناو ناتوانێت شوێنی لەدایکبوون بسڕێتەوە وەك(حافزی شیرازی و زێدسەقزی، نالی بەبە وزێد خاك وخۆلی، حاجی قادری کۆیی وزێد گۆرقەرەجی).

سێیەم :کەسایەتیە ناسراوەکانی وەك (مەلای گەورە وحەمائاغا و تایەرتۆفیق و دڵدارشاعیری شۆرشگێری کورد وخالە سێوە و ئەختەروبرژاو و......تاد)هەموویان نەوەکانیان لەشاری ئەدیبان و هونەر(کۆیە)ماوون، تەنها نەوەی(حاجی)نەبێت کە لەگەرمکی تەقتەق-ن.

چوارەم :حاجی لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی هێندە بەهێز بووەکە ڕابەری شیعری نەتەوەییە لە کرمانجی خواروو، نەك تەنها (کۆیی)بەڵکو(هەمەوەند وشێخ بزێنی وهەموو گەلی کوردی بەخزمی خۆی زانیووە) وەك لە دەقەکانی(خزمی خۆمن، خزمی خۆمان، ئەی گەلی خزمان، میللەتی خۆمان) بەلاّم لە سەر ئاستی خود حاجی دەلێت"حاجی بێ خزم وکەسە "خالید دلێریش بەحاجی دەلێت" لەسەردەمی عەشیرەت وتایفەگەریدا، نەك تەنها بێ باوك ودایك وبراو خوشك و ئامۆزاو خالۆزا و بێ کەس و بێ دەرەتانیش بووە" هەربۆیە حاجی دەلێت :

من کەسێکم زەمانەیی ناکەس

دایبڕیوم لە قەوم وکەس

پێنجەم : هەر لەبەر حاجی یە لەشارۆچکەی تەقتەق حکومەتی هەرێم گەرەکێك وقوتابخانەیەك ومزگەوتێکی بەناوی گۆرقەرەج ناوناوە .





شەشەم : جەنابی شێخ کاکەسور تاڵەبانی دەربارەی دێرە شیعرێکی حاجی دەڵێ حاجی قادر لە خێلی زەنگەنەیە دایکی لەخێلی دەربەندی یە لە قسەکردندا دەلێن(باوکم —دایکم)بۆیە ئەو دێرە شیعرە دەخوێنێتەوە:

باوکم ئەحمەدبوو، ناوی فکرم دێ

خەڵکی لادێ بووین ، دایکم فاتێ

ناوبراو ئەم خوێندنەوەی پێ ڕاسترە لەوەی :

باوکم ئەحمەد بوو ، ناوی فکرم دێ

خەڵکی لادێ بوو، داکی من فاتێ

---

* لەژمارە (١٣)ی ساڵی دووەمی کانونی دووەمی ٢٠٠٦ ی ڕۆژنامەی تاك بلاّوکراوەتەوە.

سەرچاوەکان :

١-دیوانی حاجی قادری کۆیی ، سەردارحەمید و کەریم شارەزا ، بەغداد ، ساڵی ١٩٨٦.

٢-ستەم کردن لەحاجی قادری کۆیی تاوانە، خالید دلێر،سلیمانی، سالی ١٩٩٨.

٣-مێژووی کۆیە، تاهیرئەحمەد حەوێزی، سالی ١٩٨٤.

٤-ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، بابەت ئاورێ لە کاولە گۆرقەرەج ، نوسینی ئاراس ئیلنجاغی، ژمارە(٥١٣)،٢٩-تەموزی -٢٠٠٢

٥-چاوپێکەوتنێکی خوالێخۆشبوو(حاجی سەعیدی حاجی محەمەدی گەرمکی) لە ٢٠/١١/٢٠٠٠.

٦-ڕۆژنامەی هاموون، ژمارە (٣٠) ی مارتی ٢٠٠١.

٧-چاوپێکەوتنێك لەگەل (رەئوف موحەمەد کانی لەلەیی ) لە ١٨-١-٢٠٠٦.

## حاجی گۆرقەرەجی – یە ، بەڵام دەربەندی نییە (١)

ستەمکردن لەحاجی قادری کۆیی تاوانە، ناوی پەرتوکێکی خالید دلێرە، کە لە لاپەڕە(١١)یدا ئەمە هاتووە"ئەو پیاوەی لەسەخترین شێوەکانی ژیاندا ژیاوە، لەسەردەمی عەشیرەتی وتایفەگەریدا، نەك تەنیا بێ عەشیرەت وتایفە بووە؟بگرە بێ باوك ودایك و خوشك وبراوئامۆزاوخالۆزاو بێ کەس وبێدەرەتانیش بووە" ناکرێ ئەمە والێکبدەینەوە کەحاجی سەر بەهیچ تیرەو تایفەیەك نەبووە ولەگۆڕی قەرەجانی تەقتەق لەدایکبووە ولە بەری ئوسکوداری ئەستانبوڵ لەگۆرستانی قەرەجان(قەرەج ئەحمەد ) بەخاك سپێردراوە، دەکرێ بلێین مەبەستمان ئەوەیە کە حاجی قادری کۆیی لەڕۆژگارێکدا ناگوزوروشکستەحاڵ بووە کەس بەخزمی غەزوری سەپانی شێخی وەرینەگرتووە،کەچی ئەمڕۆ زۆرێك دەیانەوێ حاجی بگەرێننەوە سەرتیرەیەك بەبیانووی ئەوەی دایکی لەوانە، چونکە پیاوی گەورەو هەڵکەوتووکە دەمرێت تەڵقینی بەناوی دایکییەتی؟! زۆرمان کەسەرە قەڵەم لەسەر بابەتێك دەنوسین دوای چەند ڕۆژێك پەشیمان دەبینەوە، بەتایبەت بابەتێکی وەك ژیان وبەرهەمەکانی حاجی، چۆن مامۆستا(مەسعود محەمەد )دەڵێ"لەهیچ گۆمێکدا بۆ تەختی بنی قوڵ نەبۆتەوە، لەتەنکاوی سەرووی تێپەرینەکردووە(حاجی قادری کۆیی ل ٤٩)"تا ئەمرۆش ئەو وێنانەی لە





ڕۆژنامەوگۆڤارەکاندا بلاۆدەبنەوە پیاوێکی لەوچوی حاجی[٢] یە نەوەك حاجی؟! وەك پەیکەرەکەی فلکەی حاجی لەشاری کۆیە[*] دیارەئەمەش حاجی خۆی نی یە، پیاوێکی گوندی ئۆمەرگومبەتی بەڕەچەڵەك گۆرقەرەجی لەو چووە، جوانتر بچینە نێوباسەکە، هەریەك لە هونەرمەند(زاهیر عەبدوللاٚ)و ڕۆژنامەنوس وپێشمەرگەی دێرین(ڕەهبەر سەید برایم )یەکەمیان لەڕۆژنامەی(بەدرخان)ودووەمیان لەڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، حاجی قادریان خستوۆتە سەر تیرەی دەربەندی ،ئەگەرچی ڕەهبەر سەید برایم لەزنجیرە نوسینی(سایەی هەیبەسوڵتان) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەبابەتی(تەقتەق، بوکی خێروخۆشی دەم زێ)دەڵێ"گەورەترین گوندی ئۆمەرگومبەتە،کەزێدی شەهیدی نەمرکاك(عەبدولرەزاق محەمەد )ە، لەبەرەبابی حاجی قادری کۆیی یە"دەبوایە بلێ خاڵوانی حاجی یە،چونکە دایکی حاجی قادر کێشەی لەسەر نی یەکە ئۆمەرگومبەتی یە، هیچ کاتێکیش خاڵ ناچێتەوە سەر نەسەبی خوارزا، تابڵێ ی شەهید عەبدولرەزاق لەبەرەبابی حاجی یە، وە ئەگەرنا نووسەر کەوتۆتە ناوهەڵەیەکەوە؟! وەلەپەرتووکی(حاجی قادری کۆیی)مامۆستا (مەسعود محەمەد ) هەرچەندە پشتی بەدەست نوسێك بەستووە کە خەڵکی گۆرقەرەج بووە، بەهەمان شێوە ئاماژە بەدەربەندێتی حاجی دەدات، بەلاٚم لەکاتێکدا ئەوان لەناوچەی زەنگەنە بەدوژمنداری هاتوون زۆر ئاسایی یە نازناو وتیرەی خۆیان بگۆرن؟! زۆر گومانم لە دەربەندێتی حاجی هەبوو، چونکە سنوروهاوسێیەتیمان لەگەل دەربەندی وهەمیش گۆرقەرەج- یەکان هەبووە وهەیە، هیچ کاتێك سیفەتێك لەڕووی فسیۆلۆجی و کۆمەلاٚیەتی وزمانەوە هەمان شێوەی دەربەندی- یەکان لە گۆرقەرەج-یەکان بەدی ناکرێت، بۆیە لە بەرواری ١٩-١١-٢٠٠٠سەردانی

کەسایەتیەکی ئاینی و بەتەمەنی وەك (مەلا سدیقی مەلا سالح(١٣٢١کۆچی - ١٢-٤-٢٠٠٣)ی گەرمك-م کرد، پرسیارم لەبنەچەی گۆرقەرەج-یەکان کردولە وەڵامدا وتی"لە خوار کەرکوك سەرەتا بەشەڕهاتوون وهەڵهاتوون بەرەو گۆرقەرەج وخانوویان دروستکردووە، تەنها حاجی قادریان لێهەڵکەوتووە"خۆئەگەرلەم وەڵامەدا زەنگەنەیش نەبن، دەردەکەوێت لەشاری کەرکوك دا دەربەندی لێ نەبووە، چونکە دەربەندی-یەکان کۆکن لەسەرئەوەی کەلە(دەربەندی شاهۆ)ی کوردستانی ئێرانەوە هاتوون، هەروەها لە بەرواری ٢٠-١١-٢٠٠٠(حاجی سەعیدی محەمەدی گەرمکی تەقتەق کە لە تیرەی دەربەندی-یە بۆوەڵامی هەمان پرسیار لەسەر بنەچەی گۆرقەرەج-ییەکان ووتی"لەناوچەی داودەو زەنگەنەوە هاتوون"هەروەها مەلا میرزا عەزیزیش کە (جگیلە)یەکی بە بنەچە گۆرقەرەجی-یە دەیووت "لێمیان پرسیووە خەڵکی کوێ-یت ؟ ووتومە شێخ بزێنی، ووتویانە بەشێخ بزێنی ناچیت؟ منیش ووتومە"بەرەچەڵەك حاجی قادرم لە خوارزا مەلا قادرم"باشە ئەگەر مەلا میرزای جگیلە دەربەندی بوایە چ پێویستی دەکرد بڵێ بەرەچەڵەك حاجی قادرم چونکە لەتیرەگەریدا دەربەندی-یەکان لەو ناوچەیەدا (جومعە دەربەندی)باپیرە گەورەیانە، نەوەك حاجی، جگە لەمەش مەلا میرزا مەبەستی لە(مەلا قادر)مەلا قادری ڕەش-ە وپێی وابووە خاڵوانیەتی و دەربەندی-یە، بەڵام لەویش هەڵەی کردووە چونکە مەلا قادری ڕەش لە تیرەی(پالانی)یە، عەبدولرەحمان زەنگەنەش لە پەرتوکێکیداباس لەهەندێك عەشایەری کورد دەکات حاجی دەگەرێنێتەوە سەر تیرەی(زەنگەنە)ئەمەش لەگەڵ قسەکانی (مەلاسدیق مەلا سالح وحاجی سەعیدەی محەمەدی گەرمکی تەقتەق)یەك دەگرێتەوە،ئەگەر عەبدولرەحمان خودی خۆی زەنگەنەیی —یە، لەوانەیە لە بایەخی بەڵگەکە کەم





بکاتەوە، بەڵام (شێخ کاکەسور تاڵەبانی) لەڕۆژنامەی(هامون)ژمارە(٣٠)ی مارتی ٢٠٠١دا دەڵێ" حاجی قادرلەخێڵی زەنگەنەیە، دایکی لەخێڵی دەربەندی-یە"دواجار دەڵێم هەمووومان کۆکین لەسەر گۆرقەرەجێتی حاجی بەڵام گومان گەلێکی زۆرمان هەیە لەسەر دەربەندێتی حاجی، چونکە هەموو گۆرقەرەجی-یە دەربەدەرەکانی گۆرقەرەج لە گوندەکانی(گەرمکی تەقتەق وتەقتەق وئومەرگومبەت وجگلیەی شوان وقەرەناو وئیلنجاغی شوان وگۆمەگڕووی دزەیی-یاتی زمان وپێکهاتەوداب ونەریتیان جیاوازە لەدەربەندییەکان وبگرە زۆربەیان نکۆڵی لە دەربەندێتی خۆیان و حاجی-یش دەکەن، خۆ ئەگەر حاجی زەنگەنەش نەبێت بەهیچ شێوەیەکیش دەربەندی نی یە، ئەگەر چی خاڵوانی لە ئۆمەرگومبەتیەکانەوکوردیش جوان دەڵێ"مام برازا بزر کرد، خاڵ خوارزا مەزن کرد"کوردوعەرەبیش دەڵێن "سێ بەشی منال دەداتەوە دوای خاڵوانی"بەڵام هەرگیز نەبیستراوە ونەزانراوە قەت خوارزا ببێت بەبرازا.

---

١- لە ژمارە (٣)ی سالی یەکەمی،ئاداری ٢٠٠٥ی مانگنامەی (تاك) بلاۆکراوەتەوە .

٢- پەیکەری حاجی وەك لالە عەبدولاَی حاجی موحەمەدی هەمەی گۆرقەرەجی دەفەرموێت : لەسەرشێوەی باوکم حاجی موحەمەدی گۆرقەرەجی کەخزمی حاجی بووە، وێنەی کراوە، ئەم بابەتەم لە ئاوێزەی کوردستانی نوێ بەناونیشانی کورەکەی حاجی قادری کۆیی لە تەقتەق دەژی بلاَکردەوە.

* پەیکەرەکەیان گواستۆتەوە بەردەم کتێبخانەی گشتی کۆیە، حاجی تەنها لەژیان دووچاری دەربەدەری و ماڵ لەسەرپشت نەبووە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٧٣ەوە تا ئەمرۆ پەیکەرەکەشی ٣جار گواستراوەتەوە

## نازناوی حاجی

شاعیران، وەبەتایبەتی شاعیرانی شیعری كلاسیكیی كوردی خۆیـان نازناویـان بۆ خۆیـان دانـاوە ولـەدوا دێـرو نیـوەدێری دووەمـی كۆتـایی شـیعرەكانیاندائەو نازناوەیـان چـەندین جارخـستۆتەڕوو، وە ئەونازناوانەشـیان داوەتـە پـاڵ خۆیـان كەگوزراشت لەكڵۆڵی و بەشمەینەتی وبێ دەرەتانی وخۆبەكەمزانی بووە، وەك(نـالی ومەحوی وبێخودوئەسیری و..... تاد ، تائەم دواییانەش ئـەم نازنـاوە گوزارشـت لـە بێخودیانە بەردەوام بوون وەك بێكەس ودڵداروپەشێوغەمباروسوتاو وبرژاو وبێلاف وبێ لان وناشادوڕەشپۆش وشێواو وژاكاو وخامۆش وهەژارو .....تاد.

ئەوەی دەمەوێت لێرە بیخەمەروو نازناوی شـاعیری شۆڕشـگێرو نەتـەوەخوازی كورد (حاجی)یە ، ئایاهەردوو نازناوەكـەی(حـاجی) و(كـۆیی)لەكوێوەوچـۆن بـۆی پەیداكراوەوخراوەتە پێشو دوای ناوەكەیەوە؟! هەڵبەت(حاجی)لەمەشدا هەرزوڵمی كەلتورو ڕۆژگاری بەسەرەوەیە تا خۆشی نازناوێكی نەداوەتە پاڵ ناوەكـەی چـونكە هەردوو نازناوەكە(حاجی )و(كۆیی)وەك كەس وكارو خزمانی كۆیـە خـستومانەتە دوای چۆن؟

حاجی لەگوندی گۆڕقەرەج لـە چـارەكی یەكـەمی سـەدەی نۆزدەیـەم هاتۆتـە ژیانەوە، لە خانەوادەیەكی گوندنشینی هەژاری كاریگەر بە سۆزو بیری ئیسلامەتی





و خزمایەتی لەئامێزگیراوە، ئەوان باوانی حاجی نازناوی حاجی-یان پێ بەخشیووە ئەویش لەبەر دوو هۆكار:

یەكەم : ئەگەرلەمانگی زولحەجەومانگی(حەجاج)ان، لەدایكبووبێت، چـونكە خۆی لە دێرە شیعرێك دڵنیامان دەكاتەوە كە نەچووە بۆ حەج وەك دەفەرموێ:

مەنزیلی مەئمەن نەماوە، ئێستكە ئەیامەكە
راحەتی مومكین نی یە، نەچیە مەدینە یا مەكە

وە هەروەها دڵنیاشمـان دەكاتـەوە كـە لـەمانگی زولحەجـە لەدایكنـەبووە وەك دەفەرموێت:

بە ئەمری رب العالمین دەر فرمان          ویلادەتمە لەحەڤدەی شەهری شەعبان

دووەم : ئەوناوچەوئاقارەگوندنـشینانەی كـە(حـاجی)وخانەوادەكـەی سـنوریان لەگەڵ-یان بووە، وەك گوندەكانی (ئۆمەرگومبـەت و گـەرمكی تەقتـەق وكـانی لەلەو تاڵەبانی گەورە وئیلنجاغی گەورە وخەریكە بلێم گونـدی بیـان(ئاقـارێكی ئەمرۆی ئیلنجاغی گەورەیە وبەوە دەچێت لەوسەردەمدا گوند بوو بێت وبنەماڵەی پالانی یەكانی لێ نیشتە جێ بـووبێ) تێكرایـان وە بەتایبـەت (گـەرمك وكـانی لەلەوئۆمەرگومبەت كە ئەمەی دواییان خاڵوانی حاجی بوون، نازناوی(حاجی)یان داوەتە پاڵ ناوی مناڵەكانیان لە هەندێك حاڵەتدا)وەك: ئەگەر پیاوێـك برایـەكی مردایەوبەكۆچكردنێكی جوانەمەرگی وپێش وەختانە بووایە، ئەوا هەركە كوڕێـك خوا پێ ببەخشیبان دوای ئەو كۆچە ناوەختـەی براكـەیان، ڕاستەوخۆیەكسەرلە خۆشەویستی براكۆچكردووەكە ناوەكەی براكەیان لە نـەوە نـوێ یەكـە دەنـا، وەك دەربرینی خۆشەویستی ولەبیرنەكردن ویان جێگەگرەوەی، وەدڵیشیان ناهات بەناوی

براکەیان بانگی بکەن، بۆیە دەیان ووت(حاجی )یان(کاکۆ)وبەکاکۆحاجی بانگیان دەکرد، ئێستاش ئەم نازناوانە لە سنورەکە بەردەوام ماون ، کەواتە ئەو نازناوە دایك و کەس وکاری پێیان بەخشیووە .

سەبارەت بەنازناوی(کۆیی)یش، ئەم نازناوەی نەبووە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چونکە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە (٣)ی خۆیدا بەناوی(حاجی عەبدولقادر) بلاْویکردۆتەوە، بەلاْم لە بەرگەورەیی ومەزنی حاجی وزێدەکەی کە گوندێکی ئەوکات و ئێستای وێرانەی سنوری ناحیەی تەقتەقی سەربە کارگێری قەزای کۆیە یە، ئێمەی خزمانی کۆیە ئەو زاراوە ونازناوەی دوای (حاجی قادر"کۆیی")مان بۆ زیادکردوو بەمەش ناوی حاجی قادر بەم شێوەی ئەمرۆ(حاجی قادری کۆیی)لە دونیای ئەدەبی کوردی کەپکە شاخێکی گەورەیە و تاکورد زمانیْ مابیْ و نەیروخێنیْ دانەری تۆپی زەمان، بەیرەقە هەلْکراوەکەی مابەینی کەکۆن و هەیبەت سولْتانی کوردانە، کۆتەلْەکەشی پیرو چاك و ڕەمزی نەجات و دەسکەوتی خەباتە، هێمای لەگۆڕنانی دووبەرەکییە .

## حاجی زەنگەنەییە

سەبارەت بەتیرەو تایفەی حاجی قادری کۆیی، حاجی لەتیرەی زەنگەنەیە وچەندین سەرچاوە وچاوپێکەوتنی لێرەولەویْ ئەو ڕاستیەییەیان سەلْماندووە، جگەلەوەی چەندین سەرچاوەش حاجی-یان کردووە بەدەربەندی لەبەر ئەوەی دوای نەمانی گۆڕقەرەج، تەنها ئەوان لەوبارەیەوە لێدوانیان لیْ وەرگیراوە، بەمەش ئەوان بەلای خۆیانیان داداوە، چونکە ئەوانەی لە گوندەکانی تر پەڕاگەندەبوون، هیچیان خۆیان بەدەربەندی دانانێن و حاجیش بەکوڕو باب وباپیری خۆیان دادەنێن





وەك گۆڕقەرەجیەکانی گەرمکی تەقتەق وجگیلەوئیلنجاغ وقەرەناوی شوان و باغەجنێری تەقتەق، هەتا گۆڕقەرەجیەکانی ناوئۆمەرگومبەتیش خۆیان بەدەربەندی دانانێن و بگرە ئۆمەرگومبەتیەکانیش لەدەربەندی جیایان دەکەنەوە وپێیان دەلێن (گۆڕقەرەجی)، هەندێك لە گۆڕقەرەجیەکان دەلێن ئێمە(گۆڕقەرەجین)وبەس، هەندێکیشیان خۆیان بە(زەنگەنە)دائەنێن وتیرەی زەنگەنەش بەئاشکرا بەیەکێك لە زانائاینی و کەلْە شاعیری تیرەکەی خۆیانی دائەنێن، وەك عومەر عەلی ڕەزا زەنگەنە نووسەری کتێبی(میرنشینەکانی زەنگەنە و کارگێرییەکانیان)لەوکتێبەیدا نوسیویەتی ودەلێت: لە پارێزگای هەولێروقەزای کۆیە ١٥٠٠خێزانی زەنگەنەیی هەنەو لەکەسایەتیە دیاروناودارەکانیان(عەبدولوەهاب موحەمەدئەمین ودکتۆرناسح غەفوروشاعیری ناودار حاجی قادری کۆیی-ن)هەروەهافریادزەنگەنە، لەمالْپەری پیوکەی میدیا لە ٢٩-١١-٢٠١٠لەباسکردنی(سەیدبابەکربەگی گەورە)ی یەکێك لەمیرەکانی خێلْی زەنگەنە بە پشت بەستن بەدەستنوسەکەی(مەلا عەلی زالْواوی) نوسیویەتی:"لە کور و نەوەکانی دوای خۆی چەندین زانای ئاینی وشاعیرپەیدابوون کەخزمەتی کۆمەلْگایان کردووە لەوانە نمونەیان(شێخ ئیمام زالْواوی وشاعیری گەورەو زانای ئاینی بەناوبانگ حاجی قادری کۆیی و زانای ئاینی مەلا حوسێنی میسری ومەلا عومەری عەلی بچکۆل ئاغا ومەلا عەلی قەیتۆلی ومەلاعەلی فەتحوللاومەلاعەبدوللای خزری ومەلاموحەمەدی ئوم وحاجی مەلا قادری بنەکەیی وخەلیفە عارفی کوری عەبدولرەحمان ئاغا ئەمانەی بە(خیرخلف لخیرسلف)لێکداوەتەوە، هەروەها زەنگەنەییەکانیش دەلێن: حاجی قادری کۆیی کوری مەلا ئەحمەدی مەلاسالحی مەلا ئەحمەدی گەورەی زەنگەنە ووتویەتی:

شاعیری زەنگەنە نیە حەددی
وەکوو شوجعانی ناکرێ عەددی
چونکە مەجموعی طەبعی مەوزونە سینەیان پان میسلی ئاینە روونە
انتخاب ناکرێ لەبەرچاکی وەك لەشەردا سواری و چالاکی

هەروەها لە کتێبی (الاپار الکامله للمؤرخ الکردی محمد امین زکی، مشاهیر الکرد و الکردستان)ی رەفیق صالح، بەشی دووەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٥ لە لاپەڕە **٣٣٩**دا هاتووە:

حاجی لە عەشیرەتی زەنگەنەی دانیشتوانی خوارووی شاری کەرکوکە و لە گوندی گۆڕ قەرەج هاتۆتە ژیانەوە و لە کۆیە پەروەردە بووە.





## حاجی لە هیچ شیعرێکدا ناوی گوندی ئۆمەرگومبەتی نەهێناوە

هیچ کامێك لەلێکۆڵەرەوانان وئەوانەی کاری ڕەخنەوشیکردنەوەی شیعرەکەن دڵی شاعیریان وەچەنگ ناکەوێ تاسەدلەسەد شیکردنەوەوتەتەڵەی دروست ولەجێگەی خۆی بۆبکەن، چونکەزۆربەی جار ئینتمای خودی ولێکدانەوەی نزیك لەبیروبۆچونی خۆت ، بۆشیعرێك لێك دەدەیتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تۆ بۆمەرامێك ئەوکارە دەکەیت وڕاستی ودروستی وراڤەی ئەدەبیانە لەدەق و دێرە هۆنراوەکاندا دەکوژیت، مەبەست لەم پێشەکیە ئەوەیە هەندێك لەوانەی دەیانەوێت حاجی بگەڕێننەوە بۆ گوندی ئۆمەرگومبەت پشت بە تەنها دێرێك شیعری حاجی دەبەستن ولە هۆنراوەی(مەماتم حەیاتە)ی حاجی دەریدەهێنن، دەڵێن ووشەی (عومرگونبەتی)واتە(حاجی)لەگەل خودی خۆیەتی، کە خەڵکی گوندی ئۆمەرگومبەتە ووەکو نازناوی(قادرئۆمەرگومبەتی) بەکاری هێناوەوبەلاّم تەکەڵتووی دووەم بە(قادرتەکەڵتوویی)لێك نادەنەوە وبەڵکو بەبەشێکی زینی دادەنێن یان بەلوتکەیەکی بەرزایی گۆرقەرەجی لێکدەدەنەوە، لە خوێندنەوەولێکدانەوەی ئەم هۆنراوەیە بەهیچ کلۆجێ ناوی گوندی ئۆمەرگومبەت و تەکەڵتوو نەهاتووە چونکە حاجی لە هۆنراوەکە دەفەرموێ:

مەماتم حەیاتە، حەیاتم مەمات
کەلێم توند دەبێ ئەو، دەمی ئیلتیفات

هاناوپەنا بردنە بۆ مەرگ تایارمەتی بدات، چونکە مردن ڕزگاری دەکات لەو ژیانەی کە کەکوشتویەتی، واتە ژیان بکوژە یان روونتربلێین ژیانی حاجی پڕیەتی لەو هەموو چەرمەسەریانەی کەحاجیان کوت وبەند کردووە، لەلایەنی ماددی ورۆحیەوە وەك: (پیری و قەسروگونبەت تەپینی عومروشکانی تەکەڵتوی زینی ولەدەست چوونی دونیا وقیامەت ولەغوربەت جیهانی بووە بەزیندان وزەمانی جوانی وگەنجی بووە بەبیرەوەری کوشندە وبێ حورمەتی وبێ رێزی ودواکەوتوویی کۆمەلاَیەتی وهەلاَتن لەدەست عێل وخزم وکەس وکارو هەژاری وشەوی بێ شەمع ومیسباحی وبێ حەواسی وهەمرازبوونی پشمین وکۆکە .....تاد) ،ئەمانەوەك تەونی جالجالۆکە دەوری ژیانی حاجیان داوە وژیان لەلای بووە بە داوێکی بەپەلە پەلْ پێچ دراو(ئیلتیفات)ی ئالۆزی پڕ لەگرێ کوێرەوئەوەندە سەری هەیە مرۆڤی لێ دەرباز نابێت، پێی وایە ئەگەر رزگارکەرێك لەو ژیانەی هەبێت تەنها مەرگە چونکە هەر هیچ نەبێت لە نەبوندا جۆرێك لە سەربەستی هەیە .

هەر لەو شیعرەدا وەك بەلگە هێنانەوەی(مەماتم حەیاتە، حەیاتم مەمات)دەلێ:

عومر گونبەتی لەززەتی داتەپی
تەکەڵتووی شکا زینی ئەسپی حەیات

واتە بە هیچ شێوەیەك بەمانای دوورونزیك ناوی هەردوو گوندی(ئۆمەرگونبەت وتەکەڵتووی )نەهێناوە، چونکەلە دێرە شیعرێکیتریش





باسی گونبەتی عومر دەکات بەلاَم ئەمجارەیان بەقەسری عومرهاتووە لەشیعری(تا لەمەکتەب ئەو مەهەم نەدی):

قەسری عومرم داتەپی، داری لەسەر بەردی نەما
بانییە توولی ئەمەل، ئێستێکە دەستی پێ دەکا
کورد ووتەنی"پیری و هەزار عەیب"وەك حاجیش دەفەرموێ:
لەبەر پیری ئەمەندە بێ حەساوم
دەلێی ئەرکانی ئیسلامی بێ ئینسانم
سەروریشم سەراپا بوتە لۆکە
بەشەو هەمرازمە پشمین وکۆکە

حاجی باسی ئەوە دەکات کەتەمەنی بەرەو ژوور رۆیشتووەوبەسالاَنداچووە، هەرکاتێکیش بگەیە هەرەمی گونبەتێك لەهاتنە خوارەوە بەولاوە سەرکەوتن نامێنێت وەستان وئاوی حەیاتیش لەگونبەت بۆ حاجی دەستناکەوێت، هەموو شتێك لەتەواوبووندا دەست بەکورتهێنان وکەموکورییەکانی دەکات، ئیتر تروپکی لەززەتی ژیان دەوەستێت و تەکەڵتووی زینیش دەشکێ حاجی سواریش خۆی چیتر پێڕاگیر ناکرێت.

## گەشتێ بۆ ئاقارو کەلاوە ئاواییەکەی گۆرقەرەج

گوندی گۆرقەرەج کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، ئاگردان وچرایان کوژانراوەتەوە، ئەگەر سالێ لە دایکبوونی حاجی بە سالی ١٨١٦زاینی دابنێین و لە تەمەنی ٧سالیش گوندەکەی تالان و پەلاماری کرابێتە سەرواتە ١٨٢٣ز، لەو سالەشەوە تا سالی کۆچی دوایی حاجی ١٨٩٧واتە ٧٧سال و تا

سالّی٢٠١٢ دەبێتە ١٩٩ساڵ واتە نزیکەی دوو سەدە، لەو ماوەیەش بست بە بستی ئاقارو سنورەکەی لەلایەن گوندەکانی هاوسنورەوە دەستی بەسەرداگیراوە، زۆر زەحمەت وئاستەم دەتوانی شوێنەواروقشراغ وکۆنەکاولگەکەی بدۆزیەوە ئەگەر چاوساغ و شارەزایەکت لەگەڵ نەبێت، بەباشم زانی سەردانی گۆڕەپانی و مەیدانی بۆبکەم تا لەنزیکەوە ئاشناووبەدیدە کاولکەوگۆڕوکانیاووکارێزونەمام وشوێنی سراو(ئاوهێنانی کێژوکارو ژنان لە سەرچاوەی ئاوی سەرەکی گوندەکە)وجۆتی بەرد(قۆرتی گەنم کوتان)یان ببینم، هەر بەوبۆنەیەوە لەڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٢-٢-٢٠١٢بەچاوساغی(عومەری ئەحمەدی حاجی موحەمەدی هەمەی(١) گۆرقەرەجی لەدایکبووی ١٩٦٣)کە ناوبراوبە بنەچە گۆرقەرەجیەو هەمیش لە سەردەمی مناڵی وگەنجی ولاوێتی داشوانی کردووە وفیراروهێزی بەرگری شۆرشی نوێ بووە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردولە سنورەکە وشیوبەشیووزوورگ بەزورگ وگردوڵکەبەگردوڵگە وپەناوپەسێوی ناوچەکە شارەزا بوو، لەگەڵ کاکم فوئاد عومەری برام وکارزانی مامۆستا جەمیلی مام حەمید کۆسەی تەقتەق، لە سعات ١٠ی بەیانیەوە لە تەقتەقەوە بەرێکەوتین بەرێگەی تەقتەق — گەرمك —کانی لەلە — تا گەیشتینە ئاقاری کاولە گۆرقەرەج.

## هەنگاوەکانی گەڕانە مەیدانیەکە:

دوای بڕینی ڕێگەکە لە تەقتەق-ەوە بەگوندی گەرمك وکانی لەلە، لەگوندی کانی لەلەوە لە ئاقاری(بان سوسکاو)گەیشتینە ئاقاری گۆرقەرەج وبەدەستەڕاستی ڕێگاکە لاماندابەناو(شێروەژەن)ەوە بەرەو ناوچەی مەبەست بەرێکەوتین، ئەو شوێن وئاقارانەم بری تاگەیشتینە ناوکاولەخانیان، دۆڵی تورکە





وگردی جۆگە ودواترگەیشتینە قرقاجین ولەبان قرقاجین وقەدی قرقاجین ئۆتۆمبیلەکەمان ڕاگرت وئینجا بەدەم ڕۆیشتنەوە بەپێ لە قەدی قرقاجین وبانەکەوە بەرەو دۆڵی هەرفتە چوینە خواریّ و دواتر بۆ بن هەورازی جەمشیر(٢)و لەوێشەوە بۆ دۆڵی هەناران وتا سەرکەوتینە بان شەڕگە ودواتر بۆدۆڵی دۆڵە چیغ ولەوێشەوە بۆ دۆڵە پیازەی سەروی کۆنە هەواری گۆرقەرەج وکارێزو شوێنەواری بنەدارتووەکانی شاخە شین ورێچکەی سەرووی ئاوایی و گەیشتینە زێدی حاجی وئاگردانە کوژاوەکەی گۆرقەرەج و سەر جۆتی گەنم کوتان و قشراغە کێڵدراوەکەی لەلایەن بەرەی کاکی ئۆمەرگومبەت کە ئەمرۆ موڵکی ئەوانە .

## دەوروبەری کاولە ئاواییەکەی گۆرقەرەج:

گوندەکە کەوتۆتە سەرشیوی گۆرقەرەج بەلای ڕاستی، ئەم شیوە ئاوەڕۆگەی شیوەکانی(مۆردان وهەرفتەو هەناران وپیازە)ی دێتەوە سەر لەسەرووی ئاواییەکەوە، لەنزیك گوندەکە دەبێتە بەستێکی دیارو وئاوەڕۆگەکەی دەچێتەوە ناو ڕووباری(کۆیەوداربەسەر)خوار دواوان(دوو ئاوان)، خانووەکانیان کەوتۆتە دامێن ولاپاڵی گردی گۆرقەرەج، بەرەو خۆرئاوا دروستکراوون، لەو بەری بەستی شیوی گۆرقەرەجیش گردی قەبرستانی مناڵانە و لەخوارووی ئاوایی-ش بە بەری خۆرئاواوە شاخی قوڵتەوگردی دارەترشان هەیە(٣)ولەباشورییەوە بان قرقاجینە کە بەتەواوی دەڕوانێتە سەر کاولگەکە و(بلۆێری شوان کیژ لەرێ ی کانی دێنێتە سەماوە)، لەسەرووی دێیەکە ورۆژهەلاتی شیوەکانی(هەناران ومۆردان و هەرفتە)ی تێکەڵ بەیەکدی ودۆڵە پیازەو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی کانی(دۆڵە چیغ)ە.

## سنوری گۆرقەرەج:

لەلای گوندی کانی لەلەوە هەورازی شێروەزەن وقەبرستانی عەبدولعەزیزەوە دەڕواتە لوتکی شێمحەمەد ولوتکی وەرسوێرودۆڵی تورکەوکەورتورکەوکەوری خدر مێرەم ولەتروپکی چیای گۆرقەرەجیش گردی هەویزنەجیم ودواترلوتی مدیر(٤)سنوری ئۆمەرگومبەت وکانی لەلەی ئەمرۆیە، هەروەها دوڵی بزنلەڕ و ئەشکەوتەکەی و سەربەشاخی بزنلەڕبووە بەسنوری ئۆمەرگومبەت ولەوێشەوە کەوری هەیدەرقەمبەر(٥)ی نێوان گەرمك وکانی لەلەو دواتردێتەوە سنوری گەرمك وئۆمەرگومبەت بۆلوتکی حەسەن سەربڕاوو ئەشکەوتی ئەسحابە وبن گێڵی ئەسحابەوکەوردیان وگردی جولەکە وعومەر ڕەشاش(٦) و عەلە وکەور جولەکە ئەمانە زیاتر لە سنوری گەرمکن، هەروەها گردلانگین وبان عەلەوبانە بەڕیخ وعارەب گوشڵ سنوری گەرمك –تاڵەبانی گەورەیەوگوڵەباغەوکەندی بەراوان لەتاڵەبانی گەورەیە وخدرحاجیان وگۆمی دوکان وتاشەکانی گابۆڕوگردی گابۆڕوئۆمەرکوژراووزولفەقاروبانی زولفەقاروگۆمی کیژان لەئیلنجاغی گەورەیە وتا(دارە هەڕەزان )لەنزیك داربەسەرەوە ئینجا گۆمی بلە وژنەل هەنگوینە وجۆنی بەردلە سەر روباری داربەسەر تا هاوینە هەوارە وپشت تولان وقوم کەواڵ وگەوکلێپ وهەوراز کلێپ وشیو قوڕمینگەو بانی حاجی مردی وجبرایل وکەور جبرایل لەوێشەوە دەگەینەوە بە شێروەزەن .





## ناوەخنە ئاقاری کاولە گۆرقەرەج:

گوندەکانی کوردستان وەك ناوی کەس ومرۆڤەکانیان هەموو بستێك لە سنوری ئاقاری گوندەکانیان ناوی تایبەتی خۆی هەیەوتا ناوی ئەو پارچە زەوی وئاقارانە نەزانیت ناتوانیت شارەزایی ولێهاتووی خۆت بسەلمێنی ، ئەمەش هەندێك لەناوی ئاقارەکانی ناو سنوری گوندی کاولە گۆرقەرەج:

(کەور جبرایل، شیوبزنەل، کەورموردە چەرمەڵە، گرد جۆگە، گرد قەجێلاو، کەورە کۆز، بان قورمینگە، دۆڵە ژاژ، بان چەماغین، شیو چەماغین، بان قەبرستان، گردە گەورەی قەبرستان، شیو تالە مینگە، بان قرقاجین ، شیو گۆرقەرەج، کاول گۆرقەرەج، شیو هەڕفتە، شیوجولەکە، کەورجولەکە، قەبرستانی ئەسحابە، گردە گێوژ ، بانە بێدەر، شیو مۆردەڵ، شیو کەوردیان، زنجیرەی کەوردیان چەند ئەشکەوتێکە، بانەبێدەری عەولاڕەش، بن گرد لانگین، بان جەمشیر، شیو شەرگە، بان شەرگە، شیو بلە، کەندی بەراوان).

## ئەوەی تێبینی کرا:

لەماوەی ئەودووسەدساڵەی گۆرقەرەج داگیروتالان کراوەوخەڵکەکەی دەربەدەرکراوە، وەلە چوارچێوەی ئەو گەشتە مەیدانی یە ئەمانەی خوارەم بۆ دەرکەوت :

١- گۆرقەرەج، هیچ ئەوە هەڵناگرێت پێی نەگوترێت (گوندی گۆرقەرەج) وبەهیچ شێوەیەکیش هەواری ئۆمەرگومبەتی یان هەرگوندێکی ناوچەکە نەبووە .

٢- وەك مانگەشەودوای ٢٠٠ساڵ قشراغ ومێرابی دیارە، کانی پشت مالان وکارێزی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی تا ئێستاش لە ئاوی هەر پێنج گوندەکەی سنورەکەی شیرینترە لە بەرزی ٥٠٠مەترەوە بەو هەموو ووشکەساڵیەوە کانیەکە

**وەك گۆی مەمكی خاكێكی میهرەبان(دایك)شیری تەڕی لێدەچۆڕێتەوەودامێنی دۆڵە پیازەو تا شیوەكان پاراو دەكات .**

**٣- بەدووری ١٠٠مەترێك لەڕۆژهەلاتی كاولەكە، ڕەزی هەناری دەستچێنی كەس وكاری حاجی و كانیاوەكەی دۆڵی هەناران ماوە .**

**٤- گۆڕیچكەكانی نزیك ئاواییەكە، كێل و ئەلحەدیان دیارەو ماوە .**

**٥- گۆڕستانی ئەسحابەوگۆڕستانی گوندەكە لەسەرووی كاولە گۆرقەرەج ماوە و بێگومان گۆڕی مام ئەحمەدی كوری مەلاساڵحی كوری مەلا ئەحمەدی گەورەی باوكی حاجی لێ یە ؟!**

**٦- بەردە جۆتی پشت ماڵانی كاولەكە و شوێنی گەنم كوتان هەر وەك جارانە و كەسی خۆی دەوێت بلێ (گەنمی پارە بۆ ئەوساڵە، كابانەكەی گەلێك هارە)**

**٧- ئەو بەردانەی كە كاولەكەی پێ بەشكراوەوبووە بەسنوری دابەشكردنی دوو بنەماڵە، بەردی خانوەكان بوون .**

**٨- بەگوێرەی ناوی زەوی وئاقارەكانیان پشكی شێرلەوداگیركارییە بەرگوندی ئۆمەرگومبەت كەوتووە و گەرمك وكانی لەلە هەندێك وتاڵەبانی گەورەو ئیلنجاغی گەورە لەوان كەمتریان خستۆتە سەرسنوری گوندەكانیان، چونكە زاراوەی ناوی زەوییەكان زۆربەیان بووە بە شێوەزاری ئۆمەرگومبەت وئەوەی بەرگوندەكانیتركەوتووە بەشێوە زاری گوندەكانی خۆیان ناویان براوە وناوی تازەشیان بۆ دروستكراوە بە حوكمی ڕۆژگاریش ئەو ناوانە گۆرانیان بەسەر هاتووە.**

**٩- بەدرێژایی مێژووئەو ناوچەیە، مولكی تیرەو تایفەی جۆراوجۆربووە و هەریەكەوبەپێی جیاوازی بارودۆخیان هاتونەتە ناوچەكە بەنمونە ئەوەدەمارەی لە**





**زێی بچوكەوە لەكانی لەلە وگۆرقەرەج و بیان(٧) ومەرزان وئیلنجاغ وداربەسەر ....تاد هەموویان لە تیرەی جۆراوجۆر پێكهاتوون و وارێك ناكەوێت هەردێیەی لەیەك تیرەو هۆزبن، هەرچەندە لەرووی ژمارە وخێزانەوە جیاوازی بەدیدەكرێت بەلام پاوانی هیچ تیرەیەك نەبووە بەدرێژایی مێژوو.**

---

(١)باوكی ناوی ئەحمەدە، بەلام بە عەولای حاجی موحەمەدی هەمە ناودەبرێت وباپیری واتە(حاجی موحەمەد باوكی نەماوەودایكی ناوی (هەمین) بووە وبۆیە ئەو نازناوەی دراوەتە پاڵ، ئەوانە تائێستاش لە ئۆمەرگومبەت گیرساونەتەوە بە حوكمی ژن وژنخوازی وە ئەگەر نا بە بنەچە گۆرقەرەجین .

(٢)ئەو شوێنە لەساڵی ١٩٨٨هەلیكۆپتەرە مەرگ چێنەكانی بەعس هەردوو كچی مام كێخوا عەبدولرەحمانی ئۆمەرگومبەت(هەیبەت و مریەم)ومەجید حەمەدەمین —یان لێ شەهید كرد، وەدوو كچی تریشی برینداربوون.


(٣)دارەسماقی ئێستاش لێ ماوەوبەناوی ئەو درختەوە ئەوگردە ناونراوە .

(٤)لوتی مدیرهەر ئۆمەرگومبەتیەكان ئەوناوەی پێ دەلێن بۆ چارەسەركردنی نیزاع وئاریشەی نێوان هەردوو گوند دوای گۆرقەرەج فەرمانبەرێكی مەساح هاتووە وسنوری بۆ داناون لەگەڵ گوندی كانی لەلە.

(٥)هەیدەرقەمبەر، ئەشكەوتێكی گەورەیە وشێوەی حەوش وخانووی هەیە، جێگەی ١٠ ڕان ومێگەڵی دەبێتەوە .

(٦)عومەر ڕەشاش، پێشمەرگەیەكی شۆرشی ئەیلول بوو، عەدەد دۆشكە بووە لەو بەرزایە و لە ساڵی ١٩٧٤لە قەلاَتەی تەقتەقەوە بە تۆپباران شەهید بووە .

(٧)گوندێكی وێرانەی هاوشێوەی گۆرقەرەج بووە وپالاَنی یەكان لێی نیشتەجێبوون كە ئێستا زۆربەیان لە ئیلنجاغی گەورەن وخۆیان زەوییەكانیان بەناو دێنن وبوون بەبەشێكی سەرەكی لەگوندی ئیلنجاغ و مام قادر نەجیمی ئیلنجاغی ومەلاقادری ڕەشی سێگردكانی لەكەسایەتی دیاری ئەو كاولە گوندەن.








ئەم داری بنەماڵەی مەلا ئەحمەدی گەورەی گۆرقەرەجی – م لە مام ئەحمەدی حاجی موحەمەدی هەمەی کوری مام ئەحمەدی گۆرقەرەجی وەرگرتووە، لە بەرواری٢٨-٢-٢٠١٢ی ڕۆژی سێشەممە لەماڵی مام ئەحمەد بە ئامادەبوونی مامۆستا موحەمەد و کاك عومەرو کاك عەبدولرەحمانی کوری مام ئەحمەد و مامۆستا فوئادی برام.

---

(١) قادری مام سالْح ، مامی حاجی بووە و برای مام ئەحمەدی باوکی قادری شاعیرە ، بەهۆی جوانەمەرگ بوونی مامی قادر لە خۆشەویستی قادری برای باوکی ئەو کورەی کە لە پورە فاتم بوویەتی ناوی ناوە (قادر) ، هەر لەبەر ئەمەش بووە کە دڵی نەهاتووە بەناوی براکەی بانگی بکەن و لە ناو لانکەوە بە(حاجی)ناویان هێناوە ، ئەمەش دەچێتە عەقلەوە چونکە حاجی لەمانگی زولحەجە لەدایك نەبووە و لە شەعبان لەدایکبووە ، حەجیشی نەکردووە .

(٢) حاجی قادری شاعیرە(خۆی نازناوی بۆ خۆی دانەناوە و بە نازناوەکەی دایك وباوکی ڕەزامەندبووە و خۆشی بەکاریهێناوە ) .

(٣) مام خدر کە براکەی ئەحمەدی باوکی حاجی کۆچی دوایی دەکات ، یەك کوری دەبێت ناوی دەنێت (ئەحمەد ) کە باوکی حاجی موحەمەدی هەمەیە، واتا دوای لە دایکبوونی حاجی و مردنی ئەحمەدی باوکی مام خدر ئەو کورەی دەبێت ، ئەگەر حاجی لەساڵی ١٨١٦لەدایکبوبێت ، ئەوا ئەحمەدی ئامۆزای لە نێوان ساڵانی(١٨١٦-١٨٢٤) لەگۆرقەرەج دایکبووە.

(٤)حاجی موحەمەد براگەورەکەی عەبدوڵلا ژنی نەهێناوە وجوانەمەرگ بووە، کە باوکیشی دەمرێت بە حاجی موحەمەدی هەمەڕەق دەناسرێت ، بەناوی دایکیەوە ، کە ناوی پورە(هەمین)بووە، دایکی لە تیرەی دەربەندی بنەماڵەی کاکی یە ، ئەم نەوەیە دوای دەربەدەری لەگوندی ئۆمەرگومبەتی خاڵوانی هاتۆتە ژیانەوە، بەگوێرەی تەمەنی مام ئەحمەدی باوکی لە نێوان ساڵانی(١٨٥٥-١٨٧٥) لەدایکبوو بێت ، چونکە عەبدوڵلای برای لە حاجی موحەمەد زۆر گەورەتربووە ، چونکە وەك مام ئەحمەدی کوری دەڵێت باوکم دەیووت : من زۆرمناڵ بووم کاکم عەبدوڵلا دەیبردمە لای حەیوان ولەکۆڵی دەکردم .

(٥)مام ئەحمەد دوو برای لە خۆی گەورەتری هەبووە و جوانەمەرگ بوون، بەناوی(عەبدولرەحمان وئەحمەد)ەوە، دوای مردنی ئەحمەدی برای ڕاستەوخۆناوەکەی هەڵدەگرنەوە، و ناوی دەنێننەوە(ئەحمەد)وەئەگەر نا ئێستا لەناوخەڵك وخزمانەوە بە(لالەعەوڵلای حاجی موحەمەدی هەمە)مەشهورە و لەدایکبووی ١٩٢٨و تەمەنی ٨٤ ساڵە.

(٦)بنەماڵەی حاجی زۆر لە نەوەکانیان زوو کۆچی کردووەو ئەوانەی دەمێننەوەش تەمەنیان دەگاتە سەرووی هەشتاساڵیەوە و نمونەی ئەو ناوهەڵگرتنەوەشیان تا ئەمڕۆماوە،بۆنمونە دوای مردنی قادری برای مام عەوڵلای حاجی موحەمەدی هەمە، ئەو کورەی کەلەسکی دایکیبوە یەکسەر بەناوی باوکیەوە (قادر) ناونراوەو بووە بە(قادرقادرموحەمەد) بەلاّم وەك قادری شاعیر، نازناویان لەمناڵیەوە پێداوە و ئێستا خاوەنی ژن ومناڵە بەلاّم تا نەلێی(کاکۆ) کەس نایناسێت.ئەوەی زیاتر بووە مایەی ڕاست و دروستی ئەم لێکۆلینەوەیە، ئەوەیە مام عەوڵلای حاجی موحەمەد لەزاری باوکیەوە گێڕایەوە و ووتی"باوکم دەیووت بەرەچەڵەك زەنگەنەیین و بەژیانمان پێمان ووتراوە ئێمەگۆرقەرەجین، بەلاّم دایکمان دەربەندی بووە لە بەرەی کاکی ئۆمەرگومبەت ".





## کوڕەکەی حاجی قادری کۆیی تا ئێستا لە تەق تەق دەژی(١)

ڕەنگە خوێنەری ئەم بابەتە بڵێ حاجی قادری کۆیی خۆی ووتویەتی:

هەرمنم ئێستە، وارسی عیسا

بێ کوڕو ماڵ و بێ ژن و مەئوا

ئەی چۆن کوڕەکەی حاجی لە شارۆچکەی تەق تەق تا ئێستا لە ژیاندا ماوە؟ بەلاّم سەرگوزشتەی گێرانەوەی ئەم بابەتە مام عەوللاّی حاجی موحەمەدی گۆڕقەرەجی یە، کە دانیشتووی گەڕەکی گۆڕقەرەجی تەقتەقەو تەمەنی نزیکەی(٨٠)هەشتاساڵە، بە حەوت پشت خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر ڕەچەڵەکی حاجی و حاجی بە ئامۆزاو خزمی خۆی دەزانێ، ئەو بە هێمنی سەرگوزشتەیەکی بەوشێوەیەی گێڕایەوە ووتی: ساڵی ١٩٥٣ شێخ کاکە سور تاڵەبانی وحەمید ئاغای کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیە بە بیانووی پێدانی (٣-٤)دۆنم توتن بانگێشتی حاجی موحەمەدی باوکمیان کرد بۆ ئینحساری کۆیە، ئەوکاتە دۆنمیش نەما بوو، هەر چۆنێك بێ لەگەڵ باوکم بە پشتی گوێدرێژەکەمان لە گوندی ئۆمەرگومبەتەوە خۆمان گەیاندە دائیرەی ئینحساری کۆیە، من مناڵم بوم لە نزیکەوە ڕاوەستام بەلاّم ئەوەم دەزانی باوکم پێیناخۆشە ڕەسمی بگرن هەر چۆنێك

بیٚ لە ژووەروە ڕەسمی باوکمیان گرت وئینجا پێیان ووت: مام حاجی یەك دۆنمان نەماوە تا پێت بدەین، بەلاّم لەبەر ئەوەی لە دوورە هاتوون وێنەمان گرتی هەر چۆنیٚ بیٚ یەك دۆنمت پێدەدەین. ئەم گێڕانەوەیە لە هیچ سەرچاوەو کتێبێکەوە تۆمار نەکراوە بەلاّم مام عەوللاّ دەلّیٚ"من دلّنیام کە پەیکەرەکەی حاجی قادری کۆیی کە لە سالّی ١٩٧٣ دانراوە، لەسەر ئەم وێنەیەی حاجی موحەمەدی ئەحمەدی گۆڕقەرەجی باوکم ڕووخسارو شێوەی بۆ دروست کراوە، هەر بۆیە دەلّیٚ هەرچەند جار دەچمە شاری کۆیە ئەو ڕۆژەم بیر دێتەوە کە لەگەلّ باوکم چوینە ئینحیسارودەمێکیش لە پەیکەرەکەی حاجی ڕادەمینێنم، چونکە دلّنیام ئەوە دیمەنی حاجی موحمەدی باوکمە کە لەسەرەتای پەنجاکان گیراوە لە ئینحیساری کۆیە ،مام عەوللاّ لە پێناسی باری شارستانی نێوی ئەحمەدە، دەلّێت من لە منالّیم پێناسەم نەبووە، کە ئەحمەدی برام جوانە مەرگ بووە ،لەسەر پێناسەکەی ئەو ناوی منیان تۆمار کردووە، وە ئەگەر نا ناوم عەوللاّیە .

---

(١)ئەم بابەتەم لە ٨-٦-٢٠٠٨ بۆ ئاوێزەی کوردستانی نویٚ ناردو بلاّوکرایەوە، کاك هندرێن نەوەی کاکە زیاد ووتی"ئەودەمەی ئەوپیاوە باسی دەکات باوکم لە ئینحسارنەبووە و قوتابی بووە، بەلاّم ئەو پیاوە ئەوشتەی دەیگێڕێتەوە دروستە چونکە خوێندەواری نەبووە تا بەروارەکە بەدروستی بدات و کەسەکانیش بناسێت و تۆماریان بکات.





## حاجی بۆ کرمانجێکی مەزنە

کرمانج بە مانای(کورد )دێت وەکو شاعیری کورد (ئەحمەدی خانی) دەلێت:

کرمانجم وکۆهی و کەناری

ڤان چەند خەبەرێن کوردەواری

نەوەك بەمانای زاراوەی کرمانجی ناوچەی کۆیە، خۆئەگەر شێوە زاری کۆیەش بێت ئەوا حاجی کرمانجێکە لەوپەڕی مەزنیداو شوهرەتێکی گەورەی داوە بەشاری کۆیەوخەلّکی لەدەوری کۆکردۆتەوە.

دەبێت ووشەی (تەعزیم) لەمەزنی بەو لاوە چی بگەیەنیٚ کە کەلّەشاعیری کورد (هێمن مەهاباد )ی بۆ ستایشی (حاجی) ووتویەتی(١) :

سەری تەعزیم لەبەرتۆ دانەواندن، فەخرە بۆ (هێمن)

بژی(حاجی)کە کێوی هیممەتت سەد هێندی ئەلّوەندە

هەروەها خاکی بەرپێی حاجی بە سورمە دادەنێت و هەرشاروجێگەیەکیش حاجی پێی لەسەر دانابێت خاکەکەی بۆکلی چاوان دەبێت وەك دەفەرموێت :

چلۆن بۆسورمە نابیٚ، خاکی شارێك

کە حاجی پێی لەسەردانابیٚ جارێك

یان لە پیاهەلّدانی کۆتەلّی حاجی فەرمویەتی:

ئەوە کۆتەلّ نی یە، ڕەمزی نەجاتە

ئەوە دەسکەوتی چەندساڵەی خەباتە

ئەوە ڕووگەی هەموو کوردێکە، پاکە

ئەوە جێگای نیازە، پیرە، چاکە

کات لەشیعری کلاسیکیی کوردیدا باسکراوە، بەلاّم لە لای هیچ شاعیرێ هێندەی حاجی قادر نەبوّتە پرۆژەیەك بوّبیرکردنەوە، ئەگەر نالی جەمسەرێکی بیرکردنەوە لەکات بێت لەشیعری کلاسیکیدا، ئەوە کاتی سەرەکی لەلای ئەو شاعیرە بریتیە لەکاتی(ڕابردوو)، لە بارێکدا کەجەمسەری دووەمی بیرکردنەوە لەکات، کە حاجی قادرە، جەخت لەسەر(ئێستا)وەك کاتی سەرەکی دەکاتەوە و ڕابردوو بوّ ئەو(حیکایەتە)، بەمجۆرەش چەند نالّی سەرمەشقە بوّ حاجی، کەچی لەبیرکردنەویاندا لەکات، لێکدی جیادەبنەوە .

حاجی :

لەم لاوە هەتا(حاجی) نەچێتە ئەولا

مومکین نییە تێ بگا لەوە گەر بفڕێ

واتە: تا لەم لاوە(ژیان)نەچینە ئەولا(مەرگ)مومکین نی یە لە تێپەڕبوونی کات تێبگەین، تەنانەت ئەگەر بەفڕینیش بوّ ئەو تێگەیشتنە بڕۆین (٢)

هەروەها شاعیر لەڕوانگەی خۆیەوە نالی پێ ئوستادە و هەندێ جاریش کە خۆی پەیدابووە نالی بەجێهێشتووە، ئەمەش بووە بەگرێ ی نالی لەرووی دەروونیەوە لەلای حاجی، وەگومانی لە بەیت و شیعرەکانی خۆشی نەبووە بۆیە بێ سێ و دوو خۆی بەنالی بەراوورد بکات و بگرە خۆشی لە نالی بەلاوە شاعیرتربووە، لەوکاتەی ستایشی دەکات، بەرەنگاریشی بووبێتەوە.(٣)





سەبارەت بە بۆچونەکانی سلێمان قاسمیانی دەرحەق بە حاجی وشاعیرە ناسیۆنالیزمەکانی کورد وە بەتایبەت لە سەرحاجی ووتویەتی :

حاجی قادر بەپێی شیعرەکانی شاعیرێکی (فیودال – ناسیۆنالیستی – ئیسلامی یە)حاجی قادر ئینسانێکی نوێخواز نی یەو تەنانەت شنەیەکیش لەبیری نوێی بورژوایی ودیموکرات، وە بەلای بەرهەمەکانی نەکەوتووە، حاجی سەر خۆشی رابردووی قەوم وعەشیرەی کوردە، ئەو رابردووەی کە خانخانی و ئەماراتی عەشیرەیی و ئاغاواتی واتر نەبووە، داخ وسۆزوفرمێسکی حاجی قادری شاعیر بۆ ئەو دەورانە لە دەست چووەیە، و هیچ شتێکی تازەتری ناوێ بەڵکو تەنها دووبارە وەدیهێنانەوەی هەمان سیستەم وهەمان دەسەلاّتی کۆنی ئەماراتی و عەشیرەیی و قەومی کوردە (٤)

سلێمان قاسمیانی لە پێودانگی ئەنتەر ناسیۆنال وکۆمەنیستیەوە خوێندنەوەی بۆشیعرەکانی حاجی کردووە، چونکە باسکردنی نەتەوەیەکی دیاریکراو ناسیۆنالیستی یە، بەگ و میرو بەگزادە و ئاغا لەرژێمی دەرەبەگایەتیدایە، شێخ و مەلا و واعیز و تەریقەت و تەسەوف لەرێبازی ئاینی ئیسلامەتیە، هەموو ئەمانەی لە ئایدۆلوجیەتی ماددییەوە لێکداوەتەوە نەوەك واقیع و ڕوانینی واقیعیانەی حاجی بۆ هەموو حاڵەتە شیعریەکانی حاجی چونکە ناکرێت ئەوە لەبیربکەین حاجی خۆی لەچینی شوان وگاوان و دەربەدەر و کرمانجی گوندەکان و بێ کەس بووە، بێ عەشیرەت بووە، تایفەو تایفەگەری نەزانیووە، وەك دڵداری شاعیری شۆرشگێری کورد دەڵێت "بەچاوی ڕاست سەیری ئەدەب ناکەین بەڵکو هەرکەسە بەچاوی خۆی و بەپێی باوەڕی خۆی ئەدەب ئە پێوێ و هەڵی ئەگێڕێتەوە "پێموایە وەلاّمێکی گونجاوی دڵدارە لە بابەتێکی بەناونیشانی (ئەدەب، بەخوار

تەماشا ئەکرێت، لەلاپەرە ١٠٧ی دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کوردی مامۆستا عەبدولخالق عەلائەددین بلاوکراوەتەوە)، جگە لەوەی کە وەك کوردێك و مەزلومیەتی کوردان وەك ڕێبوار سیوەیلی دەلێت(٥)"حاجی نمونەی تەواوی ئاوارەبوونی کوردییە لەسەدەی نۆزدەهەمدا "یان "بەڕاستی حاجی بەرجەستەبووی کاتی خۆیەتی و شیعرەکانیشی بەلگەی ئەمەن"

بەداخەوە بۆ ئەو لێکدانەوەیە کە بەڕاستی زوڵمکردنە لە حاجی چونکە حاجی جیا لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی ئەم هەنگاوانەی ناوە و گۆڕانی بنەڕەتی لە ناو دونیای شیعری کوردی هێناوەتە کایەوە لە بوارگەلی جیا وەك :

برەودان بەشیعری نیشتمانی و نەتەوەیی و جوڵاندنی بیری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، داواکردن بۆزانست و خوێندەواری و ڕزگاربوون لە نەخوێندەواری و دواکەوتن و داواکاری بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە وکتێب، هەوڵدان بۆ توڕدانی کەلتورە دواکەوتووەکان ورزگارکردنی کوردان لەخورافیات و ئەفسانە بەرەو مەدەنیەت هەنگاو نان، بایەخدان و بیرکردنەوە بە بیری پێشکەوتنخوازی، گوزەرکردن وشکاندنی چەقبەستویی شیعری کلاسیکی کوردی لە دۆخە باوەکەی خۆیەوە بۆ دۆخێکی نوێ و جیا لە دۆخی شاعیرانی پێش خۆی، هەربۆیەش لەسەردەم وکاتی خۆی تاقەسوارو تاق و تاقانە بووە و تۆزیشی لەقوڕی چەقبەستووی سەردەمەکەی هەڵساندووە، هەر ئەمەشە ئەوی لەمرۆ و داهاتوودا هێشتۆتەوە وەك ئەم دەقانەی خوارەوە :

ڕێبوار سیوەیلی:"حاجی قادرجیاوازبوو، لەمێژووی میللەتەکەیدا بەشاعیرێکی ئاوارە ناودەبردرێت، لە مێژووی ئەدەبدا بەشاعیرێکی کلاسیك، لە ژیانی خۆیدا تەنیا و لەسەردەم وکاتی خۆشیدا (تاقانە)، وەلێ ئەو هەمیشە بیری لەلای





کۆمەڵگەکەی بوو، بۆ ئەوانیتر دەژیاوخاوەنی ناسنامە و زمانی شیعری خۆی بوو، هەربۆیەشە بەرگەی توفانی سەردەمەکانی گرت و خۆی لەسەردەمی داهاتووەکانیشدا بەرجەستەکرد (ڕێبوارسیوەیلی، ل ٧٦)".

رونی عەبباس:"حاجی قادر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، شیعری کوردی دەربازکرد لەواقیعیە کلاسیکیەکەی، ئاراستەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی بەخشیە شیعری کوردی، لەوسەروبەندەدا داکەوتەی بیری سۆسیالیستی و بلاوبونەوەی بیری کۆمەلایەتی نوێ و بەهای نەتەوەیی گەشەی کردو ڕۆمانسیەت و غەزەل بەرەو پوکانەوە تاڕادەیەکی بەرچاو ڕۆیشت (من هم الاکراد؟، سایتی مونتەدای ناسریە، ڕۆژی یەکشەمە ١-٤-٢٠٠٧)

فوئادعەبدولرەزاق دوجەیلی:"حاجی، نەتەوەی کوردی گەیاندە قۆناغێکی نوێ و بایەخی بەهۆشیاری نەتەوەیی دا وڕێگەی ئەحمەدی خانی گرتەبەر بەلام لە ڕێگەی ئەحمەدی خانی لایدا بەوەی کەڕێگەچارەسەری بۆگرفت وکێشەکانی ئەوکاتی دۆزی کورد زیادکرد، شانبەشانی پەنجەخستنە سەر گرفتەکانی، هەرچەندە هەستە نەتەوەییەکەی حاجی بەسەر شیعرەکانیەوە زاڵبوون بەلام لە بوارەکانی(داشۆرین وشانازی وفەخرو وەسف و غەزەلیش بەهێزبووە)و بەگەورەترین شاعیری کوردی سەدەی نۆزدەیەم دەژمێردرێت.(فوئاد عەبدولرەزاق دوجەیلی، احلی الکلام علی ضریح الشاعر حاجی قادری کویی، ماڵپەری گلگامێش، دووشەمە، ٨-٨-٢٠٠٨)".

پەشێوی گەورە شاعیرلە ساڵی ١٩٨٧ پرس و ڕاوێژی پێدەکات و بەشکۆو مەزنەوە نزیکی دەبێتەوە لە خەوەکەیدا وسەبارەت بەگرفتی دووبەرەکی نێوان کوردان، هیچ چارێکی نیە مەگەر تەنها لە خەودا بیبینێت و وەك

زیندەخەونێك، لەخەودا ئارامگەکەی حاجی دەدۆزێتەوە وتەعزیمی بۆدەکات بە چۆك دادان و کڕنۆش بۆ بردن پێی دەڵێت"گەورەم حاجی پەرێشانین"گەورەکەی حاجی هەندێك سەرکزو داماو ونیگەران دەبێت، بەڵام پاش کەمێك وەك ڕابەرێك، پێشەنگ وسەردارێك بە پەشێو دەڵێ"مەردبە دەرم بێنە"چونکە تەکبیرو چارەسەری لابوو، بەڵام منی پەشێو حەزرەتی عیسا نەبووم، ووتم:گەورەم بفەرموێ پەیامت چی یە؟ ووتی:"لێرە دەرم بێنە ، دووبەرەکی لە شوێنەکەی من بنێژە"واتە گەر دووبەرەکی لە گۆڕبنرێت چارەسەرە، چونکە کە لەگۆڕ نرا هەرگیز زیندوونابێتەوە. پەشێو خۆی جوانتر لەم شیعرەدا بەناونیشانی دووبەرەکی ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە :

شەو لە خەوما
ئارامگەی حاجیم دیتەوە
چۆکم دادا
سوزدەم برد بۆی
گوتم حاجی پەرێشانین
سەری کز کرد
گوتی مەردبە زیندووم بکەوە
گوتم گەورەم من عیسانیم
چۆن زیندووت کەمەوە بێژە!
گوتی لێرە دەرم بێنە
دووبەرەکی
لە شوێنەکەی من بنێژە(٦)





دڵدار شاعیری شۆرشگێری کورد سەبارەت بەگەورەیی حاجی و کاریگەرییەکەی لەسەرخودی خۆی دەڵێت :"هەر کە ئەمویست غەزەلێکی غەرامی بڵێم دەنگی پیرۆزی حاجی بەسەریدا ئەقیژاندم و ئەی فەرموو:

باسی زولفی درێژ و چاوی بەخەو
نەبراوە بووە تڕی خەسرەو
دەستم لە قەڵەم شل ئەکرد ، مەجرای تەفکیرم ئەگۆراند(٧)

قوبادی جەلیزادە، زۆر مەزنتر لە حاجی ڕوانیووە،کۆتەڵەکەی هەندێ جار وەك کاوە و زیاتر وەك ئیبراهیم خەلیل (د.خ)لەکاتێکی شەوەزەنگ و ئەنگوستەچاو وساردوسۆل وبەفرگرتوو، بووە بەحاجی ڕاستەقینە وهەرچی (کەرنەبی)یەکان و هاوشێوەکانی کە وەك بت و سەنەم وچڵکاو خۆرەکانی دەرباری زوحاك بە تەوێڵی کۆیە هەبوون بەس بەتف دایگرتوون و لەبری ئەوان شەمع و چرای تا بەرەبەیان داگیرسان و هەموو دەرگا سڕبووەکانی لە بێخەوە راتەکاند، قوبادی جەلیزادە کە پێم بە یەکێك لە شاعیرە دیارەکانی هاودەم و هاوچەرخی دونیای ئەدەبی کوردی یە، با قسەی دڵی خۆی بخەمەڕوو کە دەڵێت :

(کۆیە)لەو شەوە تووشەدا
نوقمی بەفربوو بەجاریێ
کۆتەڵەکە ، بوو بە حاجی ڕاستەقینە و هاتە خواریێ
شەقام ، شەقام ..... کۆلاّن ، کۆلاّن
وەك پڵنگێکی بریندار
رایدەکردو دەیچریکان
هەرچی وێنەی (کەرنەبی) بوو

**بەنێو چاوانی شارەوە**
**بەتف دایگرتە خوارەوە**
**هەتا سەوادیدا بەیان**
**هەر چرا بوو دایدەگیرسان**
**هەر بەرۆکی دەرگای سر بوو**
**لە بێخەوە رای ئەتکان(٨)**

---

(١)-بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، بەسەرپەرشتی(بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی)دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣، لاپەرە ١٧٣-٢٠٥.

(٢)-رێبوارسیوەلی، هاوکاتی وهاوشوناسی، خوێندنەوەیەك بۆ مانای کات لەشیعری حاجی قادری کۆیی دا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤، چاپی یەکەم، لاپەرە ٧٤.

(٣)هەمان سەرچاوەی پێشوولاپەرە ٨٩

(٤)ناسیۆنالیزم و شاعیرەکانی، سلێمان قاسمیانی، گۆڤاری هانا، ١٥-٩-٢٠٠١زایینی.

(٥) رێبوار سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٧٢

(٦)دیوانی دکتۆر عەبدوللاّ پەشێو، چاپی یەکەم، سوید ، ٢٠٠٢، لاپەرە ١٥٢

(٧)دڵدار، شاعیری شۆرشگێری کورد، عەبدولخالق عەلائەدین، چاپخانەی دارافاق، بەغداد، ١٩٨٥، لاپەرە ١٦٥-١٦٦

(٨)دیوانە شیعری (١)ی قوبادی جەلی زادە، شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، چاپخانەی تیشك، ساڵی ٢٠٠٠، لاپەرە ٦٩٨-٦٩٩





## غوربەت و مەزنایەتی حاجی (١)

**گەورەیی حاجی لەوەدایە بەقوڕبەسەری و هەژاری و هەتیووی و دوور لەخزم وکەس وکاروبێ دایك وباوك پێدەگات و ئەمرۆ لەبەر گەورەیی ئەو زاتە هەموو سنوری کۆیە وکوردستانیان خۆیانی پێ هەڵدەدەنەوە،کەرۆژگارێك کەلە نێویان ژیاوە جگە لەبێ حورمەتی ورێزنەگرتنی هیچیتریان بۆ نەبووە، بۆ یە شاعیر بەگوبڕگوبڕ لەدەستیان هەڵدێت ودەلێت :**

لەقوشخانەوە تادەمی ئیچ قەلاّ
لەبایزاغەوە تا مەحەللەی قەلاّت
هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەلێن:
لەبێ حورمەتیمان بوو، حاجی هەلاّت

**جارێکیتریش لەغوربەت و دوورە وولاّتی ئەوڕاستیە دووبارە دەکاتەوە، بەوەی کە لەوولاّت لەدەستی دواکەوتن و رێزنەگرتن وکۆمەلێك لەوداب ونەریتە نەخوازراوانەی کە هەبووە گریاوە، کەچی لەبەردەردی دووری بۆئەو شوێنەی کەزەمانی جوانی سەردەمانێك تیایدا ژیاوەولەدەستیشی گریاوە، گریاوە، وەك دەلێت:**

مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم
ئەوی لەدەستی دەگریام، ئەمێستە بۆی دەگریم

حاجی، لەئاوارەیی وبێ ژن ومنداڵ وبێ نانی، بێ قەدروقیمەت وشان و شەوکەت هەڵکەوتووە، چەند جوانە لەوکارەساتبارییە و نەهامەتیە ببیەکەڵە پیاوورِابەرو پێشەنگ، وەك لەباسی قوتبی زەمانە دەڵێت :

قوتبی زەمانە خالید ئاوارەبوو، وەکو من

بێ قەدروقیمەت وشان، بێ خن ومان وبێ نان

گەورەیی ومەزنی ئەم کرمانجە لەوەدایە، وەك میللەتەکەی خۆراگربووە بەرامبەر هەموو زوڵم وستەمی زەمانە و ناحەزان وداگیرکەرانی، بەهەمان شێوە حاجی زۆری چەرمەسەری وناگوزری وبێ دەرەتانی بینیووە بۆیە پێی وایە قەلەم لە ئاست ئەم هیجرانە ناتوانێت شەرحی بەیانی حاڵی بکات وەك دەڵێت :

داستانی هیجری من شەرحی بە نوسین ناکرێ

پێت دەڵێم چۆنە ئەگەرچاوم بە چاوت کەوتەوە

وەهەروەها توانیویەتی دان بەخۆدابگرێ وقەناعەتی بە خۆیهێناوە کە جارێکیتر ناگەرێتەوە نیشتمان وزێدی خۆی بۆیە هەوڵیداوە ئەوەندە دڵی دۆستان وبرادەرانی وولاتەکەی ئازار نەدات، کاتێ لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت ودەڵێت :

بۆچی یارانی وەتەن دڵ دەشکێنی حاجی

زاهرا ناچیەوە تۆ، باسی مەکە غوربەتی خۆت!

لەگەڵ ئەمەشدا زۆرچاك زانیوویەتی بە پادشایی ومیرایەتیش ژیان ببەیتەسەر،ناتوانرێت تۆزقالێك خۆت لەزەمانی لاوی وگەنجی و ژیانی ناوخزم وخوێش لەبیر بکەیت یان فەرامۆش بکەی چونکە دەبنە بەشێکی دانەبراو لەهزر و ژیان وتەمەن وەك دەفەرموێ :

لە غوربەت بەشاهی، لەبیر ناکرێ





زەمانی جوانی ویادی وولاّت

حاجی بەهەشتی جێهێشتووەولەنازونیعمەتەوە چووە بۆدۆزەخ وبەرگەی دۆزەخی گرتووە ،ئەمەش ئەو پەڕی بەرگەگرتنی حاجی دەسەلمێنێ بەرامبەر تفت وتاڵی ژیان وسوتان وگریەوفیغان وناڵەوهاواری کەس گوێ لێ نەبووی غوربەت وغەریبی وەك دەڵێت :

ئەی موحەمەد ئەمینوددەولە، کوێی تۆ

جەننەتێکە ،کەوتە دۆزەخ هەرچی لێ ی دووركەوتەوە

یان جوانتر ئەم دیمەنە باس دەکات لە شیعری (گوتم بە بە ختی خەواڵوو):

سەبا دەزانی ژیانم لە دووریان مەرگە

دەسا وەرە بەکزەی خۆت خجل بکە عیسا

ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ

ئەگەر دڵە وەکو جەرگم دەڵێی ئەوا سوتا

حاجی غوربەتی بووە بەنیشتمان وتێکرای زەوی لێبووە بەزیندان وەك دەفەرموێ:

غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوتان

سەراپا ئەرزی لێ کردوومە زیندان

## مەزنی خۆشەویستان

مەزنی خۆشەویستان(ئەحباب) لای حاجی، حاجی ئەوەندەكەساس وبێ هـاوەڵ وهاودەم بووە، بەدوای هاورێ ی بێگەردودڵـسۆزوگیانی بـەگیانی گـەڕاوە، ئەگـەر وەدەستی بكەوتایەش بە هـەموو دونیـا وخۆشـی یـەكانی ناگۆڕێتـەوە، ئەمـەش دڵپەڕۆشی حاجی یە بۆ دۆستان و خۆشەویستانی وەك دەفەرموێ:

داوە موویەكی بە دونیا و بە مافیها نەدەی

حاجی، ئەگەر ئەحبابەكی جانی بە جانیت كەوتە دەست

هەربۆیە دوای كۆچی دوایی(كەیفی)، لە ستایشی وخۆشەویستی وهاورێیـەتی ولە بێ(كەیفی)ێتی وكۆچكردنی، باس لـەوە دەكـات ئەگـەر لـەكوێرە گونـدێك كەیفیم لەگەڵ بوایە وام دەزانی لە بەهەشتم بەلاّم دوای ئەو شاری قوستەنتین كـە چەند ئاوەدانەو پێشكەوتووخۆش وپایتەختە، كەچی ئێستا لێم بووە بە دۆزەخ وەك دەڵێ :

لە كوێرە دێیێ كە(كەیفی)تا بێ فیردەوسە

جەهەننەمە كە نەما(كەیفی)شاری قوستەنتین

حاجی خۆشی ولەززەتی شوێن وجێگە و شارودێهات وئاوەدانی بـەعێل و خـزم وخوێش دەبەستێتەوە، هیچ ژیان وگوزەران و شەوقێكی نـی یـە شـوێنێك ئەگـەر





كەس وكاروعێل وعەشیرەتی لێ نەبێت، چونكە كۆنـە هـەوار جگەلـەبێ كـەڵكی وهیچی هیچیتر نی یە لای حاجی، هەروەها زەوق وڕەوقی ژیانیش لەوەدایەئەحباب وهاوەڵ ویارودۆست وبرادەروخۆشەویستانت هەبێت، وەبەبێ ئەمانـە ژیـان دەبێتـە بارودۆخێكی كەش وئاوو هەوا، ژیان وخۆشیەكانی لەناو ئاووهەوادا چین؟ جگە لە هەڵكردنی بایە دێت و دەڕوات وەك دەفەرموێ:

مەكانە شەوقی بە عێلاتە، پەشمە كۆنەهەوار

حەیاتە زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاب و هەوا

هەروەها دەفەرموێ:

من كەسێكم زەمانەیی ناكەس

دای بڕیووم لەقەوم وقیلەوكەس

## حاجی دژە شێخ و واعیزی بێ کردەوە

حاجی، ئەو زانا و بلیمەتەی کەزۆرخواناس بووە ولەخواترساوە، هەردەم دژی کۆلکەمەلا وواعیزی بێکرداروسۆفی وئەوشێخانە بووە کەئاینیان وەکو چەکێك بۆبەدەستهێنانی رزق وڕۆژوو بەکارهێناوە، هەندێك جارتێکەڵی کردوون و بێ چەندێتی و چۆنیەتی وەکو یەك ئەژماری کردوون وەك دەفەرمووێ:

مەلا کەززایە سۆفی ، ساغە واعیز
لەلای من وەك یەکن بێ کەیف و کەم
کورانی دوو هەوێ دونیا و عوقبا
میسالی داکیانن ئەو لەگەڵ ئەم

یان سەبارەت بە مورشیدی پیر، کە تەنها بەناو ئامۆژگاری دەکات وخۆی هیچ کاروکردەوەی پێناکات دەفەرموێ:

دەستگیریت لە عەمەلدا نەکا، مورشیدی پیر
دەستی تۆی گرتووە، پێی بەستووی مانەندی ئەسیر

زۆر جوان وەك نان شێخەکانی نوشتەوکشتەکی ناسیووە، خەڵکی لەمەرامەکانیان ئاگادارکردۆتەوەو ڕێنوێنی کردوون وەك دەڵێ:

حەزدەکەی تێ بگەی لە بێ دینی
ببە دەروێشی شێخەکان بە هەوەس





هەروەها خەڵك ئاگاداردەکاتەوە، لە خۆبەزلزانی وناکەسی شێخەکان وەدەلێ دواکەوتەی خۆیان بە مێرووله دادەنێن وخۆشیان دەکەنە حەزرەتی سولەیمان وەك دەلێ:

هەرشێخێ، کەوتە شوێنی یەك دووکەسی ڕەش و ڕووت
خەڵکی بەمورو دەزانێ، خۆی حەزرەتی سولەیمان

بەمەش ناوەستێت ڕووی دروێنەی خەلیفەکەشیان(سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم) کە بەگەورەکەیان باسی دەکات، بەکەرمیزوعەبدی سەنەم دەشوبهێنێ وەك دەلێ:

ئەمە کەرمیزە دەڵێن وارسی شەرعی نەبەوین
هەموو عەبدی سەنەمن باسی مەکە گەورەکەیان

لەگەڵ ئەمانەشدا حاجی کەسێکی موتەقی و لە خواترس و خواناسە و ئایین پەروەرەو نزاو پاڕانەوەی بەردەوامە بۆ یەزدانی گەورەو داوای شەفاعەتی لێدەکات و دەفەرموێ:

بەبەر شەفاعەتی خۆتی، ئەگەر نەخەی حاجی
لیباسی کەعبە لەبەربکا دەبێ بچێتە جەحیم

## حاجی و شانازیکردن بەکورەکانی

حاجی شـانازی و فەخربەشـیعرەکانی دەکـات خـۆی بـەوجاغ کـوێر نازانێـت لەسایەی شیعرەکانی وەك دەلێت :

ئەوی شاعیر نەبێ کوڕە وجاغی
لەسایەی شیعرەکانی بابی کورانم
هەروەها دەلێت:
ئیلاهی نەیخەیە بەرچنگی مـەندەبووری لەئیم
نقوودی حاجی ، کە نەیدیووە خوسرەو دارا
یان .....
زاهرا بەیتم لەنالی وکوردی کەمتر نی یە
تالعم بەرگەشتەیە بەدبەختە بەختم نوستووە
یان.....
لازمە ئەم غەزەلە وەك غەزەلێ بیکەنەبەر
هەروەکوو حاجی ، ئەگەر شارە وەگەر دێهکەدەیە
یان ...
هەروەکوو شارانی تر کەس ئاشنای کۆیێ نەبوو
شوهرەتی ئەبیاتی مـن خەڵکی لەسەر کۆکردەوە
یان.......





لەسایەی شیعرەکانی وەك فەریدوون
دەمێنێ حاجی تا دەورانی گەردوون
دواجار دەلێ :
حاجی یە شیعرەکانی وەك کاوە
ڕۆژێ دەبینن درەفشی هەڵداوە

حاجی لە وەسفکردندا زۆر بەتوانابووە،کاتێ وەسفی حاڵی کوردان دەکات دوای ڕووخانی میرنشینەکان و قەڵەمرەویان دەلێت:

گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندی دەولەتان، ئەمما
جیهان نەیدیووە پەستی وا، میسالی حاڵی کوردان
ئینجا ڕەخنەیان لێدەگرێت ودەلێت:
هەتا وەك (ئاگری بن کا)ن لەگەل یەك
ئەگەرتۆفان بێ ، لەشکرتان بەپوشەك

حاجی هۆشداریان دەداتێ و ڕێنوینی و ئامۆژگاری دەکا و دەفەرموو:

لەم بەینە ئیتیفاقێ پەیدابکەن بەمەردی
فەرقی نەبێ شوان وجوتیارو میروگاوان

حاجی ڕێگە چارەسەریشی بۆ گرفتەکان خـستۆتەڕوو، هەنـدێ جـار بـاس لـە ولاتێکیتر دەکات تاوەك چاوی لێبکرێت دەلێت:

بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆزەبت و ڕەبتی میللەت
دەینێرنە ئەوروپا، گەورە و بچووکی خۆیان
دواجاریش دەلێ:
حاجی، کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕدەپێوێ
گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەلا لە خۆتان

(١) دێرەشیعرەکانی حاجی لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردارحەمید میران وکەریم مستەفا شارەزا وەرگیراون .

## لەحزوری حاجی قادری کۆیی — دا

## ڕاستیەکان نەزانراون تا چەواشە بکرێن *

بەرکولێك هەربەرێوە

کەپکە شاخ،ئەو وەسفەجوانەبوو،کەشاعیری گەورەی گەلەکەمان(د.عەبدوللا پەشێو)لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی میزۆپۆتامیا ،لەباسی ناودارێکی وەك حاجی خستیە پاڵ حاجی قادری کۆیی، دەبێت سێبەری کەپکە شاخێك لەچلەی هاویندا چ هێمنگە وسپلیتێکی فێنك بێت، دەبێ ئێمەش وەك پەشێو حاجی بەم کەپکە شاخە دابنێین وبۆن وبەرامە و سێبەری بۆ هەمومان بێت تابتوانین بەبێ جیاوازی بێن وپشویەکی لە ژێریابدەین، حاجی مەملەکەتێك بوولە هەژاری ونەداری وهەتیوی وقوڕبەسەری و غەریبی، تاسەر ئێسقان قینی لەدووبەرەکی بوو،لەخەوی دووبەرەکی پەشێودا، بەپەشێو دەڵێ"لێرە دەرم بێنە، دووبەرەکی، لەشوێنەکەی من بنێژە"ئەگەر بابەتی(حاجی قادری کۆیی گۆڕقەرەجی یە، بەڵام دەربەندی نی یە)و(باڕاستیەکان چەواشە نەکەین ویاخی نەبین لەمێژوو)بریتی بن لەدووبەرەکی ئەوا چیتر من پێنوسەکەم بەکارناهێنم، بەڵام مەگەر پێنوس سەنگەری خۆی هەبێت ولەهەر بابەتێکدا بابەتیانە بیربکەینەوە، ئەوا ئەم دووبابەتە بریتین لەزیاتر ئاشنا بوون بەشتە شاراوەکانی جیهانی حاجی،"چونکە کەپکەشاخێك چ





لە ئۆمەرگومبەت بێت، چ لە گۆڕقەرەج نەسێبەری بەیانیان ونەئێوارانی ناگۆڕێ وهەرخانەخوێی ڕێبوارانی خۆی ئەبێت"دەمەوێ بلێم چۆن دڵداری شاعیر دەڵێت "ڕێگە بە عاتیفە نەدەم کە یاری بەقەڵەمم بکات و شتێکی نەقەوماو بخەمەڕێزی قەوماوەوە، وەشتێکی قەوماو بخەمە پایەی نەقەوماوەوە "دەبێ لەم ڕوانگەوە دەرمارگیری فرێ بدەین وسۆز بۆ براکەمان نەبێتە ڕووگەیەك کە بڕوا بهێنین بەوەی "براکەت سەرکەوێنە چ زۆرداربێت چ زۆر لێکراو"جگە لەمە دەمارگیری یەکێکە لە هەرە ڤایرۆسە مەترسیدارەکان، کاتێك دەمانەوێت مێژوویەك بۆگوندێك یان بنەماڵەیەك دابنێین، چونکە هەموومان درۆ لەگەڵ نەوەکانی ئەمرۆ دەکەین، کاتێ باب وباپیرانمان دێوەرە وهەژارورەنجبەرودزوجەردەوڕێگرودوژمنداربوون، هەرخۆمان بێ زۆرلێکردن دەڵێین بەچوار بۆ پێنج پشت دەگەرێینەوەسەر فلان بەگ، شێخ، ئاغا، میر، نەجیب زادە، سەید، شاوپاشا ....تاد.

## مشتومڕێکی جوان

کوردووتەنی"قسەقسەدێنێ" من ووتم (حاجی گۆڕقەرەجی یە، بەڵام دەربەندی نی یە)مامۆستا کاوە عەبدوڵلا جوتیار بەهێنانەوەی دێرە شیعرێکی حاجی ووتی (ئۆمەرگومبەتی لەزەتی ....و دەربەندی یە) لەم لاشەوە ڕەهبەری سەید برایم بەپرسیارێکەوە ووتی(حاجی قادری کۆیی،کۆیی بووە یان گۆڕقەرەج؟)ئەگەر چی سێ هێلی تەریین وعەرەب ووتەنی(انت فی الوادی، وانا فی الوادی)بەڵام ئاڕاستەی یەکتر کراون، حەقیش لەم قسەیەی (حەسەن مەحمود حمە کەریم) دایە کە دەڵێت "ئەوەی من دەیگێرمەوە لە حەقیقەتی ڕووداوەکە دەچێت، نەك خۆی حەقیقەتەکە بێت " ئەوەی جێی سەرنجیشە دوای ئەوەی ٨٠ساڵ تەمەن و ١٠٨ساڵ

لەژێر خاکدایە، ئەگەر حاجی بژێتەوە دەڵێ "هەرسێکتان سەهووتان فەرموو" چونکە پێمان دەڵێ نەتان بیستووە "هەموو شتێك لەگێڕانەوەی مێژووەکەیدا حەقیقەتەکەیمان بۆ ئاشکرا ناکات "یان دەڵێ "نەتان بیستووە کەووتراوە "ئەگەر مرۆڤەکان زیندوو ببنەوە مێژوو دەبێتە کۆمەڵێك قسەی هیچ و پوچ "

## بۆ بەڕێز کاوە عەبدوڵڵا جوتیار

تۆ دەڵێی"وادیارە برای نوسەر بۆ شاهیدی قسەکانی زیندوویەکی دەست نەکەوتووە هەموویان مردوون "وە"چیتربەچەواشە باسی نەکەیت ومردوو نەگریت بەشایەد"وە"کۆمەڵێك مردوو بەشایەد بگریت ومێژوو کەڵتوری ناوچەیەك بشێوێنی "من چاك دەزانم تۆمەبەستت لەهەردوو کەسایەتی (مەلاسدیق وحاجی سەعیدەی دەربەندی)نی یە، کە ئەوان مردوون، دەشزانم پێت وانی یە ئەوان ڕاستگۆ نەبووبن، چونکە ئەدگارورەوشت وکردەوە چاکەکانیان لەنێومان دان وناکرێ نکۆڵیان لێبکەین، بەلام ئەوەش هەیە من داستانێکی پێشمەرگایەتی ناگێڕمەوە بلێم فلان شەهید وخوالێخۆشبووم لەگەل دابوو، بەداخەوە تۆ زۆر بەڕاستەوخۆی ناڕاستەوخۆ دەتەوێ بەدرۆم دەربێنی، چونکە تۆبەکۆمەل بەمن دەڵێی "مردوو نەگریت بەشایەد"دەبێ ئەوەش بزانیت تۆ بەقەلەم وەلامی منت داوەتەوە، ژمارە(٤)ی بلاوکراوی(تاك) تۆبەزیندویی دەهێلێتەوە با خاوەن قەلەمەکانیش نەمابن، خۆرۆژنامەی(هاموون)و(پەرتوکەکەی زەنگەنە) نەمردوون، حاجی سەعید و مەلاسدیقیش نابن بەکۆمەلێك مردوو بەشایەد گرتن، چونکە تەنیا دووانن! بۆبەرێزان(مەلا ئەنوەر وعەولای مامە حەمە و





د.عیزەددین مستەفا رەسول)یش دەڵێم ئەوان چیان ووتوە ڕاست دەفەرموون، بەڵام دەڵێشم پێچەوانەی بیروبۆچونی ئەوانیش هەیە، ئەگەر ئەوان خزمی حاجیش بن ئەوا خەڵکی تریش خۆی بەخزم ونەوەی حاجی دەزانێ وقسەی خۆشیان هەیە، ساڵی لەدایکبوونی حاجیت بەبێ سەرچاوە زۆر بەئاسانی بەدەستەوەداوە، کەچی هەموو مێژوی ئەدەبی کوردی نەیان وێرایە بەڕاشکاوی ساڵێك بۆ لە دایکبوونی حاجی دابنێن بەبێ ئەوەی بلێن بیروبۆچونی جیاواز هەیە؟! حاجی تا لەکۆیە بووە شیعرەکانی زیاتر دڵداری و کۆمەڵاتی بووە، چۆن شیعرەکانی حاجیت نەخوێندۆتەوە کاتێ ووتت "پاشان سەودای کوردایەتی لەکەللەی داوە و ڕووی کردۆتە شاری ئەستانبۆل" بۆ پەرتوکی زمان وئەدەبی پۆلی سێیەمی ناوەندیت نەخوێندەوە؟ کە دەڵێت "حاجی قادر تا لە کۆیە بووە بیروباوەری لەگەڵ شێخەکاندا نەگونجاوە بۆیە بریار دەدات کۆیە جێبهێڵێت "بۆشیعرەکەیت نەخوێندەوە کە دەڵێت :

لەقوشخانەوە تادەمی ئیچ قەڵا
لەبایزاغەوە تا محللەی قەڵات
هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن
لەبێ حورمەتیمان بوو (حاجی) هەڵات!

کاتێ دەڵێیت ئەم شیعرەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی حاجی خەڵکی کوێ یە(ئۆمەرگومبەتی لەزەتی داتەپی ..تەکەڵتوی شکا ئەسپی زینی حەیات)ماناکەیت بۆلێك نەداوەتەوە؟"خۆ ئەگەر ئەمە بەڵگە بێ بۆ ئەوەی حاجی خەڵکی کوێ یە؟ ئەوا هیچ پێویست ناکات کەس وەڵامی ڕەهبەری سەید برایم بداتەوە، ڕاستەوخۆ حاجی دەبێتە کۆیی نەك بەنازناو وبەس، کاتێ دەڵێیت"قەتیش

نەزانراوە خەڵك بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی ئەتۆی هەبێت لەسەر شاعیرو روناکبیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی"من ووتومە کاتێ شتێك دەنوسین لەوانەیە لە دوای ماوەیەك پەشیمان ببینەوە، بەڵام من پەشیمان نیم کاتێ کە گومانێکی خۆم دەردەبڕم بەڵکو ئەوە بگەم بەو ڕاستیەی کە دەمەوێت یان ڕاستیەکی ترم بۆڕوون ببێتەوە تۆش دوو شایەدت داوە بەمن، منیش دووشایەد بە تۆ.

## ئەو شایەدانەی هەناسە دەدەن

١- مام سەعیدی بەرەی هەمزە قوڕاوی بە بنەچە گۆرقەرەجیە ولە قەرەناو دادەنیشێ دەڵێ"تەنهادەزانم لەگەڵ بەرەو تایفەی ئاورەحمان حیمەی ئیلنجاغی شوان گۆرقەرەجین و لەباب و باپیرانیشمانەوە نەمان بیستوە خزمان لە ئۆمەرگومبەت و سێگردکان هەبێت"

٢- عەلی عومەر ڕەسول بەرەی عەولاشاوەی گۆرقەرەجیە ولەگەرەکی شەهیدانی تەقتەقە دەڵێ "لەبنەچەدا گۆرقەرەجیم، حاجیش بەموڵکی خۆمان دەزانم، گوێم لەوە بووە ئێمە زەنگەنەین بەڵام نەمبیستووە دەربەندی بین،کاکم خالیدی مام خەلیفە سمایل"شەوێك لە ئوتێلێکی کەرکوك لەگەڵ چەند زەنگەنەییەك دانیشتوون خۆیان لەسەر یەك پشت دیوەتەوە"

٣- مامۆستا مەریوان زاهیر سمایل لە بنەچەدا گۆرقەرەجیە، نیشتەجێی گەرەکی روناکی تەقتەقە دەڵێ "بەبنەچە گۆرقەرەجیم وحاجیش بەناودارێکی خۆمان دەزانم و دەربەندیش نیم .

٤- مامۆستا فەخرەددین سەعید حمەعەلی بەرەی حەمەعەلی هەیدایەی گۆرقەرەجیەکانی نیشتەجێی گوندی گەرمك بوون ئێستا لەگەرەکی گۆرقەرەجی





تەقتەق نیشتەجێیە دەڵێ"گۆرقەرەجین بەڵام نەمبیستوە دەربەندی بین لەخزمانی حاجی قادریشین "

٥- ڕاپۆرتێکی خوێندکار(شوان محەمەد(جواد)حەمە ڕەسول)کە کوری کوێخاجەوادی دەربەندی گەرمکیە بۆ خوێندنی سالی ٢٠٠١-٢٠٠٢بۆپۆلی چوارەمی گشتی بۆبابەتی جوگرافیا لەسەر گوندی گەرمکی تەقتەق دەڵێ "گەرمك چوار خێلی تێدایە (دەربەندی، شێخانی، سورچی، گۆرقەرەجی)بۆ گۆرقەرەجی ودەربەندی نەکردووە بەیەك !

٦- ڕاپۆرتێکی خوێندکار(لەمیعە ڕەزا عەزیز)لەسەر گوندی جگیلە لەهەمان ساڵدا گۆرقەرەجیەکان بەتیرە دادەنێن و بەهیچ شێوەیەك نایانگەرێننەوە بۆسەر تیرەی دەربەندی .

٧- تاهیر تۆفیق گۆرقەرەجی، نیشتەجێی گەرەکی ئاشتی تەقتەق دەڵێ"دەتوانم بلێم ٨٠٪حاجی دەربەندی نی یە چونکە باوکم تەمەنی هەشتا ساڵ دەبوو بەڵام گوێم لێنەبووە بلێ ئێمە دەربەندین، بەڵام ووتویەتی کە ئێمە زەنگەنەیین وەحاجی قادری کۆی بەموڵکی خۆمان دەزانین "

٨- مام یاسینی مام خەلیفە سمایل نیشتەجێی گەرەکی شەهیدانی تەقتەق دەڵێ "خزمانی دەربەندی پێمان دەڵێن ئێوە دەربەندین، بەڵام من لە باوك وباپیرانمەوە بیستومە زەنگەنەیین وحاجی قادریش لە ئێمەیە، ئینجا چ کۆیی یا گۆرقەرەجی یا هەر شتێکی تر بێ!

## مەلا قادری ڕەش

مامۆستا مەلا جەلالی مەلاقادری ڕەش ڕاست دەفەرموێ کە دەڵێ"ئێمە دەربەندین وسێگردکانین"چونکە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)دەفەرموێ"هەرکەسێك چل ڕۆژلە نێو قەومێکا بێت، دەبێتە یەکێك لەوان" لەکاتێکدا مەلا قادری ڕەش لەبەرواری لەدایکبونیەوە تا ئەمرۆ(١١٣)ساڵ دەبێت، کەواتە بێگومان سێگردکانیە ومێژوی سێگردکانیش بەبێ باسکردنی ئەو کەسایەتیە ئایینیە ناتەواو دەبێت بەلاّم منیش بەئەمانەتەوە دەلێم:

١-ڕاپۆرتێکی(پەخشان جەلال قادر)لەساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢لەسەرپاپیری نوسیوویەتی بەدەست نوسی خۆی ، هەڵم گرتووە و لام ماوەکە دەڵێ"باوکی خەڵکی ئیلنجاغی گەورەیە ودایکی سێگردکانی یە"

٢-خۆم قسەم لەگەڵ مامۆستا مەلا جەلال و مامۆستا مەجیدسێگردکانی کردووە،کە کوری خوالێخۆشبوو، مەلا قادری ڕەشن لەگەڵم کۆك بوون کە باپیریان ئیلنجاغی یە لە بلاّوکراوەی(تەق تەق)یش بەڕەزامەندی ئەوان بلاّوم کردەوە.

٣-چەندین جار(مامۆستا دلێرکوری مەلاعەبدولڕەحمانی کوری مەلا قادری ڕەش)ووتویەتی"من خۆم گوێم لەباوکم بووەکە ووتویەتی بەڕەچەڵەك ئیلنجاغین و خزمایەتیمان لەگەڵ ماڵی مام قادرنەجیمی هەیە لەپشتەوە، ئەو ژنهێنانەی منیش هەر لەبەر ئەو خزمایەتیە بووە، بەلاّم لەبەرمەلایەتی باوکم هەر گەڕۆك بووە بۆ خوێندن"

٤-مام جەلیلی مەلا حەمەدەمینی مام مەولود برازای مەلا قادری ڕەشە و خۆی بەناو پشتەی (پالاّنی )دەزانێ.





٥-ڕەشیدی حاجی ساڵحی مام مستەفای ئیلنجاغی گەورە ووتی"بەڕەچەڵەك ئیلنجاغین و بابی مەلا قادری ڕەش ناوی مەولود بووە لەدۆڵی لیسێ کە ئاقارێکی ئیلنجاغە زەوییان هەبووە و مام مەولود لەو دۆڵە داری هەناری چاندووە و تا ئەمرۆش ئەم دەست چێنە هەر ماوە".

## دەرئەنجام

١- گۆڕقەرەج ودەربەندی شاهۆ، هەردووکیان شوێنن وناوچەن، ناکرێ ئەوانەی لەوێ نیشتەجێ بوون تیرەو تایفەیەکیان نەبێ، بەدواداچوون بۆ ئەمەش هەویرێکە پێداویستی بەئاوێکی زۆر هەیە، جگە لە گۆڕقەرەجیەکانی نێو ئاوایی ئۆمەرگومبەت، هەمووگۆڕقەرەجیەکانی(جگیلە ، گەرمکی تەق تەق، ئیلنجاغی شوان، قەرەناو..تاد )چۆن ئۆمەرگومبەتی وسێگردکانی وبەشێك لەکانی لەلە وگەرمك وشیوەجان وکانی ڕەش...تاد ، خۆیان بەدەربەندی ناوچەی شاهۆوە دەناسێنن، بەهەمان شێوە گۆڕقەرەجیەکانیش زۆربەیان دەلێن گۆڕقەرەجین کە ئەمەش بۆ ناوچەی گوندی گۆڕقەرەج دەگەڕێتەوە.

٢- دەربەندییەکان خۆیان بۆ باجەلانیەکان دەگەڕێننەوە، گۆڕقەرەجیەکانیش خۆیان بۆ زەنگەنەییەکان دەگەڕێننەوە.

٣- هەرچۆنێك بێت ئۆمەرگومبەتیەکان سیفەت وتایبەتمەندی خۆیان هەبووە وهەیە، کاریشیان کردۆتە سەر سنورەکە وگوندەکانی دەوروبەری، لە تەق تەقیش شوێنیان دیارەودوای ئەنفالەکان توانیان لەنزیك یەکەوە گەرەکێك دروست بکەن و لە ناو خەڵکیش بەگەرەکی(لالە)بەناوبانگ بوو کە ئەمرۆ پێی دەوترێت (گۆڕقەرەج) لە شارەوانی تەقتەق، بەلاّم گۆڕقەرەجییەکان تایبەتمەندی خۆیان

لەدەستداوەو بەگوێرەی (جیۆکۆمەلایەتی) خۆیان گونجاندووە، ئەگەر حاجی قادری کۆیی یان لێهەڵنەکەوتایە ئەوا هیچ کاتێك گەرەکێك و قوتابخانەیەك ومزگەوتێکیان لەشارۆچکەی تەقتەق بەناو نەدەکرا، لەکۆتایشدا دەلێم" ئەگەر حاجی دەربەندی یان زەنگەنە بێ یا ئۆمەرگومبەتی یان گۆرقەرەجی یان کۆیی بێ، ئەوا هەر پێویست دەکات نەك لەکۆیە بەڵکو لە(ئامەد وهەولێروقامیشلی ومهاباد )پەیکەری بۆبکرێت، لەگەل هەموو ئەمانەش وەك دەشتی کۆیە و وراتی کۆیە(خۆرئاوای کۆیە )وتەقتەق وتێکرا خۆمان بەنەوەی ئەو زاتە دادەنێین، چونکە حاجی توانی بەشیعرەکانی یەکێك لەناودارترین شاری کوردستانی عێراق بەناوی ئەوەوە بانگ بکرێت بەشارەکەی حاجی (کۆیە).

---

*لە ڕۆژنامەی(تاك)ی ژمارە(٥)ی ساڵی یەکەمی مایسی ٢٠٠٥ بلاۆکراوەتەوە، وەلاٚمێکیش بوو بۆکاوەعەبدوڵلاجوتیار.

# بەشی دووەم

## گەڕەلاوژە

## گەڕەلاوژە

ئەگەرلەکۆڕوگردبونەوەی کوردەواریدا هەر کەسەولە شوێنی خۆی قسەیەك بکات، یان جیاوازییەکی بەرچاولە نێوان قسەکانیاندا هەبێت، واتە هەرکەسە ولە ئاوازێك بخوێنێ وگۆرانی بچڕێت ئەوا وەك ئیدۆم وکینایە ووتراووە" ئەوگەڕەلاوژەیە چی یە؟ "

جیاوازییەکی بەرچاوی سەرنج وتێبینی یەکان لەو بابەتانەی کەلە ڕۆژنامەی تاك سەبارەت بەزێدوتیرەونازناوی حاجی وسەرەتاکانی ژیانی بلاْوکرانەوە بەدی دەکرێت، بەنمونە من ووتم: "حاجی گۆرقەرەجی وزەنگەنەیی یە "، کاوە عەبدوللاْجوتیاروجومعەکانی لەلەیی ودکتۆرجەمال باجەلان ووتیان:" شارەزابەوباشتر بخوێنەوە ئینجا بزانە، ئۆمەرگومبەتی ودەربەندی یە"، ڕەهبەر سەیدبرایم لە چوارچێوەی دەقە شیعریەکانی حاجی ووتی:" من جارێ دەپرسم چما حاجی گۆرقەرەجی بووە یان کۆیی؟"، فاتح بێ لان تالّەبانی پێی ووتەوە:"کۆیی چێتی مەکە قوربان چۆن حاجی تان کرد بەکۆیی"، جومعە کانی لەلەیی ووتی: "جارێ گۆرقەرەج گوند نەبووە، گۆرقەرەج دەوارنشینی ئۆمەرگومبەتی یەکان بووە!"، فەخرەددین سەعید گۆرقەرەجی ووتی: "وانی یە گۆرقەرەج گوندی من





بووە نەوەك ڕەشماڵ نشین"، دێدەوانی یەعقوبیش ووتی" ئەگەر دڵسۆزی حاجی-ن بۆ وەلاْمی سلێمان قاسمیانی نادەنەوە کە دەلێ: "حاجی کۆنەپەرست ودژی شوان وگاوان و ئاینەکانی تر بووە "، مژدە ڕەواندزی-یش ووتی"بۆ لە شوێنە گشتیەکانی تەقتەق حاجی بوونی نی یە، تەنیا لەبلاْوکراوەی تاك قسەوباسی لەسەرە؟ " لە لایەکیترەوە ڕەهبەر سەید برایم دوو بواری گەشی حاجی لە شیعرەکانی باس کردو ووتی"حاجی لە داشۆرین بەتوانابووەوڕۆژنامەگەری کوردیش قەرزاری حاجین، چونکە تەنیا شاعیرێکە بەرلە ڕۆژنامەی کوردستان چوارجار باسی ڕۆژنامە بکات، دکتۆرجەمال باجەلانیش باسی ڕۆلی حاجی کرد لە گێرانەوەی بەرماڵی پێغەمبەر(د.خ)لە ئەستامبۆلەوە بۆ کەرکوك وبنەماڵەی خادم السجادە، ئەم هەڤپەیڤین و قەلەمبازی ودەمەتەقێیە وهەندێك جاریش گەڕەلاوژەیە، لەبەر پاراستنی ناوەڕۆکی بیرو بۆچوون وسەرنجەکانیان و دوورکەوتنەوە لە دەستکاریکردنیان، بەباشم زانی دەقاودەقی وەلاْمەکان ونوسینەکانیان کە چۆن لە بلاْوکراوەی تاك بلاْبۆتەوە بەهەمان دەق وبێ کەمکردنەوە وکورتکردنەوە، دووبارە پیتچنینی بۆ بکەم تاوەکو لە ڕاسپاردەیی ئەوان کەمتەرخەمی نەکەم وجیاوازییەکانیان بێ چەواشەکاری وڕتوشکاری وەك خۆی بخەمەوە بەرچاو ودیدی خوێنەران بۆیە ئەم بەشە تایبەتە بە مینبەری تاك وگەڕەلاوژەکەی .

## باڕاستییەکان چەواشە نەکەین و یاخی نەبین لە مێژوو

## وەلأمی کاوە عەبدوڵلاّ جوتیار(١)

لەژمارە(٣)ی مانگنامەی(تاك)ی خۆشەویست برای بەڕێزمان کاك(ئاراس ئیلنجاغی)بابەتێکی نوسیووە بەناوونیشانی(حاجی قادری کۆیی گۆڕقەرەجی یە، بەلأم دەربەندی نی یە)، بەلأم وادیارە برای نووسەر بۆشاهیدی قسەکانی زیندوویەکی دەست نەکەوتووە هەموویان مردوون، بۆیە بۆڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە و وەلأمدانەوەی ئەم نووسەرە بەڕێزە، وە بۆسەلّماندنی ئەوەی کە شاعیری گەورەی گەلەکەمان حاجی قادری کۆیی دەربەندی یە ودواتریش گۆڕقەرجی یە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە بخەمەڕوو:

١-لەگەل کاك(مەلا ئەنوەر)کە ئەسڵەن خەڵکی گۆڕقەرجەودواترلە دوای تێکچونی ئەم گوندە هاتۆتە گوندی ئۆمەرگومبەت وە ئێستا ماڵی لە هەولێرە کە دەکاتە باوکی کاك سمکۆئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی(ی.ن.ك)ە، من خۆم چەندین جارگوێم لە(مەلا ئەنوەر)بووە، دەیووت"ئێمە لەگەڵ حاجی قادری کۆیی بەچوار پشت لەباوکمەوە دەگەینەوە یەکتری ووە ئێستا کاك(سمکۆ ئەنوەر)لەسلێمانی دادەنیشێ ودەتوانن بۆ سەلّماندنی ئەم ڕاستیە بیبینن، بزانن حاجی دەربەندی یە یاخودنا.





٢-دیارە حاجی هیچ وێنەیەکی نەماوە ،ئەم وێنەیەی کەلەدیوانەکەی دراوە، وە لەکۆیە پەیکەری لەسەر دروستکراوە وێنەی(حاجی محەمەدی ئۆمەرگومبەتی)یە، کە لە ئەسڵدا گۆڕقەرەجین وە(بن عام)بووە لەگەڵ حاجی قادر دواتر دوای تێکچونی ئەم گوندە هاتونەتە ئۆمەرگومبەت، وە لە هەمووکەس زیاتر بەحاجی قادر چووە،کە دەکاتە باوکی(لالە عەبدوڵلاّی مامە حاجی)کە ئێستا(لالە عەولاّ) لەژیانداوە ماوە ولە گەرەکی (گۆڕقەرەجی تەقتەق)دادەنیشێ پێم باشە سەردانێکی بکەن وبزانن حاجی دەربەندی یە، یاخود نا.

٣-لە لێکۆڵینەوەکەی(د.عیزەددین مستەفارەسول)دا، دەربەندی بونی حاجی قادری کۆیی سەلّمێندراوە.

٤-برای بەڕێز بۆ ئەوەی ئاشنا بیت بەژیاننامەی شاعیری گەورەی کورد، وەچیتر بەچەواشە باسی نەکەیت و مردوو نەگریت بەشایەت ئەمە دەقی ژیاننامەی حاجی قادری کۆیی یە:

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بۆ ئێمە ماوەتەوە حاجی قادر ناوی(عەبدولقادر کوری مەلا ئەحمەدی کوری مەلا سالحی کوری مەلا ئەحمەدی گەورەی گۆڕقەرەج)ە، وەلە عەشیرەتی(دەربەندی)یە ،لەساڵی (١٢٠٠کۆچی)لەگوندی گۆڕقەرەج لەدایکبووە، بەمنداڵی باوکی مردووە، بۆ ئەوەی حاجی بە نەخوێندەواری نەمێنێتەوە هێناویەتە شاری کۆیە لەوێ لەلای برازای خۆی کە ناوی(مەلا ئەحمەدی ئۆمەرگومبەتی)یە ،لەمزگەوتی(موفتی)لەبەر خوێندنی داناوە، تا پلەی بەرزبووە ئینجا لەگەڵ(مەلا عەبدوڵلاّی جەلیزادە)چووە بۆ مەملەکەتی(باڵەکایەتی)گوندی(شێخ وەتمان)لەلای(مەلامحەمەدی کاك عەبدوڵلاّ)ماوەیەك خوێندویەتی ئینجا لەوێوە چووە بۆ ئێران لە(مهاباد)خوێندنی

تەواوکردووە، دووبارە گەڕاوەتەوە شاری(کۆیە)لەمزگەوتی گەورە لەگەڵ(مەلا عەبدوللای جەلیزادە)زۆر خۆشی رابواردووە، پاشان سەودای کوردایەتی لەکەڵلەی داوە و ڕووی کردۆتە شاری(ئەستانبۆڵ)لەوێ لای(بەدرخان)یەکان زۆرماوەتەوە وبۆتە مامۆستای کورەکانی بەدرخان پاشا هەرلەوێ بەردەوام بووە تا ساڵی ١٨٩٧ی میلادی ئینجا لەوێ وەفاتی کردووە، بەڵگەش ئەوەیە لەساڵی ١٨٩٨ی میلادی جەریدەی(کوردستان، ژمارە(٣))ناوی حاجی قادر لەلایەن میقدادلەوجەریدەیە لە(قاهیرە) نوسراوە ودەڵێ"یەکێك هەبوو ناوی وی حاجی قادربوو، خەڵکی سۆران بوو، شاعیرێکی گەلێك مەزن بوو، خودێ لەوی ڕازی بی پار مرد".

ئەم شیعرەش بەڵگەیە بۆئەوەی حاجی خەڵکی کوێ یە؟

ئۆمەرگومبەتی لەزەتی داتەپی

تەکەڵتوی شکا ئەسپی زینی حەیات

برای بەرێز ڕاستە قەد نەزانراوە خوارزا بێیت بەبرازا بەلاّم قەتیش نەزانراوە خەڵك بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی ئەتۆی هەبێت لەسەر شاعیرو ڕوناکبیرێکی گەورەی وەك حاجی قادری کۆیی کە دەکرێت دەیان باس ولێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کۆمەلێك مردوو بەشایەت بگریت ومێژووکەڵتوری ناوچەیەکم بشێوێنیت کاکی نووسەر لە درێژەی نوسینەکانیدا نوسیویەتی کە گوایە مامۆستای ئاینی گەورە(مەلا قادری ڕەش) پالاّنی یە، ودەربەندی نی یە، بۆ ئەو مەبەستە سەردانی کاك(مەلا جەلال کوری مەلاقادر)م کردکەلە تەقتەق دادەنیشێ لێم پرسی بۆ ئەم مەبەستە لە وەلاّمدا ووتی"ئێمە هەردەم شانازی بەوەوە دەکەین کە لە عەشیرەتی دەربەندین وسێگردکانین، هەرکەسێك گومانی





لەمەدا هەبێت بابێت سەردانی خۆمان بکات نەوەك لە خۆیەوە مێژوومان بشێوێنێ وە ووتی"کاکم مەجید هەر بە مامۆستا مەجید سێگردکانی ناسراوە تاکو نەلێیت کەس هەر ناشی ناسێ، دیارە ئەم گوندەش هەر لە دێر زەمانەوە تەنها عەشیرەتی دەربەندی لێنیشتە جێبووە،

برای بەرێزمان دیارە لەدرێژەی نوسینەکەی نوسیویەتی شێوەی ئاخاوتنی گۆرقەرەجیەکان لەگەڵ دەربەندییەکان یەك نی یە دیارە برای بەرێز تۆ ئاگات لەوە نی یە لە ڕۆژهەلاتی تەقتەق دوو گوندی تر هەن (شیوەجان وکانی ڕەش)ئەوانیش لە عەشیرەتی دەربەندین هیچ زمان وشێوەی ئاخاوتنیان وەك دەربەندییەکانی (ئۆمەرگومبەت وسێگردکان وکانی لەلەوگەرمکی تەقتەق)نین، حەزدەکەم ئەوانیش ببینی نەوەك گومان لەدەربەندی بوونی ئەوانیش پەیدا بکەیت و بەلای عەشیرەتی تریان بەریت .

(١)لەژمارە(٤)ی ڕۆژنامەی (تاك)ی ساڵی یەکەمی نیسانی ٢٠٠٥ بلاّوکراوەتەوە

## حاجی قادری كۆیی : كۆیی بووە یان گۆڕقەرەج ؟ !

**ڕەهبەر سەیدبرایم(١)**

لێكۆڵینەوە لە شاعیرە كۆن و كلاسیكی یەكانی كورد بۆ ناسین و بیر و سروشت و قوڵبونەوە لە ژیانیان ، باشترین و راسترین سەرچاوە و بەڵگە هەر شیعرەكانیانە لە كلاوڕۆژنـەی شـیعرەكانیانەوە ڕۆ دەچـینە ناخیـان و راسـتی و روناكیمـان بـۆ دەردەكەوێت ، وەك دیارە شاعیرێكی مەزنی وەك حاجی قادری كۆیی كـە لەسـاڵی ١٨٩٧ لە شاری ئەستەنبول لە ئاوارەیی و بێ كەسیدا كۆچی دوایـی كـردووە لـە گۆڕستانی (قەرەج ئەحمەد) نێژراوە ، حاجی قادری كۆیی ڕۆژی لـە دایـك بـوونی خۆی نوسیوە لە شیعرێكدا :

**بـە ئەمـری رب العالمــین دەرفرمان**
**ویلادەتمە لە حەڤدەی شەهری شەعبان**

هەروەك دیارە كە بێ ژن و ماڵ و بێ نەوە بووە بەڵگەی شیعرەكەیەتی:

**هەر منم ئێستە وارسی عیســا**
**بێ كوڕ و مـاڵ و بێ ژن و مەئوا**
**ئەوەی شاعیر نەبێ كۆرە وەجاغی**
**لە سایەی شیعرەكان بابی كورانم !**





زۆر شاعیری دیش شیعری بـە جگەرگۆشـەی خـۆی شـوبهاندووە ! هـەر لـە ژێـر ڕۆشنایی شیعرە كوردیەكانی حاجی قادری كۆیی دەردەكەوێ زۆر ژیاوە و پیر بووە و سەر و ریشی سپی بووە هەروەك :

**سەر و ریشم سەراپا بۆتە لۆكـــە**
**شەوێ هەمرازمە پشمین و كۆكە**
**لەبەر پیری ئەوەندە بێ حەواسم**
**دەڵێی ئەركانی ئیسلامی ئیناسم**

گەر لە ڕوانگەی شیعرەكانی حاجی قادری كۆیی یەوە بـڕوانین بیدەینـە بەرمـەدی نەزەر ، بۆمـان دەردەكەوێت حاجی لە كوێ بووە ، چۆن ژیاوە و بیركردنـەوەی چـۆن بووە ؟ زۆربەی ئەوانەی لە سەر حاجی قادری كۆیی یان نوسیوە ئاماژە بەوە دەكەن حاجی قادری كۆیی لە گوندی گۆڕقەرەج لە دایك بووە ، بەلاَم لـە شـیعرەكانی چ بەڵگەیەك بەدەستەوە نیە بۆیە تەم و مـژێكی گومانـاوی پەیـدا دەبێـت كـە لـە گوندی گۆڕقەرەج لە دایك بووبێت چونكە :
حاجی قادری كۆیی نازناوی (كۆیی) هەڵبژاردووە ، زۆر شـاعیریش نـاوی گونـدی خۆیان هێناوە كردویانە بە نازناو ! ئـەی بـۆ حـاجی قـادری كـۆیی نـاوی كـۆیی هەڵبــژاردووە خـۆ كۆیـە بـە هـۆی ئـەوەوە ناوبـانگی دەركـردووە هـەروەك خـۆی دەفەرموێی:

**هەر وەكو شـــــارانی تر كەس ئاشنای كۆیێ نەبوو**
**شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵكی لە سەر كۆكردەوە!**

هەر بە شیعرکانی دەزانرێت حاجی قاردی کۆیی باوکی ناوی ئەحمەد بووە دایکی ناوی فاتێ :

**باوکم ئەحمەد بوو ناوی فکرم دێ**
**خەڵکی لادێ بوو دایکی من فاتێ**

نەیگوتوە خۆم لادێیم و خەڵکی گوندم بە فکری دێ خەڵکی لادێ بوو باوکی یان دایکی حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانی باسی گەڕەك و جێگاکانی کۆیەی کردووە و شارەزابووە ، لە دووری ئاوارەیی کە غوربەتی بە شاهی لەبیر ناکرێ دەبێژێ

**لە قوشخانانەوە تا دەمی ئیچ قەڵا**
**لە بایزاغەوە تا مەحللەی قەلات**
**هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن**
**لە بێ حورمەتیمان بوو (حاجی) هەلات**

قوشخانە و ئیچ قەلات گەڕەك بوون لە شاری کۆیە ، حەزرەتی حاجی گەر لە کۆنەوە لە کۆیە نەبوبێت ئەو هەموو خزمەی لە کوێ بوون !؟ کام لادێیی هاتۆتە شار ئەو هەموو خزمەی هەیە!!. نەك باسی لە گەڕەکانی کۆیە کردووە ، ناوی جێگاکانی هێناوە ، وەك : شیوی رەزان ، دەشتی هاموون ، چنارۆك ، حەمامۆك ، کەکۆن و هەیبەت سوڵتان ، رەنگە کۆیی هەبێت ئێستاش شیوی رەزان و دەشتی هاموون پێ نەزانێت ، کام کۆیی بە قەد حاجی قادری کۆیی هێندە شارەزاو و سەرسام بووە بە کۆیە !؟ حاجی قادری کۆیی باسی زۆر گۆندی دەوروبەر دەکات وەك : عمر گونبەتی ، جەلی ، نازەنین ، فەقێ یان ، تەکەڵتوو، ئیلەڵلا ، حاجی قەلا، ئاوەگرد ، هەندێ گوند و جێی دووبارە کردۆتەوە ئەی بۆ جارێ ناوی (گۆڕ





قەرەج)ی نەهێناوە نەك هەر ئەو گوندانەی دەوروبەری کۆیە ناوی زۆر شوێنی هێناوە لە شیعرەکانی وەك دەشتی بیتوێن ، لاجان ، شێخ وەسان ، بەردەشان ، حەریر ، سابلاغ ، باڵەك ، سینگوڕە ، دەماوەند بیتوێن ، شێخ بزێنی ، بۆتان ،کەرکوك ، هەورامان، سنە ، سلێمانی ! ئەی بۆ ناوی گۆڕقەرەجی نەهێناوە پێ ناچێ چ یادگاریەکی هەبوو بێت ئەگینا ناوی دەهێنا و دەبووە بەڵگەیەکی مێژوویی .
تا ئیستاشی لەگەڵدا بێت و هیچ شاعیرێکی کۆیی و غەیرە کۆیی هێندەی حاجی قادری کۆیی سەرسام نەبووە بە کۆیە جگە لەوەی ناوی کەسایەتی و ناودارانی کۆیەی هێناوە (شێخ نەبی خاریجە لەم بابە) ستایشی کۆیەی زۆر کردووە کوڕیان غیلمان و کچیان حۆری و نمونەی جەنەت و قوبەی کشمیری بەرشەقاندا بێت و هەر کۆیین لە هەموو عەیبێ بەری بن و ڕۆستەمن وەختی شەجاعەت و حاتەمن وەختی سەخاوەت وەك دەردەکەوێت (١٤) جار ناوی (کۆیە و کۆ)ی هێناوە پێش بڕگێ ی پێ کردووە :

**نالی و خاکی بەبە ،( حاجی ) یو ( کۆیە) بەمەسەل**
**عەینیهی حافز و شیرازە کەلیم و هەمەدان**
**رەفیقانم لە (کۆیە) ئاشنانین !**
**و قوفی حاڵی ئێمەی بێنەوانین**
**لە شەرق و غەربەوە تا قیتعەیی کۆ**
**لە بەر گۆچانی ئەمرت بێ وەکو گۆ**
**لەبەر ئەم ناتەبایی و کینە جۆیی**

**لە لای ڕۆمی زەلیلن مەردی کۆیی**

**لە دەرووی کوللی باغی شاری کۆیە**

**دوو صەد بن داری زەیتونی بە جۆیە**

**لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ**

**قوبەی کشمیری دابەر شەق وەکوگۆ**

جیێ ی پرسیارە هێندە ناوهێنانی کۆیە ، ناو نەهێنانی گۆڕقەرەج ، توێژینەوە هەڵدەگرێت گومان دروست دەکات با وەك حاجی دەڵێت :

**ئاخر ئەم عەقڵەیان هەبوو بۆییێ**

**گەر سـولێمانـیە وەیا ( کۆییێ )**

زانای مەزن و نەمر مەسعود محەمەد لە کتێبی حاجی قادری کۆیی بەشی یەکـەم ، بەغدا ١٩٧٣ ، لە لاپەڕە ٧٨ لە بابەتی (حاجی قادری کـۆیی کـەی لـە کـوێ هاتۆتە دونیاوە ؟!) نوسیویەتی وەك خۆی دەینوسمەوە :

بۆ دیارکردنی جیێ ی لە دایك بوونی گۆتەییێکی تەواتور هەیە دەڵێ : حـاجی لـە گۆڕقەرەج بە وەلد بووە : نامیلکـەی باسـکراویش هـەر ئـەوە دەڵێتـەوە . ئەوەیـە گوتەی دەماودەمیش لە هەوەڵەوە هەر لـە نوسـینەکەی مـەلا عەبـدو ڕەحمانـەوە سەری هەڵدابێ و لەوێوە گەیشتبێتە ناو نوسراوی چاپ کراو . لە راستیدا ئەگـەر نامیلکەکـە بـۆ مێـژووی هاتنـە دونیـای سـاڵێکی گومانـاوی دیارنـەکردبا شایەدیەکەی ئەوم بۆ دیارکردنی جێگـەی لـە دایـك بـوونی بـە کـافی دادەنـا و دەمکردە پشتگیری کەرتی تەواتورەکە و ئەوەم لە بیرخۆم دەبردەوە کـە تەواتورەکـە زادەی نامیلکەیە و پشتگیری کردنی یەکێکیان لەوی دیکە دەبێتە شایەدی دان بۆ نەفسی خۆی . نالی چەند جارێك لە دیوانی شیعرەکەیدا ناوی خاك و خۆڵ دەهێنیێ





و لە هیچ هەڵبەستێکدا راناگەینیێ کە جێگەییێکی دیکە بوبیێ بە مەفتـەنی، بـە پێچەوانەی حاجی قادر کە لەسەرانـسەری دیوانەکـەی بـە غـەیری کـۆیی نـاوی جێگەیەك ناهێنیێ کە مەفتەنی بوبیێ . بەرێکەوتیش ناوی گۆڕقەرەج نـاهێنیێ وەك لە موناسەباتدا ناوی گەلێك دێی ولاتی کۆیە و غەیری کۆییێ دەبا نەیویستوە لە کۆییێ بەولاوە بۆی بەمەفتەن حیساب بکریێ . ئـاخۆ ئـەو دێیـەی بـاوکی حـاجی گۆڕقەرەج بوە یان غەیری ئەو هەر زاهیری حاڵ و راگەیاندنی تەواتور هەیە ساغی کاتەوە : هەرچی سەرچاوەی خەبەر هەیە دەڵیێ مەبەستی حاجی لـەو دێیـەی نـاو بەیتەکەدا گۆڕقەرەجە هەرچی باسی حاجی قادریشی کردوە بە قسە یا بـە نوسـین گوتوویەتی مەفتەنی خانەوادەیی حاجی گۆڕقەرەج بووە . ریوایەتی دووەم ، ئەویش بە تەواتور پێمان گەییوە ، دەڵیێ حاجی قـادر لـە کـۆییێ هاتۆتـە دونیـا ، مـەلا ئەحمەدی باوکی زوتر واتە بەر لە وەلادەتی حاجی گۆڕقەرجی جیێ هیشتووە . بەلای ئەم ریوایەتەوە بەیتەکەی حاجی کە دەڵیێ : (باوکم خەڵقی لادیێ بـو) ئـەو واتایـە هەڵدەگریێ کە بە ئەسڵ لادێیی بوو بیێ بەڵام لـە دەمـی وەلادەتـی حـاجی و شـت بەبیرهاتنی لە کۆییێ ژیا بیێ . پشت گیری کەرانی ئەم ریوایەتـە بـۆ بـەهێزکردنی رای خۆیان رستەی " خەڵقی لادیێ " دەکەن بە بەڵگە بۆ ئەمە کـە حـاجی خـۆی لادیێ ی نەبوبیێ دەنا دەبوا بڵیێ خۆیشی لادیێ ی بوە لەوەش زیاتر قسەیان هەیە بـۆ ئیسپاتی بیر و باوەڕی خۆیان : بەلای رای وانەی نابیێ دایکی حـاجی ، (فـاتیێ)ش لادێی بوبیێ ،چونکە لە رێی ، بە اصتلاح،( مفهوم المخالفه ) وە کە بگوتریێ بـاوك لادیێ ی بوە لە خۆوە دێتە زیهنەوە کە دایك شارستانی بوە . وەك ئەوەی یەکێك بڵیێ لە (نێوانماندا دارا خـەڵکی هەورامانـە ) دیـار دەکـەویێ ئـەوانی دیکـە خـەلقی هەورامـان نین ، دیسانەوە شتێکی تریش ئیزافەی سەر قسەکانیان دەکەن و دەڵـێن

ئەگەر جارێکیان حاجی گوتبێتی باوکم خەلقی لادێ بو لە هەمو دیوانەکەی و سەرانسەری شیعرەکانی خۆی بە کۆیی داناوە و سۆز و خۆش ویستنێك نەماوە لە ناخی دڵیەوە بۆ کۆییێ و خەلقی کۆیەی هەڵ نەڕشتبێ ئەگەر خەیاڵ و بیر کردنەوەی منداڵی بیگێڕبایەوە، حاجی خۆی مانیعە لەوەدا زادەی غەیری کۆییێ بێ ، بۆیە لزوم نابینم باسی هەندێ بەڵگەی لابەلا بکەم کە ئەوە دەگەینێ حاجی لە کۆیی بەوەلەد بووە چونکە نە کۆتایی بە دەمەتەقە دێنێ نەشتێکی ئەوتۆش ساغ دەکاتەوە ، تەئسیرێکی ببێ لە هیچ سەروبەری باسەکەمان . گۆیا ئەگەرحاجی قادر کۆیی نەباو سەردەشتی با وەیا ڕەواندزی چ فەرقێکی دەکرد ؟ بە نیسبەت کوردایەتی و گیانی میللی کوردەوە حاجی هەر دەمایەوە وەك یەکەم چرای شوعلەدار .

حەزرەتی حاجی چ کۆیی بێت یان گۆڕقەرەج مەزنایەتی خۆی هەر دەمێنێ بە هەستی تەسکی کۆیایەتی لێك مەدەنەوە حاجی شاری بێت یان لادێ ی هەر لوتکە ورابەر و گەورەیە بە شارولادێ ی نیە هەروەك خۆی دەفەرموێ :

**لازمە ئەم غەزەلە وەك غەزەلێ بیکەنە بەر**
**هەروەکو حاجی ئەگەر شارە وەگەر دیهکەدەیە!**

---

(١) تێبینی (ئەم بابەتە دوای ئەوەی بەشێکی لە ژمارە (٤)ی ڕۆژنامەی تاك بلاوکرایەوە لە کتێبی سایەی هەیبەسوڵتانی ڕەهبەری سەیدبرایمیش لەلاپەرە ١٠٢-١٠٧یش زیاترباسی لێوە کردووە.





## حاجی قادر لە کۆیە ژیاوە ، بەڵام کۆیی نییە

### جومعە کانی لەلەیی(١)

یەکێك لەمەرجە بنەڕەتیەکانی بەزانستی کردنی نوسینەوەی مێژو خستنەڕووی ڕاستی ئەو بابەتە مێژوییانەیە کە توێژینەوە ولێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، بۆ ئێمەی کوردیش دەرخستنی ڕاستیە مێژوییەکانی پێش سەدەی بیست بەتایبەت هەندێك ڕووداو کارێکی ئاسان نی یەو تاڕادەیەك سەختە چونکە ململانێ وشەڕوشۆڕی ئیمپراتۆر و زلهێزوداگیرکەران لەسەر گۆڕەپانی کوردستان ولەسەر حیسابی کورد بووە وهەردەم بواری خوێندن ونوسینەوەی مێژوی پێنەدراوە، بۆیە لێڵی و تەمومژ دەبینرێت لەسەر هەندێك ڕووداویەکێك لەو بابەتە گرنگانەی ناوەناوە دەووروژێنرێت وقسەی لەسەر دەکرێت مەسەلەی ژیاننامەی حاجی قادری شاعیرە، لە ڕاستیدا حاجی قادر زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە نووسەران ورۆشنبیرانی کورد قسەیان لەسەر کردووە، چونکە حاجی وێڕای بەتوانایی ولێهاتویی لە هۆنینەوەونوسینی شیعر، کەسێکی هۆشیاری سەردەمەکەی خۆشی بووە، درکی بەزۆر کەم وکورتی وناتەواوی کۆمەڵگای ئەوسای کوردی کردووە، وەکو لەشیعرەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوەوباس لە نەخۆشی و

ناتەواویەکان دەکات وچارەسەری بۆداناوە، یەکێك لەو نووسەرانەی لەسەر حاجی قادری شاعیر دواوە، برای بەرێز کاك ڕەهبەری سەید برایمە، لەژمارە(٤)ی بلاۆکراوەی(تاك)، کاك ڕەهبەر ویستویەتی لە شیعرەکانیا ژیان نامەی حاجی دەربهێنێ وکەمێك بەلای کۆیەدا بیباتەوەە هەرچەندە حاجی قادر خەڵکی هەر لادێ وشارێکی کوردستان بێ لەگەورەیی خۆیی و شیعرەکانی خۆی کەم نابێتەوە، بەڵکو لێکۆلینەوەوقسەکردن لەسەر بابەتی لەم جۆرە بەرچاو ڕوونی زیاتر دەدات بە خوێنەروبایەخ وئەهمیەتی ئەم کەڵە شاعیرە دەردەخات، ژیاننامەی حاجی قادر قسەوباس ولێکۆلینەوەی زۆرتر هەڵدەگرێت، چونکە حاجی لەسەردەمێکدا ژیاوە وخوێندن وخوێندەواری کارێکی ئاسان نەبووە، چاپخانەوکتێبخانەکانی کوردستان گەر هەشبوبێت بە پەنجەکانی دەست ژمێردراون، هەروەها هیچ نووسەرێکی کوردیان هیچ گەڕیدەوڕۆژهەلاتناسێك لەژیاننامەو شیعرەکانی نەدواوە وشوێن وڕەچەڵەکی دەستنیشان نەکردووە، بۆیە کارێکی سەخت و دژوارە ئەگەر پشت بەستن بەدێرێك شیعر یان دووان بلێین حاجی قادر خەڵکی ئێرەیە یاخود ئەوێ، کەوا بێ هیچ نوسراوێکی سەردەمی خۆی ڕاستی ژیانی حاجی قادر وڕەچەڵەك وزێدی لەدایکبوونی باس نەکردبێ ئەی چۆن بتوانین ئەوکتێب وئەم کتێب، یان ئەم شیعرو یان ئەم نوسراوە بەشاهیدوبەڵگەی زیندوو بگرین؟! کە نهێنییەکانی ژیانی حاجی قادرمان بۆهەڵداتەوە؟ پێموایە ئەم مەسەلەیە پێویستی بەلێکۆلینەوە وبەدوا داچونی زیاترووواقیعیتر هەیە، هەروەها بەندەش وەستانەوە وتێبینی خۆم هەیە، کە دەشێ لەچەند خالێك کۆیان بکەمەوە :

١- شاری کۆیە، خاوەنی قولاّییەکی شارستانی ومێژویی خۆیەتی لاّپەرەکانی مێژووش باسی ئەو کەڵەپیاوانەیان کردووە، کە خەڵکی شاری کۆیە





بوون وئەسڵ وبنەچەیان دۆزراوەتەوە، چونکە شاری کۆیە لە پێشەوەی شارەکانی کوردستان بووە، لە خوێندن وخوێندەواری، کەوایە بۆ هیچ نووسەرو ڕوناکبیرێکی کۆیە ژیاننامەی حاجی قادریان نەخستوّتە سەرلاّپەڕەکانی مێژوو، وەبە بەڵگە بیان سەلّماندایە کە حاجی کۆیی بووە؟! بێگومان ئەگەر حاجی کۆیی بووە زۆر پێش ئێستا ژیاننامەی دەخرایە ڕوو بگرە لەئێستاش زیاتر بایەخ بەحاجی وشیعرەکانی دەدرا.

٢- بەناوهێنانی زۆر جاری کۆیە لەشیعرەکانی حاجی(وەك کاك ڕەهبەر دەڵێ وکردویەتی بەبەڵگە) لەڕاستیدا بەڵگەی دیکۆمێنتی نی یە بۆ کۆیی بوونی حاجی چونکە چەندین شاعیری تر هەن کە خەڵکی کۆیە نین ولەشیعرەکانیاندا باسی کۆیەیان کردووە، هەروەها شاعیری کۆیش هەیە هەرباسی کۆیەی نەکردووە، کەوابێ شاعیری کۆیی کەناوی کۆیەی نەهێناوە وشاعیری ترکەناوی کۆیەی هێناوە چۆن بتوانین بەپێی شیعرەکانیان زێدی نوێیان بۆ دروستبکەین .

٣- کێ شاهیدە وکێ بەڵگەی هەیە کەحاجی شاعیر ئەو کاتەی لە کۆیە ژیاوە، نازناوی(کۆیی) هەڵبژاردووەە؟ ڕای گونجاوتر هەیە کە دەڵێ حاجی لە غوربەتدا نازناوی(کۆیی ) هەڵبژاردووە، چونکە کۆیە زۆر ناسراوتر بووە لەنازناوی گوندێك یان عەشیرەتێك بۆیە ئەگەر حاجی قادری شاعیر نەیگوتبێ(حاجی قادری ئۆمەرگومبەتی یاخود حاجی قادری دەربەندی)لەبەر ئەوە نەبووە خۆی بە خەڵکی ئۆمەرگومبەت وخۆی بەعەشیرەتی دەربەندی نەزانێ؟! بەڵکو هۆکەی ئەوە بووە شاری کۆیە یان نازناوی(کۆیی)لەغوربەتدا ناسراوتربووە لەنازناوی گوندێك یان عەشیرەتێك، بۆنمونە کەسێکی ئەستانبۆلی دەشێ ناوی کۆیەی بیستبێ بەلاّم

هەرگیز ناشێ ناوی گۆرقەرەج وئومەرگومبەت و عەشیرەتی دەربەندی بیستبێ، هۆی هەڵگرتنی ئەم نازناوی(کۆیی)یەش هەرئەوە بووە .

٤- لای کاك رەهبەر جێی پرسیارە کە زۆر ناوی کۆیەی هێناوە وهیچ ناوی گۆرقەرەجی نەهێناوە، ڕەنگە تەنها لای کاك ڕەهبەر جێی پرسیار بێت، ئەگینا شاعیرانیتر وەك بێکەس وگۆران وپیرەمێردو...تادهیچیان ئەوەندە ناوی زێدی خۆیان نەهێناوە تاکو دایان شۆڕین لەزێدی ڕەسەنی خۆیان ؟

٥- ئەگەر حاجی قادر خەڵکی کۆیە بوایە پەیکەرەکەی لەسەر وێنەی خزمێکی کۆیی بۆ دروستدەکرا، ئەوسا پێویستی نەدەکرد بچنە ئۆمەرگومبەت وژیاننامەی حاجی قادر لەحاجی موحەمەدی هەمەی ئۆمەرگومبەتی وەربگرن وهەر لەسەر شێوە و وێنەی ئەو پەیکەرێکی بۆ دروست بکەن .

(١) بەناوی(هەڵوێست کانی لەلەیی)لەڕۆژنامەی(تاك)ی ژمارە(٥)ی ساڵی یەکەمی مایسی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.





## حاجی قادری شاعیر دەربەندی و ئۆمەرگومبەتی بووە

### جومعە کانی لەلەیی(١)

ئەمڕۆلە دونیادا مێژوی زارەکی بایەخ وئەهمیەتی زۆری پێدراوە تەنانەت لە هەندێ وولاتی جیهاندا خراوەتە ناوبەرنامەو پرۆگرامی خوێندنەوە چونکە لەکۆندا ڕووداوەکانی لاڕێ وپەناگەکان نەخراونەتە سەرلاپەرەکانی مێژوو بەشێوەی نوسراو، بایەخی مێژووی زارەکی لەوەدایە هیچ توێژەرو نووسەروکامێرایەك لەکاتی خۆیدا ڕووداوەکانی مێژوویان نەنوسیوەتەوەووێنەیان نەگرتووە، لەهەمان کاتدا لەفەوتان ووونبوون پارێزراون وکراونەتە بنەمایەکی گرنگی مێژووی نوسراو، دیارە بڵاوکراوەی(تاك)لەچەند ژمارەیەکیدا ئازادانە لەسەر ژیانی حاجی قادری شاعیرو پەیوەندی حاجی قادر بە گۆرقەرەج وئۆمەرگومبەتەوە بڵاوکردۆتەوە وکەم وزۆر لەسەرتیرەوتایەفەوشوێنی ژیان ولەدایکبوونی دواوون کە هەندێکیان جێ ی تێڕامان و ووردبوونەوەیە، لە هەندێك جێگەی ئەو بابەتانەدا هەڵەی زەق وبۆچونی ناڕاست بەرچاو دەکەوێت کە جێگەی سەرسوڕمان ولەهەمان کاتدا وەلامی دەست بەجێ یە.

من لەم نوسینەمدا نامەوێ پەنجە بخەمە سەر هیچ لەو نووسەرانە یاخود ئەو بۆچوونە هەڵە وپڕکەم وکورتیانەی لەسەر مێژووژیانی حاجی قادری شاعیر

نوسراون بەڵکو دەمەوێت وەك ڕووناکبیرێك بەشێوەیەکی گشتی و بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتروزیاتر بەئاگابوون لە هەقیقەتی مێژو وژیان وشوێنی لەدایکبوون ورەچەڵەکی حاجی قادری شاعیرچەند ڕاستیەکی مێژوویی(مێژووی زارەکی ناوچەکە) بخەمەڕوو کە کەم تازۆر دوور یا نزیك پەیوەندی دارن بەژیانی حاجی قادری شاعیر پەردەش هەڵدەمالێ لەسەر ئەو حەقیقەتانەی تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ژێر لێوکرابوون ودەمامکی جۆراوجۆریان خرابوونە سەر، حاجی بەرلەوەی ئۆمەرگومبەتی بێت شاعیرێکی بەتواناو نیشتمانپەروەرێکی بێ خەوش بووە، بۆیە لەشوێنی خۆیەتی دەربەندی یەکان وبگرە هەموو کوردێك شانازی بە گەورەیی ئەوزاتەوە بکات ، زۆربەی بەڵگە دەمی وزارەکیەکانی ناوچەکە دەربارەی چیرۆکی ژیانی حاجی قادری شاعیروچۆنیەتی نیشتە جێبوون ولکانی ناوی گۆرقەرەج بەم شێوەیە دەگێرنەوە:

(لەسالانی ١٧١٥بۆ١٧٣٥ی زاینی، دوو ماڵە مەڕداری ئۆمەرگومبەتی کەمام وبرازا بوون، چونەتە ژووری گوندی ئۆمەرگومبەت بەچەند کیلۆمەترێك کەناوی ئەو شوێنە(هەواری موردەل) بووە، ئەم مام وبرازایە (ئەحمەد خدرعەلی) باپیری لالە(عەوللای حاجی موحەمەدی هەمە)یە، کە ئێستا لەتەقتەق دەژی ومام قادرعەلی باپیری حاجی قادری شاعیر بووە، هۆی چوونیان بۆ(هەواری موردەل)ئەوە بووە سەرچاوەی ئاو ولەوڕگا و پاوانی باشی هەبووە، دوای ئەوان چەند ماڵێکی تری ئۆمەرگومبەت ڕوو لەوێ دەکەن بەناوەکانی(مام حمەدەمین حاجی عەلی و مام مولود حاجی سمایل ورەشید ناوێك)لەپایزی ئەو ساڵەدا کەوا بریاربوو هەموویان بگەڕێنەوە بۆ ئۆمەر گومبەت، بەڵام وارێك دەکەون کە ئەو پایزو زستانەش لەوێ بەسەر بەرن ولەبەهاری دواتر کورێکی مام حەمەدەمینی





حاجی عەلی بەناوی(عومەر)لەتەمەنی شەش یا حەوت ساڵیدا بە نەخۆشی ڕشانەوە دەمرێت، منداڵەکە منداڵێکی رووح سووك وجوان و لەش سووك بووە لەماوەی ژیانیدا نازناوی (قنجە)ی بەسەردادەبڕن، بەڵام دوای مردنی لەسەر داواکاری و تکای دایکی کە ناوی(ئامینە)بووە، هەر لەنزیك ماڵەکەی خۆیان بەخاکی دەسپێرن بۆ ئەوەی ئامینەی دایکی بەبینینی گۆڕی قنجەی کوری فەراموشی دێت، بۆپایزی ساڵی داهاتوو وەك نەریتی کۆنی ناوچەکە دەیانەوێت هەواری هاوینەیان چۆل بکەن وبچنەوە ئۆمەرگومبەت، دایکی قنجە ئامادە نابێت، ئەو هەوارە بەجێبهێلێت وهەربۆیە ئەوچەند ماڵە بەناچاری لەوێ دەمێننەوە، ساڵ دوای ساڵ ئەو هەوارەیان لا خۆشتر دەبێت وجێگەوڕێگەی حەوانەوەیان خۆشتر دەکەن، ئۆمەرگومبەتیەکان بۆ ناسینەوەوناساندنی ئەو چەند ماڵە دەیانگووت لای(گۆرقنجە)واتە لای گۆری (عومەر)کەناوی نرابوو(قنجە)، سەرئەنجام(گۆرقنجە)بووە ناونیشانی ئەو چەند ماڵە.


دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ دوای ناشتنی مردوانی ئەو چەند ماڵە لای گۆڕقنجە ئەو هەوارە هەواری موردەل دەبێتە نیمچە گوندێك، مام قادرعەلی کەباپیری حاجی قادری شاعیربووەلەگۆڕقنجە ولەو سالأنەی ئەوێ دەمێ کورێکی دەبێت ناوی لێ دەنێت(ئەحمەد)، ئەو ئەحمەد ناوە کە باوکی حاجی قادری شاعیر بووە، لەتەمەنی منالێدا توشی نەخۆشی ڕشانەوە دەبێت، باوکی لەترسی منداڵەکەی نەکا بەدەردی قنجە بچێت گۆرقنجە بەجێدێلێت ماڵەکەی دەباتەوە(ئۆمەرگومبەت)، ماڵەکانی تریش لەبەر سەرماوسۆلەی ئەو زستانە گۆرقنجە چۆل دەکەن وهەندێکیان دەچنەوە گوندی ئۆمەرگومبەت ودوای چەندسالێ تریش ئەوانی تر دەچنە گوندی(گەرمکی تەقتەق)، چەند جاریتریش

ئۆمەرگومبەتیەکان لە بەهاروهاوین دەچنەوە گۆرقنجەولەپاییزوزستانیش چۆڵی دەکەنەوە، ئەحمەدی باوکی حاجی قادر لەتەمەنی لاوێتیدا کچێکی(مام حاجی مەولودی مام برایمی ئۆمەرگومبەت)دەکات بەهاوسەری خۆی کەناوی(فاتم) بووە، وەك دەگێڕننەوە(حەوت شەو و ڕۆژ)شایی و ئاهەنگی بۆ ئاهەنگ کراوە دوای پێنج ساڵ واتا لەساڵی(١٨١٩-١٨٢٠)کوڕێکیان دەبێت بەناوی باپیریەوە ناوی دەنێن(قادر)کە حاجی قادری شاعیر بووە هەرلەو ساڵەدا(مام ئەحمەدی باوکی حاجی قادر)بەنەخۆشیەکی کتوپڕ کۆچی دوایی دەکات، دەڵێن(یەك مانگ)لە ئۆمەرگومبەت پرسەی بۆدانراوە، دوای مردنی مام ئەحمەد (فاتمی دایکی حاجی قادر)دەچێتەوە ماڵ باوکی خۆی(مام حاجی مەولودی مام برایمی)، لەبەر ئەوەی حاجی مەولود کەسێکی خوێندەواربووە، بایەخی خوێندەواری زانیوە وحاجی قادری خستۆتە بەرخوێندن لای(مەلا ئەحمەدی ئۆمەرگومبەتی)کە چەندین فەقێی تری هەبووە وەك(فەقێ موحەمەدی سێکانی وفەقێ عەلی بانەموردی ...تاد)، حاجی قادر لەتەمەنی(١٠) ساڵیدا خوێندنی لای مەلا ئەحمەدی ئۆمەرگومبەتی تەواو دەکات، مەلا ئەحمەد بەحاجی مەولودی باپیری حاجی دەڵێت ئەم منداڵە بنێرە بەر خوێندن لەشارەکان، حاجی مەولودیش بەقسەی دەکات وفاتمی کچی وحاجی قادر دەباتەکۆیەو بەناسیاو ودۆستێکی خۆی بەناوی(عەزیز) دەیانسپێرێ، بەمەبەستی تەواوکردنی قۆناغەکانی تری خوێندن، دوای ئەوەی حاجی گەورە دەبێت وڕوو دەکاتە شارەکانی تری کوردستان، دایکی لەکۆیە کۆچی دوایی دەکات ولە ئۆمەرگومبەت حاجی مەولودی باوکی پرسەی بۆ دادەنێت، ئەو چەند ماڵەی کە لەسەردەمی باپیری حاجی قادر وبرازاکەی ناوی بە گۆرقنجە دەرکردبوو بەتێپەڕبوونی کات و ساڵ دوای ساڵ، وەچە دوای وەچە گۆڕاوە بووە





بە(گۆرقەرەج)واتە لە گۆرقنجەوە بوە بە گۆرقەرەج لەڕاستیدا گۆرقنجە(گۆرقەرەج)گوند نەبووە بەڵکو تەنها هەواری مەڕلەوەڕێنی ئۆمەرگومبەتیەکان بووە، بەڵگەش بۆ ڕاستی بۆچونەکەمان لەو ناوچەیە تەنها گۆرقنجە(گۆرقەرەج)ناوی تۆمارکراوی نەبووە ونی یە لەهیچ دام ودەزگایەکی دەوڵەتدا بەهیچ شێوەیەك ناوی نەهاتووە، دەمەوێ ئەو ڕاستیەش بلێم(مام عەلی)کە باپیرە گەورەی حاجی قادرشاعیر بووە، کوری کوری جومعە دەربەندی بووە، وە لەهاتنی(جومعە دەربەندی)وکورەکانی بۆ ئەو ناوچەیە ڕای جیاواز هەیە، ڕەنگە مێژوو ئەوە باش ساغ بکاتەوە، مێژوی زارەکی ناوچەکە خزمانی حاجی قادری شاعیر لە تەقتەق دەژین وخەڵکی ئۆمەرگومبەتن، هەروەها دەڵێن حاجی قادر دەربەندی وئۆمەرگومبەتی یە وەك لای خوارەوە ڕێزبەندی خانەوادەی ماڵی لالە عەوللاّی حاجی موحەمەدی هەمەڕەق کە لە تەقتەق دەژین لەگەل ماڵی حاجی قادری شاعیربەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:




(١) بەناوی(هەڵوێست كانی لەلەیی)لەڕۆژنامەی(تاك)ی ژمارە(٥)ی ساڵی یەكەمی مایسی ٢٠٠٥ بلاّوكراوەتەوە.





## حاجی قادری گۆرقەرەجی و گێڕانەوەی بەرماڵی پێغەمبەر(د.خ) لە ئەستەمبوڵەوە بۆ كەركوك

### د.جەمال موحەمەد باجەلان، زانكۆی كۆیە(١)

١-خوێنەری ئازیز ئەگەر ئاشنای تەواوت نەبێت لەگەل شیعرەكانی حاجی قادرگۆرقەرەجی مومكینە بە لات سەیر بێت كە باسی حاجی وهەوڵی بۆ گێرانەوەی ئەم بەرماڵە، لەبەر ئەوەی حاجی پەڕاگەندەی ولاّتی غەریبی بووە، لەناوچەوانی بەناو شێخانی تەریقەتی ئیسلام لە كوردستانەوە، بەلاّم لە حەقیقەتدا حاجی قادر پیاوی بەدین وبەرێزبووە لەگەڵ ئاینی ئیسلام و زانایانی، وە چەند قەسیدەی بە پێزی هەیە، لە مەدحی خوداو پیاوانی ئاینی ئیسلام .

٢-وەدەبێ بزانی بنەماڵەك هەیە لە كوردستان بەناوی(خادم السجادە)پێشتر لەكوردستانی ئێران(جوانڕۆ)دوای كوردستانی عێراق لەكۆیە دواتریش لە كەركوك جێگیر بوون وئێستاش هەرلەكەركوكن، مزگەوتی خادم السجادە لەكۆیە هی ئەو بنەماڵەیە.

٣-ئەم بنەماڵەیە بەرەچەڵەك ئەگەرێنەوە سەر عوسمانی کوری عەفان خەلیفەی سێیەمی ئیسلام کە مەولاناخالیدی نەقشبەندیش لەو بنەماڵەیە، بە گوێرەی ئەم زانیاریەی کەماموّستا(عەبدولکەریمی بیارە)نوسیویە لە(بنەماڵەی زانیاران،چاپی یەکەم، بەغداد ،١٩٨٤،لاپەرە ٦٠٣-٦١١).

٤-بەگوێرەی ئەم زانیاریەی لای ئەم بنەماڵەیە لەبارەی ئەم بەرماڵەی پێغەمبەر(د.خ)کراوەتە دیاری بۆ حەزرەتی عوسمان پاش گەرانەوەی لە حەبەشە بۆ مەدینەوە، ئەوبنەماڵەش دەست بەدەست پاراستویانە تا ئێستا وا لە کەرکوکن، زۆر کەس زیارەتی کردووە، یەك لەوانە ماموّستا عەبدولکەریمی بیارەیە.

٥-وە ئەم بەرماڵە وەقفی تایبەتی وراتبی تایبەتی هەبووە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بەپاراستن و پیشاندانی بەخەڵك، وە مزگەوتی(خادم السجادە)لە کۆیەوخانەقای ئەوبنەماڵەیە لەکەرکوك تائێستا جێیان دیارەوئاوەدانە.

٦-سوڵتانەکانی عوسمانی لەبەرئەوەی حکومیان بەناوی خەلیفەی ئیسلام ئەکرد زۆر هەوڵیانداوە هەرئاسارێکی پێغەمبەروخەلیفەکانی راشیدین (ئەبوبەکروعومەروعوسمان وعەلی)هەیەکۆی بکەنەوە لای خۆیان لە جێگایەکی تایبەتی لە ئەستامبوڵ دایان ئەنا، هەرکاتێك یەکێکیان ئەبوو بەخەلیفە، عەبایەکەی پێغەمبەرو(البردە الشریفە)شیروچی کەهەبووە لایان، لەبەریان ئەکردوحازریان ئەکرد لەپێش چاوی خەڵکی بۆ ئەوەی شەریعەتێك بەخۆیان بدەن .

٧- کار بەدەستانی عوسمانی لە هەموو ولاتانی ئیسلام هەردەم لە هەوڵدابوون بۆکۆکردنەوەی ئەم جۆرە ئاسارانەی پێغەمبەر(د.خ)بۆ وەرگرتنی سوپاس وبرێك پارە .





٨-لەو روانگەوە ماموّستا سدیق مەلاسالح گەرمکی لە هەشتاکانی ئەم چەرخە بۆی گێراینەوە لەمزگەوتە کۆنەکەی تەقتەق ووتی(لەگەڵ مەلا سەعیدی برام لەکەرکوك ئەمانخوێند گوێم لە حاجی ئەمینی کوری حاجی موحەمەدی مەلا سەعیدی بووکەلێپرسراوی خانەقاوبەرماڵەکە بوو لەگەرەکی (بلاّغ) لەکەرکوك ووتی "بەیانیەك جەندرمەی عوسمانی لەکەرکوك دەوری ماڵەکەیان گرتین و بەزۆرداری بەرماڵەکەیان لێساندین و گوایە ئەیبنێرن بۆسوڵتان ووتی هەرچەندسەنەدوفەرمان وبەڵگەی تایبەتیمان بووکە ئێمە خاوەنی ئەم بەرماڵەین نیشانماندان، بەلاّم سوودی نەبوو بردیان".

٩-حاجی ئەمین بە(رەفیقەئەفەندی)کوری ئەڵێ"کورم ژیانی ئێمە لەسەر ئەم بەرماڵەیە وشەرەفی عائیلەکەمان لەوەوە هاتووە، دوو وولاّغ پەیدابکەولەگەڵ پێویستی سەفەر تا بچینە لای سوڵتان بەڵکو وەریبگرینەوە، ماموّستا مەلا سدیق لەدرێژەی گێرانەوەی ئەم سەرگوزشتەیە گووتی"رەفیقی کورم ووتی باوکە کێ ئەنناسی؟! چیت پێ ئەکرێ؟ ووتم رۆڵە برادەرێکی زۆر خۆشەویستم هەیە لە ئەستامبول شاعیرێکی بەناوبانگە ناوی حاجی قادری کۆیی یە ئەچینە لای ئەو هەموو شتێکمان بۆ ئاسان دەکات .

١٠-حاجی ئەمین لەدرێژەی سەرگوزشتەی بەرماڵەکە دەڵێت:کە گەیشتنە ئەستامبوڵ پاش پرسیارکردن حاجی قادرم دیتەوە، کابرایەکی زگورتی وسەڵت، پاش دەست ودەم ماچکردنی یەکتری پێم راگەیاندکەبۆچی هاتومەتە لای ئینجا حاجی قادر ووتی"تۆدەزانی من وئەمجۆرە شتانە لێك دوورین(واتە لەگەڵ پیاوانی حکومەت و هەم مەسەلەی بەرماڵ ونان خواردن پێوەی) ماموّستا مەلا سدیق ووتی"حاجی ئەمین ووتی منیش ووتم حەددت چیە؟ ئەبێ هەوڵم بۆ بدەیت

ویارمەتیم بدەیت" حاجی قادریش بەگرژیەوە ووتی بەسەرچاو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزی دۆستایەتی نێوان حاجی وئەو بنەماڵەیەی خادم السجادە لەکوردستان .

١١-دوایی حاجی پێی ڕاگەیاندم کە هەندێ برادەرم هەیە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەم خوا کەریمە.

١٢-حاجی ئەمین ئەڵێ"لەکاتی دیتنی حاجی ئایا جاری یەکەم یا دواتر؟ برادەرێکی حاجی هات هەندێ پارەی بۆهێنابوو کە لێی وەرگرێ حاجی ووتی ڕاوەستە با تەماشای ژێر لبادەکەم بکەم بزانم چیم ماوە یان نا؟ کە تەماشای کرد هەندێك پارەی مابوو پێی ڕاگەیاند کەپارەکەی ناوێت و بیدە برادەرێکیتر بەشی سبەینێ و دووەی دەکات خواکەریمە بۆ دواتر .

١٣-حاجی ئەمین لەگەڵ حاجی قادرو برادەرەکەی کەداوای لێکردبوو، داوایەکیان نوسیوو پێشکەش بەسوڵتان عەبدولحەمیدیان کرد(وابزانم مامۆستا مەلا سدیق ناوی عەبدولحەمیدی هێنا)هەرچی بەڵگە وفەرمانی تایبەت هەبووبە بەرماڵەکە لەگەڵ داوایەکە درا بەنوسینگەی سوڵتان و ڕۆژی دیاریکراویان بۆ داناین .

١٤-لەکاتی دیاریکراودا حاجی ئەمین وحاجی قادر چوونە دیوانی سوڵتان، ئیتر دیارە پاش خوێندنەوەی بەڵگەکان سوڵتان قەناعەتی هاتبوو، کە بەزۆر لێیان سەندراوە ئەویش بەفەرمانێکی نوێ وڕاتبیەکی تایبەت ئەمری کردسەرف بکرێت بۆلێپرسینەوەی ئەم بەرماڵە لەشاری کەرکوك .

١٥- حاجی ئەمین بەرماڵەکە خرابووە ناو سندوقێکی تایبەت جوق ومۆسیقای عەسکەری لێدرا سوڵتان سندوقەکەی هاویشتبووە سەر دەستی





وفرمێسك لەچاوی ئەهاتە خوارەوە ووتی"کامەتان میراتگری ئەم بەرماڵەن، فەرموو وەریبگرە، ئیتر حاجی ئەمینیش وەریگرتەوە وهێنایەوە کەرکوك و تائێستا لای ئەم بنەماڵەیە پارێزراوە .

١٦-نازانم ئەو هەواڵەی لەنێوان وەزارەتی ئەوقافی بەغداوسەدام پێش ڕووخانی بەماوەیەکی کەم بۆ بردنی ئەو بەرماڵەیە بۆ بەغداد چی لێهات ؟ ئومێدەوارم لە دەرفەتێکی تر بتوانم ئەم شتە یەکلابکەمەوە .

١٧-ئەوەی لێرەدا شایەنی باس بێت ئەوەیە:

ا- کەحاجی قادری گۆرقەرەجی پیاوێکی لێهاتووبەکەڵك بووە هەستی بەپێویستی خزمەتی وولات وبرادەرانی زۆربەهێز بووە، بۆیە بەم کارە هەڵساوە .

ب-ناوی حاجی قادروشاعیریەتی نەك کۆیە ودەوروبەری بەڵکوکەرکوك ودەوروبەریشی پێی ئاشنا بوون.

ج-ئەوەی جێگای باسە مامۆستا عەبدولکەریمی بیارە لە کتێبەکەی(بنەماڵەی زانیاران)لاپەرە(٦٠٨)ناوی مەلا سەعدی کۆیی گەورەی هێناوە لەساڵی(١٢٦٠کۆچی)لەکۆیە مردووە ئەوکاتە باپیری حاجی ئەمینی ناوبراو، وا دیارە ئەو بنەماڵەیەش پاش مردنی مەلا سەعدی کۆیەیان بەجێهێشتووە وچونەتە کەرکوك .

١٨-سەرچاوەی ئەم ووتارە کە مامۆستا مەلاسدیقی مەلا ساڵحی گەرمکیە کەساڵی ١٣٢٠کۆچی لە دایکبووە لە ١٤٢٣کۆچی مردووە لەتەقتەق بەخاك سپێردراوە، ئومێدەوارم ئەم گێرانەوەی سەرگوزشتەی حاجی قادرو بنەماڵەی(خادم السجادە)ببێتە هاندەرێك بۆ هەموو خوێندەوارو ڕۆشنبیری وولاتە کەمان، چی باس وبەسەرهات و ژیاننامەی کەڵەمێردولێهاتوانی وولاتەکەمان هەیە، بینێرنە

لای دەستەی نوسەرانی (تاك)بەڵكو بلاوی بكەنەوە، بەو ئومێدەی نەوجەوانانی وولاتەكەمان، شارەزاییان بەوولات وكەسایەتیەكانیان هەبێت .

(١)لەژمارە(٥)ی ساڵی یەكەمی مایسی ٢٠٠٥ی ڕۆژنامەی(تاك)بلاّوكراوەتەوە





## بەیتێكی حاجی قادرو بۆچونێكی تر

د.جەمال محەمەدباجەلان، زانكۆی كۆیە(١)

عمرگونبەتی لەزەتی داتەپی
تەكەڵتوی شكا ئەسپی زینی حەیاتی

بڕوانە دیوانی حاجی قادری كۆیی لاّپەرە ٥٥چاپی ١٩٨٦ز، لێكۆڵینەوە ولێكدانەوەی(سەردار میران وكەریم شارەزا) پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد، ئەوەی ئەمەوێ بیدركێنم ئەوەیە:

یەكەم:مامۆستایان(سەرداروكەریم ومەسعود)بە پەراوێزی عمرگونبەتی وتەكەڵتوو لاّپەرە ٥٦نوسیویانە:"(عمرگونبەت)بەدوو مانا بەكارهاتووە، یەكەمیان بەو مانایە دێ كە پیر بووە گونبەتی خۆشی تەمەنی داتەپیووە لەم حالەدا ووشەی(عمر)بەعومر دەخوێنرێتەوە، دووەمیان بەمانای ناوی(دێی ئۆمەرگونبەت) دێ كەكەوتۆتە خوارووی كۆیە لەم حاڵەتەدا ووشەكە(عومەرە).

تەكەڵتوو دیسان بەدوو مانا بەكارهاتووە:

١-تەكەڵتوی زینی ئەسپی ژیانی خۆی

٢-ناوی گوندێكە لە خوارووی ڕۆژهەلاتی كۆیە

دووەم: ئەبێ بزانین لەگەڵ ئەو دوو مانایەی کە بۆ ئەو دوو ووشەیە باس کراوە سەروماناى ترهەیە:

١-عمرگونبەت هەروەك ناوە بۆدێی ناوبراو هەم ناوە بۆمەزارێك کە گۆرستانێکی لە دەورەوشۆرەتی لای دانیشتوانی گوندی ئۆمەر گومەت بە(شەخس)یا پیاوچاکی ئۆمەرگومبەتەکە، بەدووری سەعاتە ڕێیەك ئەبێت لە باکوری گوندی ناوبراو، لەپاییزی ١٩٦٥دیومە بۆ خۆم (٢)

لەگەڵ خەڵکی دێی ناوبراو چوینە زیارەتی دیاربوو دەوری گۆڕەکە بەخشتی سورەوە کراو هەڵێنرابوو، سەری بە جەمەلۆن گیرابوو، لە بەناو ساڵاچووەکانی ئەو کاتەم پرسی: ئەم گۆڕە چۆن بووە؟ ووتیان"لە کاتی خۆی گومەزی(قوبە)لەسەر بووە وڕووخاوە، ئێمەش ئاوەدانمان کردۆتەوەوبەجەمەلۆن سەرمان گرتووە، وادیاربوو گۆڕەکەکۆن بوو بەدووری نازانم لەزەمانی حاجی قادریش ئەم گومەزە یا(گومبەتەی) سەرگۆڕەکەی بەتەپاوی و ڕووخاوی دی بێ یابیستبێ، ئینجا ئەشێ حاجی قادرمەبەستی لە بەکارهێنانی(عمرگومبەتی)لەزەتی داتەپی ، وەك لەزانستی بەلاغە بەشی ئەلبەدیع (المعنوی)پێی دەڵێن(توریە)واتە: ووشەیەك بۆ دوو واتا بەکارهاتووە، یەکێکیان دوور ئەویتریان نزیك لەزیهنی بیسەر یاگوێگر، جا حاجی قادر مەبەستی:

١-تەپینی خۆشی و تەمەنی مەبەست بووە وەك مانا نزیکەکەی.

٢-مەبەستی گومبەزوگومبەتە تەپیوەکەی سەرگۆڕی پیاو چاکەکەی ناوبراوە وەك مانا دوورەکە.

سێیەم:ئەو بۆ چوونەش بەرەوشتێکی ترمان دەبا بەلای کەمەوە سەرنجمان بۆشتێکی تر رادەکێشێ ئەویش ئەمەیە کە حاجی قادر بەم شیعرە:





عمرگونبەتی لەزەتی داتەپی

تەکەڵتوی شکا زینی ئەسپی حەیاتی

ئیشارەتە کەئەیکا بۆڕەچەڵەکی خۆی کە ئەو کەڵەشاعیرە ئۆمەرگومبەتی یە وەدەربەندی یە، وە ئەم بۆچونەش زۆر پێچووە لەبەر ئەوەی(یاء النسبە)لەزمانی کوردی وەك عەرەبی کە بەکاردێت لەکۆتایی ووشە، واتا ئەم ناوە هی ئەو جێ یەیە، یا لەم عەشیرەتەیە، چۆن دەڵێن هەولێری یان کەرکوکی یان کۆیی، ئینجا بەدووری نازانم کە حاجی قادر لەگەل وەسفکردنی پیری خۆیی وتەپینی خۆشی تەمەنی مەبەستی ئەوە بووە نیشان بدا کاکی عومەرگومبەتی کە حاجی خۆی پیربووە وداتەپیوە، وەك گومبەتەکەی سەر گۆڕەکەی پیروپیاوچاکی مەشهوورە بە ئۆمەرگومبەت (٣).

شایانی باسە بەر لەوەی خزمانی ئۆمەرگومبەت و سێگردکان لەگەڵ عەشیرەتی(باجەلان)بەیەك شادببنەوە سەردانی یەکتربکەن وبزانن ئەو دوو دێ یە باجەلانن بەرێز مامۆستا ئیبراهیم باجەلان ڕۆژنامەنوس ونووسەرو شارەزا لەمێژووی عەشیرەتی باجەلان کە ئێستا لە خانەقین دەژی، پێشتر لەکەلار لە وەلامی نامەیەکی خۆم کە بۆم نوسیبوو، پێشتر لەبارەی باجەلان ومێژوویان، بۆی نوسیبوم"حاجی قادر لە عەشیرەتی باجەلانە"وەهەم لەم ماوەیە ڕۆژی ٣٠-٦-٢٠٠٥مامۆستا شێروان شێروەندی کە یەکێکە لەناودارەکانی باجەلانی کەلاروخانەقین تەشریفی هێنا بۆ کۆیە وهاتە لام باسی دەربەندی وئۆمەرگومبەت وسێگردکانی بۆکردم کە باجەلانن وحاجی قادریش لەم دەربەندیانەیە .

چوارەم:تەکەڵتوو زیاد لەو دوو مانایەی کەمامۆستایان(میران وشارەزاوکاك مەسعود)باسیان کردووە، مانایەکی تریشی هەیە کە(تەکەڵتوو)ناوی یەکێکە لە

لوتکەکانی چیای(کانی لەلـە)یـان گۆرقـەرەج، بـەدیوی ئۆمـەرگومبـەت ودیـار شێروەزەن، کە بۆخۆم بیستومە لە شارەزایانی گوندی ئۆمـەرگومبەت ئەو کاتـەش (تەکەڵتو)کە بەلوتکە ناوبرابێ، وەك مانا دوورەکە لە(بابی التوریە)باشـترە نـەك گوندی تەکەڵتوی ئێستا کەناوی گوندێکە لەرۆژهەلاتی چیای باغەجنێر.

پێنجەم: ئەم ڕاوو ووردکردنەوەیەی کەباسم کرد لەرۆشـنایی (**منطوق اللفظ ومفهومە**)وەرئەگیرێ، هەروەك باوە لە زانستی(قانون واصول الفقە).

شەشـەم: مەبەستیـشم لەدرکانـدنی ئـەو بۆچـونەی خـۆم هـیچ لایـەنگری یابەرپەرچدانەوەی ئەو لێکۆڵەرەوانە نی یە کە بۆچونی تایبـەتیان هەیـە لەسـەر حاجی قادر، کۆیی یە یان گۆرقەرەجی یە یان دەربەندی یە یان زەنگەنـە، هـەموو بۆچونەکان جێی رێزە وشیاوی باس ولێکۆڵینەوەی گەلێك قوڵترە .

---

(١)لەژمارە(٦)ی ساڵی یەکەمی حوزەیرانی ٢٠٠٥ی ڕۆژنامەی تاك بلأوکراوەتەوە

(٢)کە کاتی سەرە پەڵە بوو ماڵی باوکم چوو بۆ ئۆمـەرگومبەت، گوندی تاڵەبانی گـەورە چۆڵکرابوو، ئەوکات ئۆمـەرگومبەتیەکان نەریتێکیان هەبوو نـازانم ئێـستا مـاوە یـان نا؟کـە بەرهـەمی کۆتـایی سـاڵیان بەدەسـت دەهێنـا ئەچـوونە سـەر گـۆرو گۆرسـتانی شەخـسی ئۆمـەرگومبەت نانیان دەخواردوو قەراری کۆمـەلێك جوانەگا ومـەڕ-یان ئەداو کەسەری ببڕن وەك سوپاس بۆ خودا لەسەر باشی بەرهەمی وەرزی ئەو ساڵەیان، والەبیرمە ڕۆژی دوایـی جوانـەگاو مەڕەکانیان سەربڕی و لەپشت مزگەوتی گوندەکە هەرتاکێك لە دانیشتوانی گوندەکە بـەگرانی





دوو پاکەت فیشەکی برنۆی پێ برا، خوا لێخۆشبوو(عەبـدوللأی حـاجی سـۆفی)سەرپەرشـتی کارەکەی کرد.

(٣)بەرێز مامۆستا مەسعود محەمەدلە لێکۆڵینەوە قولەکەی بەناوی حاجی قادری کـۆیی ل:١/٧٨لەژێرناوی (حاجی قادری کەی لەکوێ هاتۆتـە دنیـا؟)وە هـەم بـەرێزان سـەردارمیران وکەریم شـارەزا وکـاك مەسـعود محەمـەد لـە پێـشەکی کـە بۆدیوانەکـەی حاجیـان نوسـیوە :ل١٠بەهەمـان پرسیار، وادیارە تەنیا پاڵپشتیان (الروایە الشفهیە)ونامیلکـەی دەسـت نوسـی مەلا ئەنوەری کوری مەلا عەبدوللأی خزمی حاجی قادرە، وەکـاك مەسـعودئەلێ: داخـم ناچـێ لەدایك بوون و چەند ساڵی سەرەتای عومری بۆ تـەخمین دەمێنێتـەوە!بڕوانـە بەشـی یەکـەمی لێکۆڵینەوەکەی کاك مەسعود ل ٩٨.

## گۆڕقەرەج،گوند بووە نەک دەوارو ڕەشماڵ نشین

### فەخرەددین سەعید گۆڕقەرەجی(١)

گۆڕقەرەج گوند بووە، نەوەك دەوارورەشماڵ نشین، چونکە چەندین بەڵگەی زیندوو وحاشاهەڵنەگر هەیە کە دەبێتە هۆی سەلماندنی قسەکانمان، من خۆم یەکێکم لەوانەی کە بەڕەچەڵەك گۆڕقەرەجیم وتا ئەمرۆش خۆم بەگۆڕقەرەجی دائەنێم وباپیرم وباوکی باپیرم لەوگوندەدا ژیاون وگوزەرانیان بردۆتە سەر بۆسەلماندنی گوندێتی گۆڕقەرەج بە پێویستی دەزانم ئەمانە بخەمەڕوو:

یەکەم: سنوری گۆڕقەرەج بەهۆی گەڕان وبەدواداچوون بۆم دەرکەوتووە پێش ئەوەی گوندی گۆڕقەرەج چۆل بکرێت وسنورەکەی لەلایەن گوندەکانی دەوروبەرەوە داگیربکرێت سنورەکەی بەم شێوەیە بووە(لە بانی لولەکەوە لەسنوری گوندی تاڵەبان بەدیووی ئەمدیووی درێژدەبێتەوە بەرەو پارچە زەوی زوڵفەقار لە گوندی ئیلنجاغی گەورە سنورەکەی دەگەرێتەوەلە تۆلانەوەکە دەکاتە خوار گوندی ئیلنجاغەوە بەدرێژایی ڕووبار بەری ئەم بەری دەگرێتەوە تاوەکو شێروەزەن لە ئۆمەرگومبەت لەوێشەوە هەوراز دەبێتەوە تاوەکو بانی سوسکاوە لەگوندی کانی لەلە وبەقەدپاڵی چیادا(مەبەست بەرزایی گۆڕقەرەج)ە، دێتە خوار بۆ حەسەن





کوژراو لەگوندی گەرمکی تەقتەق، ئەمە سنوری ڕاستەقینەی گوندی گۆڕقەرەجە، پێموانیە دەوار نشین یاخود کۆچەر سنوری بەم شێوەیە بێت .

دووەم : ژمارەی دانیشتوانی گۆڕقەرەج بە پشت بەستن بەو ووتانەی کەدەماودەم وپشتاوپشت باوکم لە باپیرم و منیش لە باوکم وەرمگرتووە، ژمارەیماڵەکانی گوندی گۆڕقەرەج بەر لە چۆڵکردن(٤٠-٦٠)ماڵ بوون، ئەگەر بۆهەرماڵێك (٤)کەس بکەین بەپێوەر ئەوا ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان(١٦٠-٢٤٠)کەس بووە، جگە لەمەش بوونی دوو گۆڕستانی گەورە لە نزیك ئاوایی گۆڕقەرەج لە گوندێتی گۆڕقەرەج بەو لاوە چیتر ناسەلمێنێ چونکە دەوارنشین لەوانەیە تەنها قەبرە غەریبانەیان هەبێت جگە لەمەش کاولە گوندی گۆڕقەرەج تائەمرۆش مێراب و بناغەی خانووگۆزەشکاو وشوێن ئاگردان و...تاد، تیابەدی دەکرێت ئەمەش بەڵگەیە بۆگوندێتی گۆڕقەرەج چونکە هیچ کات نەمبیستووە مرۆڤ بە کۆمەڵە خانوویەك کە لەبەردوقور دروستکرابێت بلێت دەوار نشین .

سێیەم : بنەماڵەکانی گوندی گۆڕقەرەج ئەو بنەماڵانەی کەلە گوندی گۆڕقەرەج نیشتەجێبوون کەلە بنە چەدا لەناوچەی(داودەو زەنگەنە)وە هاتوون بۆئەوەی لەناوچەکە بەهەمیشەیی بمێننەوە، ئەو کات چ پێویست ناکات لە نێو کەپرو دەواردا نیشتەجێبن، گرنگترین ئەو بنەماڵانەی کەلە گۆڕقەرەجەوە دوای چۆڵکردن ڕۆیشتوون بەرەو ناوچەکانی دەوروبەر بریتین لەمانە: بەرەی عەوڵلاً شاوەلەگوندی جگیلە، بەرەی ئەحمەد شێخە لەگوندی گەرمکی تەقتەق، ماڵی مەلا عەبدوڵلاً لەگوندی گۆمەگڕووکە دەکاتە باوکی مەلا ئەنوەری باوکی بەڕێز کاك سمکۆ، بەرەی ئاورەحمان حیمە لە ئیلنجاغی ناوشوان، بەرەی هەمزەقوڕاوی لە قەرەناو، بەرەی وەستا جەبار لە باغەجنێر ....تاد.

چوارەم : لەرووی تۆمارنەكردنی گوندی گۆرقەرەج تاوەكو ئێستا ئەو گوندانەی كەناویان هەیەلە تۆمارەكانی حكومەتی عێراقدا، ئەو گوندانەن كە لەدوای شۆرشی ١٩٢٠لەعێراقدا ئاوەدانیان تێدا هەبووە، لەكاتێكدا گۆرقەرەج بەر لەسەدەی بیست چۆڵكراوە، هیچ ئاوەدانی وكێخوایەكی نەبووە، تاوەكو ناوی تۆماربكرێت، لەهەمان كاتیشدا زەوییەكانیان وەك ئاردی نێودڕكیان لێهاتووە وهەرگوندەی لەنزیك ئاقاری خۆیەوە بەشێكی دابڕیووە .

---

(١)لە بنەماڵەی حەمەعەلی هەیدایەی ڕەسەنی گۆرقەرەجن، لەژمارە( ٧)ی ساڵی یەكەمی تەمموزی ٢٠٠٥ لە تاك بڵاوكراوەتەوە.





## حاجی قادری كۆیی،

## لە بڵاوكراوەی تاك بوونی هەیە و لە شاڕۆچكەی تەقتەقیش وونە؟!

### مژدەڕەواندزی(١)

بلاوكراوەی تاك كە یەكێكە لە مانگنامەكانی شاڕۆچكەی تەقتەق، ئەوەی لەچەند ژمارەی ڕابردووی بلاوكراوەی تاك بەدیمان كرد ، كردنەوەی(مەلەف)ێك بوو، تایبەت بەحاجی قادری كۆیی ئەوە شتێكی ئاسایی یەكە ئەوبلاوكراوەیە بایەخ بەحاجی قادر بدات، چونكە حاجی قادر یەكێكە لە ڕابەرانی بیری ئەدەبی نەتەوایەتی كە لەسەر زۆر ئاستی بەرزەوە گرنگی پێدەدرێت لە كاتێكدا كە حاجی قادر خەڵكی(گوندی گۆرقەرەج)بێت وهەڵكەوتەی سنوری تەقتەق بێت، مافی خۆیەتی بلاوكراوەی تاك گرنگی خۆی پێبدات، بەلاّم كاتێك كە بەناو شاڕۆچكەی تەقتەق گوزەردەكەیت ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە هیچ لە شوێنە گشتیەكان لەو شاڕۆچكەیەدا بەناوی ئەوكەلّە شاعیرەوە نەكراون، دیسان ئەوە لەكاتێكدا كە زۆربەی شارەكانی كوردستان چەند جێگایەكی دیاری بەناوەوەكراوە وەكو(كتێبخانە

و بلاَوكراوە و قوتابخانە )وزۆرشتی تریشی بەناوە، ئەوە جگە لەپەیكەرەكانی حـاجی و ڤیستڤاڵ و سـیمینارو بەرنامـە تایبەتیـەكان كـە بـۆ حـاجی دەكرێـت، بۆیـە حەقەلەشارۆچكەی تەقتەق كـە دراوسـێ ی زێـدی حـاجی یـە لـەمڕۆوە بایـەخ بەحاجی بدرێت، شوێنە بەرچاوو شوێنە گشتیەكان بەناوی حاجی قادر بكرێت.

(١)لەڕۆژنامەی(تاك)ی ژمارە(٧)ی ساڵی یەكەمی، تەمموزی ٢٠٠٥ بلاَوكراوەتەوە





## قوربان چۆن(حاجی)تان كرد بە كۆیی ..؟!

### فاتح بێ لان تاڵەبانی(١)

برای بەڕێزم كـاك(ڕەهبـەری سـەید بـرایم)لـە بابـەتێك بۆسـاڵیادی(تـاك)و بەسەروگوێلاك هەڵگوتنی شارۆچكەی تەقتەق كە لە ژمـارە(١٢)ی مانگنامـەی (تاك)ی كانونی دووەمی ٢٠٠٥لەژێر ناوی(تـاك، تاكەلـە تەقتـەق) نوسـینێكی بلاَوكردوَتەوە، بەرلەهەموو شتێ جەنابی كاك(ڕەهبـەر)پیـاوێكی شۆڕشـگێڕبووە ڕێزو شوێن ومـەقامێكی تایبەتی خۆی هەیە لەناو كۆمەلاَنی خەڵكی كوردسـتان بەگشتی ودەڤەری كۆیە بەتایبەتی، ناوبراولێرەولەوێ كـەم تـازۆر بابـەت ونوسـین بلاَودەكاتەوە من ڕێزێكی بێ پایانم هەیە بۆ ئەو زاتە، بەلاَم خۆی ووتـەنی كـۆیی چێتی دەكا؟! بەهەق وایە وزیاد لەپێویستیش كۆیی چێتی دەكا هـەر ئـەو كـۆیی چێتیەش وای لەناوبراو كردووە كە حاجی قادری شاعیری گـەورەی نەتـەوەی كـورد بكاتـە كـۆیی سـەیرە بـەچ حـەقێ(حـاجی)دەكـا بـە كـۆیی هەرلەبـەر ئەوەی(١٦)جارناوی كۆیەی لەشیعرەكانیدا هێنـاوە؟! نـەك هـەر(١٦)جارئەگـەر هەموو شیعرەكانی(حاجی)بەسەر كۆیە هەڵگوتن بوایە هێشتا مەحاڵە وبێ شـك حاجی فڕی بەسەركۆیەوە نی یە، بەڵكو خەڵكی گوندی گۆڕقەرەجە، كە گوندێكە كەوتوَتـە نێـوان ئاقارەكـانی گونـدی تاڵـەبانی گـەورەوئیلنجاغی گـەورەوكانی

لەلەوئۆمەرگومبەت وگەرمکی تەقتەق لەسەر ڕووباری کۆیە کە ئێستاش شوێن وکاولکەی خانوەکانیان وگۆڕستان وئاسەواری گوندەکەیان هەرماوە بەلاَم بەهۆی وەرچەرخانەکانی دەورو و زمانە ئافاتەکانی ڕۆژگار خەڵکی ئەو گوندە پەرتەوازە وەدەربەدەر بوونە بەشێکیان لەو گۆڕقەرەجیانە کە خزمی ڕەسەنی(حاجی)ن، لەگوندی گەرمکی تەقتەق دەژین وەك بنەماڵەی(حەمەعەلی نەجم مولود شێخەی گۆڕقەرەج و عەبدوللاَ نەجم مەولودشێخەی گۆڕقەرەجی ناسراو بە(عەلی هەیدایە)کە ئێستاش زەوییەکانیان لەگوندی گۆڕقەرەج هەرماوەوسالاَنە بەگەنم وجۆو دانەوێلەی ترتۆوی دەکەن، بەشێکیتری گۆڕقەرەجیەکان ڕوویان کردۆتە گوندی جگیلەی سەربەناحیەی شوان وەك بنەماڵەی(حاجی رەفیق مەلا ئەحمەدمەلا سەعید)ی گۆڕقەرەجی وبنەماڵەی مامۆستای کۆچکردوو(میرزا عەزیز حەسەن گۆڕقەرەجی) هەروەها بەشێکی تریان ڕوویان کردۆتە گوندی قەرەناوی سەربەناحیەی شوان وەك بنەماڵەی (یاسین مام عەلی ناسراو بەیاسینی مامە عەلە)دیارە(حاجی)یش بەهەر هۆیەك بێت بەتایبەتیش لەو ڕۆژگارە بۆ خوێندنی فەقێیەتی ومەلایەتی ڕووی کردۆتە کۆیە، حاجی پیاوێکی زیرەك وبلیمەت بووە تا زەمەنێکی زۆر لە کۆیە ژیاوە وماوەتەوە، بەلاَم هەمیشە بەنامۆیان زانیوە چۆن ئێستاشی لەگەل دابێت بەچاوی سووك تەماشای خەڵکی گوند دەکەن و پێ ی دەلێن (کرمانج)وسەدساڵ لەوشارە بژی هەر ئیقامەت نادەنێ هەر بەکرمانج ناوت دەبەن، کە ئەمەش هەتا بلێ ی شتێکی عەیب وناشیرینە، هەمووکەسیش ئەو حەقیقەتە چاك دەزانێ ئەوساش هەروا تەماشای(حاجی)یان کردووە و شەڕی دەروونیان لەگەڵدا کردووە، چونکە کۆیی نەبووە وکرمانجە حەیاتەکە بووە؟! دیارە لەشیعرەکانیدا کە چۆن بەگژ داب ونەریتە کۆمەلاَتیەکاندا





چووە بەتایبەتیش لەو ڕۆژگارەی ئەوداش خەڵکی کەوتونەتە ژێرباری(شێخ نەبی ماویلی)زەمانی نوشتەوکشتەك بووەوخەڵکیان هەڵخەڵەتاندووەوئەویش خەڵکی لەدرۆودەلەسەکانی شێخ ئاگادارکردۆتەوە، ڕقەبەرایەتییەکی زۆری حاجیان کردووە بۆیە لە شیعرەکانیدا تەنیا شێخی ناوبراوی لەجیاتی شێخ نەبی هەر بەکەر نەبی ناوبردووە(ووشکە سۆفی بلێ بەشێخی تەرەس —بابەسەرما نەیە میسالی هەرەس!!)یان(کەرنەبی!کام پیاوی پێ غەڵەتا —بەن گرێدان وتابڕین ونەفەس)، ئەگەر جەنابی کاك(ڕەهبەر)بەحەقی دەزانێ کە حاجی کۆیی یە بۆ خەڵکی کۆیە لێی کەوتنە تەقەوبەتەنیا باڵ هەڵیان فڕیوان بۆ هەندەران تالای بنەماڵەی بەدرخانیەکان لە تورکیا گیرسایەوە تامردنی لە گۆڕستانی (قەرەج ئەحمەد)لەتورکیا، ئەگەر کاك ڕەهبەر حاجی دەکاتە کۆیی لەبەر ئەوەیە کە پیاوێکی ناودارو شاعیرێکی گەورە و دیاری نەتەوەی کوردە، بەزات وسیفەتی خودا ئەگەر دزوپیاوکوژوچەتوون بوایە کۆییش بوایە حاشایان لێدەکرد، کۆیی گوتەنی دەیان گووت"دەشتەکی وکرمانجە وکۆیی نی یە"؟!! باشە ئەوە گۆڕقەرەج گوندی حاجی وئەوە خزمەکانی کە ئێستاش وەك ووتم وەچەکانیان هەرماوە کە خزمی(حاجی)ن، با کاك ڕەهبەر یەك تەنیا خزم وکەس وبنەماڵەی(حاجی)لەکۆیە دەستنیشان بکا..؟کە بەئاووخوێش بگەنەوە (حاجی) قبوڵمانە.

بۆ ئەوەیش(حاجی)بۆ ناوی کۆیەی بەسەردابڕاوەتەوەئەوە وەلاَمی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە لەو کاتەدا کۆیە مەرکەزێکی بازرگانی گەورە بووەویەکێك بووەلەسنجەقەکانی دەوڵەتی عوسمانلی سەربەویلاَیەتی کەرکوك و ناوناتۆرەی لەزۆربەی شوێنەکان بلاَوبوتەوە وناسراو بووە، ئێستاش لەشوێنێکی دوور بەندە نووسەری ئەم بابەتە ، بلێم خەڵکی(تەقتەق)م ڕەنگ بێت لەزۆر شوێن سەرم

لێبابدەن وبلێن تەقتەق لەکوێیە؟ بەلاّم بلێم خەڵکی کوێەم زیاتر دەمناسن ئەویش بەهۆی ئەو پێشینە مێژووییەی کە(کۆیە) هەیەتی وەك شارێکی کۆنی کوردستان، هەر بۆیەش(حاجی)نازناوی کۆیی بەخۆیەوە لکاندووە، لەبەرئەوەی حاجی بەزۆر شوێنەکانی کوردستانی خۆمان وئێران وتورکیا گەڕاوە بۆ خوێندن و خۆی بەکۆیی ناوزەدکردووە جگە لەوەش حاجی لەگوندێکی وەك گۆرقەرەجی سەربەشاری کۆیە لە دایکبووە شتێکی ئاسایی یە ئەو نازناوەی بەخۆی بەخشیبێ هەر بۆ ئەوەی زیاتر ناسراوتر بێ، دوایی کە(حاجی)لەشیعردا(١٦)جارونازانم چەندجارباسی کۆیەی کردووە، ئەوە بووە کە دەمارگیرنەبووە خۆی بەقەرزاری ئاووهەوای کۆیە زانیووە، نەك بەحەرام نەبووە بەچاوپۆشی کردن لەوەی کەرقەبەرایەتی کراوە لەلایەن خەڵکی کۆیەوە، کاریگەربووە بەجوانکاری کۆیە ولەوانەشە دۆست وبرادەرانیشی بایی هەندە هەر هەبوو بێ وەك مەلا عەبدوللاّی جەلیزادە کەبرادەری بووە، هاورێ ی سەردەمی خوێندنی بووە بۆیە لە دێرە شیعرێکدا بۆی نوسیووە(بەبیرت دێ زەمانێ چوینە باڵەك –بەپێ خاوسی نەکەوشم بوو نەکاڵەك)من چەندین کەس دەناسم کەنازناوی شارەکانیان هەڵگرتووە وەك حاجی وخەڵکی ئەو شارەش نین ، هەر بۆ نمونە(دلێر تەقتەقی)کە خەڵکی گوندی کانی ڕەشە وکوری حەمەد کەریم-ە، یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکان ولەوانەیە برادەرێکی نزیکی کاك ڕەهبەر بێت چەندانی تریش کە ئێستا نازناوی کۆییان هەڵبژاردووە وهیچ کۆیش نین بۆ ئەوەش بۆ حاجی ناوی گۆرقەرەجی نەهێناوە من خۆم بەندە خەڵکی گوندی تالەبانی گەورەم ولەتەقتەق نیشتەجێم چەندین ساڵە شیعرونوسین و..تادبلاّودەکەمەوەودەنوسم زیاترلەپێنج ساڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووم لە تەقتەق نەچاوپێکەوتن





ونەنوسینێکم لەسەر گوندەکەم نەنوسی نە لەشیعریشما ناوی گوندەکەمم نەهێناوە تەنیا نازناوەکەم نەبێ کەمن وەك حاجیم نەکردووە ئەگەرچی بەندە وحاجی وەك ئاسمان وڕێسمانین وحەددم نی یە خۆم بێنمە ڕێزی حاجی، من نامەوێ حاجی بکەم بەتاڵەبانی وەك چۆن کاك ڕەهبەر ئەو گوناهە مێژووییە گەورەییەی کردووە وکردویەتی بەکۆیی.

وەلەبەرخاتری کاك ڕەهبەریش ئەگەر حاجی کۆیش بێت ئەوا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت ودەمارگیری ناوێ گرنگ ئەوەیە کوردە،گرنگ ئەوەنیە کە خەڵکی کوێیە؟سەلاّحەددینی ئەیوبیش ئەگەر کاتی خۆی قارەمان نەبوایەوقودسی لەژێر چنگی خاچ پەرستان ڕزگار نەکردایە وکەسایەتیەکی گەورە وناسراو نەبوایە نەعەرەبەکان دەیان ووت عەرەبەونەکوردیش دەیگووت کوردە، هەرچەندە سەلاّحەددین هەرچی بووبێت هەرکوردە، کاك ڕەهبەریش وەك خۆی لە نوسینەکەیدا نوسیویەتی ڕێز لەهەموو بۆ چوون و لێدوانێك دەگرم بەبەڵگەوە ڕوونی بکاتەوە، ئەوا منیش وەك قەڵەمێك ئەو حەقیقەتەم نوسیووە، و بیری تەسکی ناوچەیایەتی و تانە وتەشەرو توڕەبوون وهەڵچوون نی یە، دیسان وەك کاك ڕەهبەر خۆی ووتەنی، هیواداریشم دڵی لەم وەلاّمدانەوەی من نەڕەنجێ، چەکەکەی منیش تەنیا قەڵەمەکەمە وبۆشەڕە کووتەك خۆم ئامادە نەکردووە .

---

(١)لە ژمارە(١٣)ی ساڵی دووەمی کانونی دووەمی ٢٠٠٦ی ڕۆژنامەی (تاك) لاّپەرە(٣) بلاّوکراوەتەوە.

## بامنیش لە نێوانناندا،

## لەگەورەیی حاجی دوو قسان بکەم

### دێدەوانی یەعقوب(١)

ماوەیەکەولە چەند ژمارەیەکی ڕابردووی(تاك)داولەسەرمەسەلەی زێدی لەدایکبوونی شاعیری گەورەوڕابەری بیری شیعری کوردی نەتەوەیی لە شێوە زاری سۆرانی دا حاجی قادری کۆیی لەنێوان کاك ڕەهبەری سەید برایم لەلایەك وچەند نووسەرێکی شارۆچکەی تەقتەق لەلایەکی تردا، باس وبابەتی سەرنج جیاواز دەنوسرێت، هەرچی کاك ڕەهبەرە پێ ی وایە چونکە لەشیعرەکانی ناوی گۆرقەرەجی نەهێناوە کەچی ناوی زۆر شوێنی تری هێناوە کە تێیدا ژیاوە ویاخودلێی خوێندووە، هەرچی نووسەرەکانی تەقتەق-یشن بەهیچ جۆرێك ئەم بۆچوونەیان قبوڵ نی یە وبەچەندان بەڵگەوە کەلای خۆیان ڕاست ودروستن، ئەوە دەخەنە ڕووکە حاجی لەگوندی گۆرقەرەجی ڕۆژئاوای تەقتەق لەدایکبووە، دیارە لێرەداولەم بەشداریەمدا مەبەستم ئەوە نی یە تاگیری هیچ کامیان بکەم چونکە لەلایەك ئەمە مەبەست وکاری من نی یە، لەلایەکی ترئەو باسە شارەزایی زۆری بواری خۆی گەرەکە وەك دەڵێن" گۆمەکەی قوڵ وشلێوە ومەلەوانی شارەزای خۆی دەوێت"بەڵکو ئەوەی من مەبەستمە پێموایە دەبووئەو دۆست وبرادەرانە، لەجیاتی





ئەو وەڵام و وەڵامکاریە، بەهەردوو لایان وەڵامی بابەتەکەی نوسەر(سلێمان قاسمیانی)یان بدابایەوە کە لەژێر ناونیشانی ناسیۆنالیزم وشیعرەکانی حاجی قادری کۆیی لە گۆڤاری(هانا)لە هەردوو ژمارەی(١٦و١٧)ی ساڵی ٢٠٠١دا لە ١٣لاپەرەیدا زۆر بەچڕی کەوتۆتە سەر بیروبۆچونەکانی حاجی وحاجی بەکەسێکی کۆنەپەرست ودژبەچینی شوان وگاوان و هەژاران دەداتە قەڵەم و پێ ی وایە حاجی دژی ئاینەکانی ترەو دەیەها جۆربیرو بۆچونی توندوخراپەکارانەی دەداتە پاڵ حاجی.

جا من پێم وایە دەبوایە ئەو بەرێزانە کە هێندە بەتەنگ پاراستنی ژیانی حاجی یەوەن هەریەکەیان دەیەوێت خۆی بکات بەدراوسێ ی حاجی ڕۆژێك لەژیانی حاجی بەشاراوەیی نەمێنێتەوە، بۆچی وەڵامی ئەو نووسەرە نادەنەوە کە پێی وایە لەمێژووی ئەدەبی کوردی دانەك هەر حاجی قادر بەڵکو هیچ شاعیرێکی تری کورد لەلایەن نوسەرێکی کوردەوە بەم شێوەیە بیروبۆچونی خراپی نەدراوەتە پاڵ، ئەگەر وەڵامی ئەو بەرێزانەش ئەوە بێت کە ئەو نووسینەیان نەدیبێت، قسەی ئێمەش هەر ئەوەیە چۆن ئەو خەمخۆرانەی حاجی یان ناسیە لەو هێرشە گەورەیە بێ خەبەرن؟!کە لەلای ئەو نووسەرەوە کرایە سەرحاجی؟ لەکاتێکدا نەك هەرئێمەی کوردستانی عێراق وکۆیەوتەقتەق، بەڵکو کوردانی کوردستانی ئێرانیش زۆر بەو هێرشە ناڕەوایەی کرایە سەر حاجی نیگەران بوون .

(١)لەڕۆژنامەی(تاك)ی ژمارە (١٤)ی ساڵی دووەمی شوباتی ٢٠٠٦بلاوکراوەتەوە

## حەزرەتی حاجی و بواری ڕۆژنامەوانی

**ڕەهبەر سید برایم(١)**

حاجی قادری کۆیی دیارە ڕابەرو بزوێنەری بیری نەتەوایەتی کوردە، شیعرەکانی دەلیل وبورهانە، بۆ سەلماندنی کۆیایەتی وکوردایەتی وهەربوارێکی کەلێی دەکۆلیەوە، ڕوونە وەك خۆی دەفەرموێت:

لەکوردان غەیری حاجی و شێخی خانی
ئەساسی نەزمی کوردانی دانەناوە

شیعرە ئاگرینەکانی حەزرەتی لەکورەی پڕگڕی دەروونیەوە هەڵگیرساوە، بۆیە هاواروسوتان وپەڕۆشی بۆکوردو کوردستان گەش ودرەوشاوەیە، وەنەبێ حەزرەتی حاجی بەس شۆرەسواری گۆڕەپانی نەتەوایەتی بووبێت، بەڵکو بوارو بابەتی دیکەی هەیە بەووردی لێی نەکۆڵدراوەتەوە، وەك بواری حەزرەتی حاجی وشیعری داشۆری، ژیانی تاراوگەیی، سەرسامبوونی بەکۆیە، بیری پێشکەوتن وزۆرناوهێنانی ئەوروپا، ڕۆژنامەوانی ..تاد، هەڵدەگرێت دیراسە بکرێت، لایەنی شاراوەی ڕوون بکرێتەوە، وەك باوە گوایە حەزرەتی حاجی مامۆستای کورەکانی بەدرخانیەکان بووبێ، بەلاّم چ بەڵگە وروونیەك نی یە، بەڵکو گومان وتەم ومژهەیە هەندێ لە لێکۆڵەرەوانان ئاماژە بەوە دەکەن کەمامۆستای کورەکانی





بەدرخانیەکان نەبووبێ، هەروەك بیریاری مەزن مەسعود محەمەد لەبەشی سێیەمی حاجی قادری کۆیی ئەو بەیتە شیعرە دەکاتە نیشانە کە بۆ حاجی مەلای عەبدوللاّی جەلیزادەی نوسیووە ودەفەرموێ:

شەوێ دانیشتبوم بێ شەمع ومیسباح
کەتۆی هێناوە یادم کاکە فەتاح

وادەردەکەوێ لەوماڵەگەورەومالّی بەدرخان پاشا ناکرێ بێ مۆم و چرابووبێ، حەزرەتی حاجی ڕازی بووبێ خەڵك لەبەرچرابێ ئەولەتاریکایی بووبێ! هەرلەوڕووەوەتیشك دەخاتە سەرباسەکە، کەواکاکەزیادی حەمائاغای کۆیە لەساڵی ١٩٤٩لە ئەستانبوّل لەوێ میهری بەگی دیوە، باس وهەواڵی حاجی قادری کۆیی لێپرسیووە، میهری بەگ ووتویەتی"حاجی قادری کۆیی لە ماڵی بەدرخانیەکان نەبووە بەڵکو لەماڵە کوردێکی ئەستانبوّلی ژیانی بەسەربردووە، نەوەیان ماوە لە ئەنقەرە، لەلایەکی تریشەوە مامۆستا جەعفەر(فازیل کەریم ئەحمەد)لەکتێبی مێژوی بیری کوردی لەمەڕحاجی قادروبەدرخانیەکان، خەرمان بەرەکەت دەکاودەنوسێ(جارێ ئەستانبوّل زێدونیشتمانی بەدرخانیەکان نەبووە، تادەرگای دیوەخانیان بۆشاعیروزاناودەرویش لەسەرپشت بێت، ئەستانبوّل تاراوگەوهێلانەی لانەوازان بووە، زەحمەتەکۆشك وتەلاریان هەبوو بێت، تابتوانن مامۆستایەك بۆ وانەووتنەوەلە ئامێز بگرن)ڕاستە بەدرخانی گەورە (١٨٠٢-١٨٧١)چلّ کوری هەبووە، دەبێ منالەکانیان بەکرمانجی سەروو یان بەعوسمانی لەنێو خۆیاندا دووابن، ئەمەش بەڵگەیەکی دژبەخوێندنە لای مامۆستایەکی سۆرانی زان، زەحمەتە حاجی قادرکرمانجیەکی زۆرباش فێربوو بێت، ئەگینا فێربوونی زمانی کرمانجی لەشیعرەکانی دا ڕەنگی دەدایەوە، ڕێی تێناچێت

ماموٚستای زمانی تورکی یان عوسمانی بوبێت، هەرچەندە گومان لەوەدانیە کەزمانی عوسمانی چاك زانیووە وشیعری پێ نوسیووە!! لەڕوٚژنامەی کوردستان ژمارە ٣ی سالی ١٨٩٨هەوالی کوچی دوایی حاجی قادر لەگەل پارچە شیعری(زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە)نوسراوە:(عالمك ژسوراهبی، اڤ مروڤ صاغیا گلك خبتی درحقاعلماندنا علم ومەعریفە گلك بیت و اشعارین کرمانجی دنقیس سالا دی وفات کر)گەر حەزرەتی حاجی ماموٚستاو کوری مالێ بووبێ چوٚن وابلاٚودەکرایەوە، ئەمەش دەقێکی پڕبایەخە بوٚلێکدانەوە! بەتایبەت بوٚ عالمێکی وەك حاجی وڕابەری وامەزنی کوردایەتی، بوٚیە باریکە رێیەکان لەوە یەکتر دەگرنەوەکە حەزرەتی حاجی ماموٚستای کورەکانی بەدرخان نەبووبێ!! دیارە حەزرەتی حاجی بایەخی زوٚر بەڕوٚژنامە داوە، هیچ شاعیرێك بەقەد حەزرەتی حاجی هێندە ناوی جەریدەوڕوٚژنامەی نەهێناوە، گەر کێومالی شیعرەکانی بکەین لەچوار جێی بەیتەکان ناوی ڕوٚژنامەوجەریدەی هێناوە، بەرلەوەی یەکەم ڕوٚژنامەی کوردستان دەرچوبێ، دیارە هاندەروری نیشاندەری ڕوٚژنامەوانی بووە، شیعرەکانی ئەوڕاستیە دەسەلمێنێ، کە بایەخی بەڕوٚژنامەگەریداوە، سەد قائیمەوقەسیدە نرخی نی یە بوٚیە دەفەرموێ:

سەد قائیمە وقەسیدە کەس نایکڕێ بەپوولێ
ڕوٚژنامە وجەریدە کەوتوٚتە قیمەت وشان

لەشیعری زەمانە، ئاماژە بەوە دەدا کەمەبەستی ڕوٚژنامەو بایەخ پێدانیەتی :

زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە
چراغی نازم و موونش کوژاوە
لەدەوری ئێمە ڕوٚمان وجەریدە





ئەگەرچی مەقسەدە زانینی باوە

لەشیعری(سلام الله منی کل الیوم)،(ڕوٚژنامە)ی بەسەرچاوەی زانیاری و هوٚشیاری و دەنگ وباس زانیووە بوٚیە دەفەرموێ:

کوڕێکی وانەبووە هەستێتە سەرپێ
بزانێ خەڵقی چوٚن کەوتوٚتە سەر ڕێ
بکا سەیری جەریدەوحالی میللەت
کتێبی تازەو تەئریخی دەوڵەت
بزانێ چ قەوماوەلە ئەتراف
سەراپائاگرە ئەتراف و ئەکناف

لەشیعری(کوردەکی کوێیی)دیسانەوە باسی کتێب وجەریدە دەکاتن، دیارە گەربایەخی بەڕوٚژنامە وکتێب نەدابا ، لەشیعر هێندە ناوی نەدەهێنا بوٚیە لەوێش دەفەرموێ:

بەزوبانی کەچ و خەتی خواری
بە جەریدە و کتێبی خەڵواری

ئەو شیعرانە ئەفکاری خوٚیەتی لە نەزمی کوردی، گەر شەن وکەوی شیعری شاعیرەکان بکەی، کەس بەقەد حاجی ناوی ڕوٚژنامەوجەریدەی نەهێناوە! بەدەسەلاٚتی چوارەمی زانیووە بوٚیە بەبایەخەوە باسی کردووە، ڕوٚژنامەگەری کوردی قەرزاری حەزرەتی حاجین بەماموٚستای ڕوٚژنامەوانی دادەنرێت، نەك ماموٚستای کورانی بەدرخان کەیەکەم ڕوٚژنامەی کوردیان دەرچوواندووە، حەزرەتی حاجی زانایەکی ئەوەندە بیرفراوان وپێشکەوتوو بووە، دەرکی پێکردووە گرنگی ڕوٚژنامەوانی زانیووە لە ڕاستیدا(تێگەیشتنی ڕاستی)تارادەیەك حەقی خوٚی

دەداتیْ کە ئەو ڕۆژنامەیە ساڵی ١٩١٨دەرچووە، نرخی حەزرەتی حاجی زانیووە لەزۆرلەژمارەکانی باسیکردووە و شیعرەکانی بلاْوکردوْتەوە دەکریْ بلێین حاجی هەرڕابەری بیری کوردایەتی نەبووە، بەڵکو ڕێنیشاندەری ڕۆژنامەوانیش بووە، چونکە بەرلەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەرچووبیْ، حەزرەتی حاجی چوارجارناوی ڕۆژنامەوجەریدەی هێناوە!

(١)له ژماره١٤ی ساڵی دووەمی، شوباتی ٢٠٠٦لەڕۆژنامەی(تاك) بلاْوكراوەتەوە





## حەزرەتی حاجی و جنێو!

### ڕەهبەر سید برایم(١)

حەزرەتی حاجی قادری کۆیی هەر شاعیرێکی نەتەوەیی وکوردایەتی نەبووە، ڕاستە مەزنایەتی وگرنگی حەزرەتی حاجی لەوەدایە بانگی خەبات وئازادی وپێشکەوتنی داوە، بەشاعیرێکی قۆناغێکی نویْ ی نەتەوەی کورد دەژمێردرێت، ڕابەروپێشڕەوی بزوتنەوەی کوردایەتیە، شیعرەکانی نیشانەن بەلاْم ئێستاش شیعرەکانی حەزرەتی حاجی دەهێنیْ ووردتر لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت زۆر کەلێن ماووە بەزانستیانە ڕۆنەچونەتە ناو ناخی شیعرەکانی بەتەواوی، شۆرنەبوینەتەوە، ڕوون نەکراوەتەوە، چونکە هەر شیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی نییە، بەڵکو بابەتی جۆراوجۆری لەشیعردا هەیە، هەروەها لە تاراوگەیی ونامۆیی ناوهێنانی ئەوروپاوخێڵ و شوێن وشاروکەس وشاعیرەکان وتۆپ وتفەنگ وقەڵەم وپەندی کوردی وزاراوەی کۆییانەو باسی ڕۆژنامەو کشتوکاڵ و ژیان ومردن ...تاد، هەر بابەتەی دەکرێت لە شیعرەکانی ووردبینەوە بەدەر لە شیعرەکانی نیشتمانی و شۆرشگێرانەی حەزرەتی حاجی، بەو نەزاکەت وناسکی وپیرئەدەبەی خۆیەوە لەڕقان وپەڕۆشی جنێوی داوە، ووشەی داشۆری بەکارهێناووە،دیارە گەیشتۆتە ئێسقانی

بەتایبەت بەرامبەر شێخەکان، ڕاستە شێخ ڕەزای تاڵەبانی شۆڕە سواری ئەم بوارەیە، حەزرەتی حاجی ئاماژەی بەشیعرێکی شێخ ڕەزا داوە کە دەربارەی کورێکی بوڵغاری وتویەتی :

موختەسەر خۆشە قسە، بردمە مەنزلگەی خۆم
گرتم خستم و لێم بردو گونم کرد بەچوار

لەژێر ئەو شیعرەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی حەزرەتی حاجی دەبێژێ:

ماهی بێ میهرم لەدەرگا هاتە ژوور
ماتەم وشین وغەمی کردم بە سوور
کورت وکرمانجی کە گرتم بەڕەزا
خستم وباقی وەکو بەیتی ڕەزا

حەزرەتی حاجی چەند جار ناوی حەزرەتی نالی هێناوە، تەنانەت تورەبووە کە شیعرەکانی لەگەڵ یەك تێکەڵ دەکەن، بۆیە دەڵێت:

بەیتی نالی وبەیتی من گەر تێکەڵ یەکتر دەکەن
ئەحمەقی سورەت پەڕش و جاهیلی مەعنا نەزان

حەزرەتی حاجی لە شیعرەکانیدا چەند جار تەرەس وکەروحیزو قەحپە و سەگ وگاوگەوادولوتی وخوێری و ترِوسمت بەکارهێناوە، تەنانەت شێخ نەبی بەکەر نەبی ناوبردووە، ئەو شیعرانەی(کەروسەگ وگا)ی تێدایە بەکاری هێناوە وەك جنێو:

ئەو سەگانەی کەلای ئێمە وەزیروکەلان
بێنەلا، تۆبەخودا نایکەیە گاوان وشوان
ئەمە کەرمیزە دەلێن واریسی شەرعی نەبەوین
هەموو عەبدی سەنەمن باسی مەکە گەورەکەیان





هەر ئەدەبێك بووە ساخوا لەدەمی نارده بڵێ
دەولەتی داوە بە کەر نیعمەتی داوە بەسەگان

لە شیعرێکدا تاجی بیسم الله الرحمان الرحیم دەلێت :

شەیخەنا گەر ئەم قسەت نایەتە گوێ
سەری واچوڵە کەر تێدا بگێ
مەرقەدی ئەقتاب وقوبەی ئەهلی ڕاز
بۆتەجێگای گاگەل ومۆڵگەی بەراز
یەك بەیەك وەك ئێوە بوون وزێدەتر
سەربەسەر بۆباری کافر بوونە کەر
بابلێن ئەم شێتە قەحپە مردووە
چەند وەڕیوە چەند وڕێنەی کردووە

لەشیعری حاکم ومیرەکانی کوردستان دەلێت :

میللەتیش هێند کەرن وەکو جاران
دەستیان ماچ دەکەن دەلێن قوربان
گەر لەسەحرا مەلا نەمردایە
گورگە شێن باکەری بخواردایە

حەزرەتی حاجی لەگەڵ کابرایەك بەشەڕ دێت لەسەر زمانی کوردی بۆیە پێی دەلێت :

گوتم ئێستاش لەسەرکەری ماوی
چابوو مستم نەدا لە نێو چاوی
جێی ئەمە ووشکە جێی ئەوی ئاوە

تا دەگا قینگ دڕانی پیّ ماوە

دەربارەی شێخ نەبی ووتویەتی :

لە عەهدی(کەرنەبی) تا دەوری(گاکوێر)

لەگوێی گا نوستوون زۆر حەیفە بۆشێر

شێخ دەڵێ باری شانم جرەو ناگا ئەخەر

کێوی کاروێخ بیّ خوتم سەد بارك الله کەرنەبی

هەرچەندە حەزرەتی حاجی حەزی لەشیعری پیاهەڵدانی ئافرەت نەبووە، نەویستوە باسی جوانی ئافرەت و شیعری داشۆرین بکاتن هەر وەك :

باسی زوڵفی درێژو چاوی بەخەو

نەبڕاو و بوە تڕی خوسرەو

حەیفە بۆ مەردی ساحێبی تەمیز

هێندە باسی مەکانی پیسی و میز

هەمووی مردوی میان سمتی خڕن

بەیتی مەدواهیان بەجان دەکڕن

تەنانەت میری رەواندز بەکوڕو سلێمان پاشای بابان بەلاڵ ناوبردووە ستایششیش دەگرێتەوە ئەو دێرە:

تا تەعیناتی کوڕولاڵ مابوو

لەگەڵی دێیەکان مەلای چابوو

حەزرەتی حاجی ووشەی حیزی لەچەند شیعرێکدا بەکارهێناوە هەر وەك :

لەبەر حیزە بخۆیی و ناتەبایی

لەژێرحیزی حیزان بووینە دۆشەك





ئەگەرکوردێك قسەی بابی نەزانی

موحەققەق داکی حیزە بابی زانی

بلیّ بەو سەر کزۆلەی کوز پەرستە

بەچاوی کلدارو ڕیشی پانی

لیّ گەریّ قەومی تۆ هەموومارن

دزو حیزوپیاو کوژوهارن

ڕێگرو حیزو دزە، ژن هەڵگرو ماڵاْن بڕە

فائیدەی چی نێو وکونیەی خۆی موسلمان دادەنی

ئەمە دنیایە نامێنیّ هەتا سەر

لەبۆ ئازاو دانا، حیز وماکەر

بووکی دونیا وەك دەڵێن وابیّ حەیاوفەرنەبووە

هێندە دامەن هەڵکراو و حیزوماڵان گەر نەبووە

حەزرەتی حاجی لە هەندێك لە شیعرەکانیدا ووشەی تەرەسی بەکارهێناوە وەك دەڵێت:

ووشکە سۆفی بلیّ بەشێخی تەرەس

بابەسەرما نەییّ میسالی هەرەس

فەرقی ناکەس لەگەڵ سەگان ناکەم

ها بە عەکسی بخوێنەوە ناکەس

تۆدەزانی خۆهەتیوت سەبر بیّ حاجی نی یە

بۆچی مەنعی لێدەکەی گەوادی بیّ دین هەی تەرەس

باسی باوکی مەکە ئارامی نی یە ئەو تەرەسە

ڕۆژێ جاسوسە بەشەو تاسبەینێ عەسعەسە

ووردتر حەزرەتی حاجی زیاتر لەوانە ووشەی جنێوی بەكارهێناوە، بەڵام هەر هێندەمان باسكرد واچاكە وەك خۆی دەڵێت :

پەشمە حاجی وەرە وەكو جاران

(١)لە ڕۆژنامەی(تاك)ی ژمارە ٢٩ساڵی سێیەمی، مایسی ٢٠٠٧بلاّوكراوەتەوە

# بەشی سێیەم

# پاشکۆی وێنەکان



ئەمە وێنەی قشراغ و مێراب و بناغەی خانووەکانی گوندی گۆڕقەرەجە، کە نزیکەی ٢٠٠ساڵە کاولگەووێرانەیە، کەچی بەڕوونی دیارە.



کاولە گۆڕقەرەج، ناو ئاواییەکە کە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی چۆڵکراوە، کێڵدراوە بۆ کشتیاری .







ئەمەش گۆڕقەرەجە، کە لەدوورەوە گیراوە تا شوێنی پشت ماڵان و خوارئاواییەکە دەربچێت، سەرووی دۆڵەپیازەو چیغە و خوارەوەش بەستی گۆڕقەرەج.



لەبان قرقاجینەوە ناو گوندەکە بەرەو خوارئاوایی و شاخی قوڵتە گیراوە.



گردی گۆرقەرەجی پشت مالاّن و هەلّکەوتەی گوندەکە بەرەو خۆرئاوا نیشان دەدات.



شیوی گۆرقەرەج، کە ئاوەڕۆگەی دۆڵەکانی هەرفتەوهەناران و پیازەی دێتەوە سەرو بەخوارووی ئاوایی گۆرقەرەج تێدەپەرێت ودەڕژێنە ڕووباری کۆیە .







ئەم بەردی بناغانە بۆیە لە سەر یەك کەڵەکە کراوان، دوای کێلانی زەوی ئاواییەکە دابەشکراوەوکراوە بەدوو بەش لای سەرەوە خاوەندارییەکی هەیەو لای خوارەوەشی بەهەمان شێوە.



بەستی ئاوەڕۆگەی ئاوی دۆلەکانی هەناران و هەرفتەوموردان و پیازە لەشیوی گۆرقەرەج لەخوار ئاوایی گۆرقەرەج ئەم بەستەیان دروستکردووە.




گۆڕستانی بەرامبەرئاوایی گۆڕقەرەج، دوای ٢٠٠ساڵ کێلی قەبرەکانیان ماوە، عومەر ئەحمەد حاجی موحەمەدی گۆڕقەرەجی ووتی"ئەوە گۆڕیچکەی منالانیان بووە".



گردی گۆڕقەرەج لەبان قرقاجینەوە گیراوە، هەندێك درەختی گێوژ لە قەدقرقاجین بەرامبەرکاولگەکە لەوێنەکە دەرچووە.







لە بەستی گۆڕقەرەجەوە، بەردەکانی بناغەی کاولەکە بۆ گردی گۆڕقەرەج گیراوە.



لەلاپاڵی گردی گۆرقەرەجەوە بۆ بەستی گۆرقەرەج بەردەکانی بناغەی کاولگەکە گیراوە.







عومەری مام ئەحمەد (عەوڵلا)ی حاجی موحەمەدی گۆرقەرەجی، جۆنی بەردی پشت ئاوایی گۆرقەرەج دەردەداتەوە.



ئەمە جۆنی گەنم کوتانی گۆرقەرەجیەکان بووە لەسەدەی نۆزدەیەم.



**جۆنیەکە دوای دەرهێنانی ئەو گڵەی پڕیکردبۆوە.**



**١-کارێزی دۆلە پیازەی سەرچاوی ئاوی خواردنەوەی گوندەکەیە لە خوارکانی دۆلە چیغە**







**٢-کانی دۆڵی هەنارە**



**٣- کانی دۆلە چیغ ، شیرنە ئاوە و لەبەرزی ٥٠٠مەترە و سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی گۆرقەرەجیەکان بووە.**



٤- دۆڵی هەناران







٥- بنە هەنارەکانی دۆڵی هەناران



٦- عومەری مام ئەحمەدی گۆڕقەرەج و مامۆستا فوئادوبەندە لەسەر کانی دۆڵە چیغ



٧-شاخە شین تا ئەم دواییانە دوو بنەدارتووی لێبووە وئاوەڕۆگەی هەناران و مۆردان وهەرفتەی پیاتێپەڕدەبێت لەسەرووی ئاواییەکەوە.



٨-شیوی گۆڕقەرەج







٩-شاخی قوڵتەی خوارکاولە گۆڕقەرەج



١٠-بنەدارگێوژەکانی گۆڕقەرەج



١-دۆلە پیازۆچیغی سەرووی ئاوایی گۆڕقەرەج



٢-دۆڵی هەڕفتەی گۆڕقەرەج







٣- بان قرقاجین، لەڕاستەوە فوئادعومەرو عومەرئەحمەدگۆڕقەرەجی و بەندە



٤- گردی دارە ترش خۆرئاوای گوندی گۆڕقەرەج



٥- قەدی قرقاجین



٦- پارچە زەوی قرقاجین







٧- لەبان قرقاجینەوە پارچە زەوی زولفەقاری گۆڕقەرەج کە ئەمڕۆ ئاقاری ئیلنجاغی گەورەیە.



٨- بانی زولفەقار



٩- پارچە زەوی بانەبێدەر



١٠- کەور دیان







١-بن هەورازی جەمشیر، شوێنی شەهیدبوونی کچەکانی کێخواعەبدولرەحمانی مام عەزیزی ئۆمەرگومبەتی بەناوەکانی(هەیبەت ومریەم) و مەجیدی مام حەمەدەمینی ئۆمەرگومبەتی بە بۆردومانی هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس لە ٢٦-٨-١٩٨٨



٢-گردی جولەکە، سەنگەری عومەر ڕەشاش، ئەم شوێنە لەساڵی ١٩٧٤لەشۆڕشی ئەیلول عومەرڕەشاشی تێدا شەهیدکراوە و ئەمرۆ بەناوی ئەو شەهیدە ناو لە شوێنەکە نراوە.



٣- قەڵاتەی تەقتەق، ئەوکات سەربازگە بووە تاساڵی ١٩٩١، بەتۆپبارانی ئەو سەربازگەیە عومەر ڕەشاش شەهیدکراوە.



٤-بنکێلی ئەسحابە لە بەرزایی گۆڕقەرەج







٥-لوتکەوتروپکی حەسەن کوژراو لە بەرزایی گۆڕقەرەج، سنوری گۆڕقەرەج و گەرمك



٦-لوتکەی ڕازانی بەرزایی گۆڕقەرەج وێنەگری بنارلەتەقتەق عەلی مامیل گرتویەتی



١- ئەسحابەی گۆڕقەرەج وەك چاك وپیری گوند سەیرکراوە



٢- قەبرستانی گەورەی گۆڕقەرەج







٣-گۆڕستانی گەورەی گۆڕقەرەج ، گۆڕی کەس وکاری حاجی



٤- ئەوە بەوە دەچێت گۆڕی مەلا ساڵحی باوکی حاجی یان مەلائەحمەدی گەورەی باپیرەی بێت؟!



٥- کۆتایی گەشتەکە و گەرانەوە لە گردی جولەکەو عومەر ڕەشاشەوە بۆ ئاقاری گەرمك و تەقتەق ، لەراستەوە عومەر گۆڕقەرەجی و فوئاد عومەرو کارزان جەمیل




١-مزگەوتی گۆڕقەرەجی تەقتەق، ناوەکەی دەگەرێتەوە بۆ گۆڕقەرەجی حاجی








٢- قوتابخانەی گۆڕقەرەجی بنەرەتی لە تەقتەق، ناونانەکەی دەگەرێتەوە بۆ گۆڕقەرەجی حاجی



٣-گەرەکی گۆڕقەرەجی تەقتەق، ناوەکەی دەگەرێتەوە بۆ گۆڕقەرەجی حاجی



٤- گەرەكی گۆڕقەرەجی تەقتەق و گەرمكی تەقتەق







٥- پەیكەری حاجی لە فلكەی حاجی لەشاری كۆیە كەساڵی **١٩٧٣**وە دانراوە لەسەر شێوەی حاجی موحەمەدی هەمەی گۆڕقەرەجی دروستكراوە



٦- لالە ئەحمەدی حاجی موحەمەد ،ناسراو بە لالە عەوڵڵای حاجی موحەمەدی هەمەی گۆڕقەرەجی، شێوەی پەیکەرەکەی حاجی لەسەر شێوەی باوکی حاجی موحەمەد دروستکراوە.







پیرۆزبایی

تاك

TAK

خاوەنی ئیمتیاز

کاکە خان نەسرەدین

سەرنووسەر

ئاراس ئیلنجاغی

ی پەیکەرەکەی حاجی

بەیتێکی حاجی قادر و بۆچوونێکی تر

باڕاستیەکان چەواشە نەکەین و باخی نەبین لە مێژوو

قوربان چۆن (حاجی)تان کرد بە کۆیی ...!؟

یەکەمیان: حاجی قادری شاعیر دەربەندی و ئومەرگومبەتی بووە

دووەمیان: حاجی قادر لە کۆیەو ژیاوەو بەلام کۆیی نی یە

٧-مشتومڕوگەڕەلاوژەکەی ڕۆژنامەی تاك




**٨-گەرمکی تەقتەق، هەواری دووەمی گۆڕقەرەجیەکان**



**٩-ئۆمەرگومبەت هەواری دووەمی ماڵی حاجی موحەمەدی هەمەی گۆڕقەرەجی(ئەم وێنەیە وێنەگری بنارلەتەقتەق عەلی مامیل ئۆمەرگومبەتی گرتویەتی.**







**نەخشەی گوندی گۆڕقەرەج – بەدەستی روپێوی یەکەم لە هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق عەلی عومەر عەلی**

پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشەبە | ٣ |
| نووسەر لە چەند دێڕێکدا | ٤ |
| بەرەو دۆزینەوە | ٧ |
| بەشی یەکەم....... بۆ لەسەر(حاجی) ؟! | ٩ |
| بۆ لەسەر(حاجی) ؟! | ١١ |
| گۆرقەرەج ، ئەوئەسپە قەرەجەیە کە خاوەنەکەی وون کردووە! | ١٣ |
| حاجی گۆرقەرەجی – یە ، بەلاّم دەربەندی نییە | ١٩ |
| نازناوی حاجی | ٢٣ |
| حاجی لە هیچ شیعرێکدا ناوی گوندی ئۆمەرگومبەتی نەهێناوە | ٢٨ |
| کوڕەکەی حاجی قادری کۆیی تا ئێستا لە تەق تەق دەژی | ٤٠ |
| حاجی بۆ کرمانجێکی مەزنە | ٤٢ |
| غوربەت و مەزنایەتی حاجی | ٥٠ |
| مەزنی خۆشەویستان | ٥٣ |
| حاجی دژە شێخ و واعیزی بێ کردەوە | ٥٥ |
| حاجی و شانازیکردن بەکورەکانی | ٥٧ |
| لەحزوری حاجی قادری کۆیی – دا، ڕاستیەکان نەزانراون تا چەواشە بکرێن | ٥٩ |
| بەشی دووەم...... گەڕەلاوژە | ٦٩ |
| گەڕەلاوژە | ٧١ |
| باڕاستیەکان چەواشە نەکەین و یاخی نەبین لە مێژوو | ٧٣ |
| حاجی قادری کۆیی : کۆیی بووە یان گۆرقەرەج؟! | ٧٧ |
| حاجی قادر لە کۆیە ژیاوە ، بەلاّم کۆیی نییە | ٨٤ |







| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| حاجی قادری شاعیر دەربەندی و ئۆمەرگومبەتی بووە | ٨٨ |
| حاجی قادری گۆرقەرەجی و گێڕانەوەی بەرماڵی پێغەمبە(د.خ) لە ئەستەمبوڵەوە بۆ کەرکوك | ٩٤ |
| بەیتێکی حاجی قادرو بۆچونێکی تر | ١٠٠ |
| گۆرقەرەج، گوند بووە نەك دەوارو ڕەشماڵ نشین | ١٠٥ |
| حاجی قادری کۆیی، لە بلاّوکراوەی تاك بوونی هەیە و لە شارۆچکەی تەقتەقیش وونە؟! | ١٠٨ |
| قوربان چۆن(حاجی)تان کرد بە کۆیی ..؟! | ١١٠ |
| بامنیش لە نێوانتاندا، لەگەورەیی حاجی دوو قسان بکەم | ١١٥ |
| حەزرەتی حاجی و بواری ڕۆژنامەوانی | ١١٧ |
| حەزرەتی حاجی و جنێو! | ١٢٢ |
| بەشی سێهەم............ پاشکۆی وێنەکان | ١٢٩ |